تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

خەزنەی جەواهێر

کۆمەڵە شیعرێکی ئاینی و ئەدەبییە

لەگەڵ

مەنزوومەی (اسماء الحسنى) و (سلسلة المشايخ النقشبندية)

دانراوی:

مەلا ئەحمەدی قازی پەنجوێنی

خەزنەی جەواهێر

کۆمەڵە شێعرێکی ئایینی و ئەدەبی یە

لەگەل

مەنزوومەی (اسماء الحسنى) و (سلسلة المشايخ النقشبندية)

دانراوی :

مەلا ئەحمەدی قازی پێنجوێنی

سرشناسه : قازی،احمد ۱۹۲۰-۱۹۸۳ م.
عنوان و نام پدیدآور : خه زنه ی جه واهیر/دانائی که حمه دی قازی
مشخصات نشر : سنندج:انتشارات شیخی،۱۳۹۱.
مشخصات ظاهری : ۱۸۵ص.
شابک : ٩٧٨-٦٠٠-٦٣٥٨-١٥-٤
وضعیت فهرست نویسی : فیپا
یادداشت : کردی
موضوع : شعر کردی -- قرن ١٤
رده بندی کنگره : PIR۳۲۵٦/ س ۱۳۹۱۷٤۳ ۲٤ق
رده بندی دیویی : ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی: ۳۰۰۰۷۳۷

شناسنامه کتاب

نام کتاب : خه زنه جه واهیر
مؤلف : ملا احمد قازی
ناشر : انتشارات شیخی
نوبت چاپ : اول
تیراژ : ۳۰۰۰نسخه
قیمت : ٦۰۰۰تومان

انتشارات شیخی
سنندج.پاساژ عزتی
۰۸۷۱ - ۲۲۵۴۱۵۲

مرکز پخش: سنندج - خیابان شهداء - پاساژ عزتی - طبقه همکف
انتشارات شیخی - تلفن:۰۸۷۱-۲۲٥٤۱٥۲

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

بەناوی خوای بێ‌هاوتا

زانای بەرز و خواناس و ئەدیب، کەڵە پیاوی هەڵکەوتوو خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی قازی کە یەکێک بوە لە پیاوە بە نرخ و گەورەکانی سەردەمی خۆی هەموو ژیانی لە خزمەت بە ئایین و گەل و وڵاتەکەی بەسەر بردووە لە هەوڵدان و تێکۆشان ساتێک درێغی نەکردوە.

ئەم زانا خوالێخۆشبووە ناوی ئەحمەد کوری مەلا محەمەد کوری کەریم لە هۆزی وەستا حسەینە کە یەکێکە لە هۆزە ناودار و سەرەکیەکانی شاری پێنجوێنی سەر بە پارێزگای سلێمانی. باوکی بە دوو نازناو بەناوبانگ بوە یەکەم: بە خواهرزادە چونکە خوشکەزای زانای گەورە مەلا عبدالرحمان بووە کە بە پێنجوێنی بەناوبانگ بووە.

دووەم: قازی چونکە زانایەکی هەڵکەوتوی ناوچەکە بووە و لە لایەن میری ئەو سەردەمەوە کراوە بە قازی و مزگەوتێکی بە ناوی مزگەوتی قازی لە پێنجوێن بۆ دروست کراوە و بووە بە ئیمام و وانەبێژ و مودەریسی ئەو مزگەوتە

ئەم گەورە زانا لە ساڵی ١٩٢٠ زاینی بەرابەر بە ١٣٣٨ کۆچی لە شاری پێنجوێن چاوی بە دنیا هەڵهێناوە هەر لە تەمەنی منداڵیدا دایکی کۆچی دوایی ئەکات.

سەرەتای خوێندنی لە خزمەت باوکیدا دەست پێ‌کردوە و پاشان بە شێوەی یاسای ئەو سەردەمەی کوردستان بۆ فەقێیی و خوێندن کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە لە ناوچەی سلێمانی و قەرەداغ و

سەنگاو و بیارە و چەند شوێنێکی‌تر لە کوردستانی عێراق خوێندویەتی و ئینجا ڕۆیشتوە بۆ کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی بانە و سەقز و موکریان و مهاباد و شنۆ و لاجان خوێندویەتی وە لە مەدرەسەی زانای گەورە خوالێ‌خۆشبوو مامۆستا مەلا سەی حسەن واژی ماوەتەوە یەکێ بووە لە خۆشەویستانی ئەو مامۆستایە. لەپاش تەواو کردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بۆ شاری پێنجوێن وە لە خزمەت زانای گەورە مامۆستا مەلا عارف، مودەریسی مزگەوتی پاشای پێنجوێن ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و لە مزگەوتی باوکی (مزگەوتی قازی) بوەتە مودەریس و پێش‌نوێژ وە لە ساڵی ١٩٥٩ز بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شاری سنە و مەریوان ماوەتەوە و دواجار گەڕاوەتەوە شاری پێنجوێن و تا ساڵی ١٩٦٥ز لە پێنجوێن ماوەتەوە دواجار رووی کردوەتە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی (سەید ئەحمەدی نەقیب) بووە بە پێش‌نوێژ و کاتەکانی بە خواناسی و ئامۆژگاری و نوسین و هەڵبەست بەسەر بردووە.

ئەم زانا گەورەیە پەیوەندی بە تەسەوفەوە بووە و لە خزمەت شێخ عەلائەدینی بیارە تەمەسوکی بە تەریقەی نەقشبەندی کردووە و لە پاش لە دنیا دەرچونی شێخ عەلائەدین تەمەسوکی کردووە بە حەزرەتی شێخ عوسمان وە سۆزێکی تایبەتی بۆ ئەم مورشیدەی هەبوە.

دوای تەمەنێکی بە بەرەکەت، لە شەوی هەینی ١٢ئابی ١٩٨٣زایینی بەرانبەر بە ٤ذی‌القعیدەی ساڵی١٤٠٣ کۆچی لە شاری سلێمانی گیانی پاکی بە پەروەردگار سپارد و لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە پەنای گۆڕی شێخ مەعروفی نۆدێدا سەری نایەوە.

حەمد و سەنا

سەنا و ستایش بە بێ ژمارە
هەر لە بۆ خودای پەروەردگارە
خالقی ئەجرام عولوی و سوفلی‌یە
گیان بەخشی حەیوان وەحشی و ئەهلی‌یە
نەزم ئارای بینای قەسری عالەمە
نوری شعوردەر بەنی ئادەمە
نەموحتاج بەکەس نە بە خورد و خەو
عالەم سەراسەر موحتاجن بە ئەو
دائیرەی ئیمکان لە حەوزەیایە
زەمامی زەمان لە قەبزەیایە
دەریای سەلات و سەلامی بێ پەی
شەپۆل دا بۆ سەر موستەفا پەی پەی
بەری لە جەزری نەقس و نیهایەت
مەددی بۆ ئەبەد بکا سیرایەت
تیر ئاوکا باغی فەزل و مەعالی
سەروی ئەسحاب و نەهالی[1] ئالی

---

[1] - نەمام

دابگــرێ چــەمــەن فیرقــەی تــابیعین
(رضـــــی الله عـــــنهم اجمعـــــین)

دانانی بە هۆی قسەی رەخنەگران لە پێشینیان کە
هەر ئایین پەروەر بوون

چــوم لــە (صــیدلی)[١] ئایــاتی کــەونــی
دەرم هێــنا چــەن شوشــەی پڕ مــەعنــی
یــانێ ئــەدویــەی (ادڵــە)ی مــەعقــول
کــە هــۆی شــیفا بــن بــۆ دەردی مــەعلــول
بــەهــۆی تــەرەقــی پیشــە و (صــنایع)
پــەیــدا بــوونی چــەنــد شــتی(بــدایع)[٢]
گـــۆڕانی وەزع و دەســـتوری تـــازە
ئـــایینی ئیســـلام ئیمـــڕۆ بـــێ نـــازە
غــەرەز لــە ژیــان دنیایــە تــەنهــا
(معــاد)[٣] ناویشـــی هاتـــە ئینتیهـــا
بــە تێــکەڵ بــونی بێــگانە (بالکــل)
بینــای حــوکمی شــەرع کــەوتــە (تزلــزل)

---

[١] - دەرمان خانە(داروخانە)
[٢] - جەمعی (بدیع)ە یانی تازە
[٣] - قیامەت

بە پەتی تەقلید تـون تـون لـەم عـەسـرا
وەک ئەسیر هـەر دوو باڵـی دیـن بـەسـرا
حـەتتـا زۆر کـەسـی بـاوک مـوسڵـمان
دڵ چۆڵـــن ئێســتە لــە نــووری ئیمــان
وا ویڵــن لـە ڕێــی مـەزهـەب و ئـایین
بێ ئـەدەب لـە گـەل (عنعنـاتی)[1] دیــن
ئـەگـەر بتناسـن بـە شـەخسێ دینـی
لــە ڕویــان گــرژی کینــە ئــەبینــی
وە یــا بــزانن کــەســێ بـەو داوە
پێــی پێـوە نـەبـوە دڵ ســادە مـاوە
دەوری لـێ ئـەدەن لـە هـەمـوو لاوە
ئــەڵێــن دڵســۆزین تــۆش وەرە نــاوە
بە چەشـتەی قسـەی حـەقیقـەت بـەتـاڵ
ورد ورد ئەی کێشـن بـۆ تـەڵـەی(ضلال)
ئــەڵێــن گــۆڕانی ئــەم ئــەوزاعاتــە
ئــەم هــەمــوو (فــن) و (اختراعــات)[2]ە
وەک (زەرر) ە و (صارخ) تـەیـارە و رادیـۆ
بـەرق و لاسـلکی[3] یـا (تـەلـەفزیـۆ)

---

[1] – ئاماژەیە بۆ فەرمودەکانی پێغەمبەر کە بەشێکی بە فەرموودەی (مُعنعن) ناسراوە.
[2] – جمعی (اختراع)ە یعنی داهێنراو
[3] – بێ سیم ؛ بێ وایەر

ئـــەمانـــە و بـــاقی (صـــنایع) هـــەمـــوو
لـــە پێـــش ئێـــمەوە وجودیـــان نـــەبـــوو
دیـــارە پێشـــینان پڕقســـور بـــوو ون
کـــە لـــە زانینـــی ســـەنعـــەت دوور بـــوو ون
دائـــم خـــەریکـــی بـــەرزی ئـــایین بـــوون
بۆیـــە لـــە عیلمـــا پـــەســـت و پـــایین بـــوون
چونکە دین نەیهێشـــت زانســـت ســـەرکـــەوێ
کـــەوابـــوو ئێـــمەیـــش بـــا نـــەمانـــەوێ
بـــەم چـــەشـــتە کـــەوا لـــە لایـــان شـــەکـــرە
ئـــەممـــا حـــەقیقـــەت ئامێـــتەی زەهـــرە
لە پیاڵەی تەقریر وای پـێ نـۆش ئـەکـەن
ئەویش بە بوغزی دین نەخـۆش ئـەخـەن
بـــە جۆرێـــکی وا رۆ چـــوون لـــەمـــا
کـــەڕن لـــە ئیلقـــای[١] وەعـــزی عولـــەمـــا
لـــە دەوای دەلیـــل (مَنقـــول) مـــەلـــولن
موحتـــاجی حـــەببـــی (حُجّـــە)ی (معقـــول)ن
بـــەکۆمـــەکـــی خـــوای تـــەوانـــای تـــەنیـــا
بـــە ئیمـــداداتی رۆحـــی ئـــەولیـــا

---

[١] – وەرگرتن

چـوم لـە (صـیدلی) ئایـاتی کـەونـی
دەرم هێـنا چـەن شیشـەی پـڕ مـەعنـی
یـانێ ئـەدویـەی ئـەدیللـەی (معقـول)
کـە هـۆی شـیفا بـن بـۆ دەردی (معلـول)
بـەلاّم (أطبّـا)ئـەلێـن پێـش دەوا
لازمـە نـەخـۆش (مُسـهل)ێ بخـوا
تادڵـیش نـەکـرێ لـە شـک (تنقیـە)[1]
دەرمـانی (بُرهـان) فائیـدەی نییـە
دوایـی بـە دەرزی دەلایـل ئـاوی
حـوبی دیـن ئـەشـێ بچێـتە نـاوی

پیشەکی

جگـم لـە ئـەخبـار خـارجی و سـادق
سـەبـەب زانسـت بـە حـوکمی خـالق
دوو حاسـەی بینش[2] هـەیـە بـۆ بـەشـەر
یەکـەم لـە لـە سینە دووەمیـان لـە سـەر
حاسـەی بینشـی سـەر نـاوی چـاوە
ئـەمیتـر یـا دڵ یـا عـەقڵـی نـاوە

---

[1] – پاک
[2] – زانین

بەشی چاو تەنها چشتی (حسن)ی یە
دڵ مەعقولات و ئەمری قودسی‌یە
غەڵەت نابینێ قەت چاوی سینە
بەڵام چاوی سەر زۆر غەڵەت بینە
مەسەلا چاوت ئەڵێ ئەستێرە
کەمترە جورمی لەیەک کولێرە
عەقڵ ئەڵێ نەخێر ئەستێرە بەرزن
زۆریان گەورەتر لە حەجمی ئەرزن
یا لە هەتاوا بتەوێ وەختێ
تاوێ بچێتە سایەی درەختێ
بە سێبەرەکە ئەڵێی وەستاوە
چاوت نابینێ بچێ بەولاوە
بەڵام چاوی دڵ ئەڵێ ئەوسایە
تاو لە گەڵ تاودا لە ڕۆیین‌دایە
یا ئەوەی کەوا لە قەتارا
ئەبینی وەستاو گشت وا لە غارا
وەیا خود انسان کەژو کێو لە ئاو
بە عەینی خۆیان ئەبینی بە چاو
دڵ ئەڵێ هەر دوو غەڵەتی چاوە
ئەمیانە عەکسە ئەویش وەستاوە

چەند شتێ‌تریش کە نەوتراوە
عەقڵ بۆ زانین چاو ساقی چاوە
کەوابوو ئیتر تۆ کە ئینسانی
پێویستە ئەوە بە دڵ بزانی
عالەم ئاوێنەی باڵا نومایە
هەر وەک نەزەر لەو فیکریش لە مایە
گەر لادەی پەردەی غەفڵەت لە سەری
ڕێک دڵت بگری لە بەرابەری
لەو ئاوێنەدا تۆ بە یەقینی
(صانع)ی (قدیر) بە دڵ ئەبینی
فەرمویە حەزرەت (علیه السلام)
بیر مەکەنەوە لە خوای عەللام
بەڵام فەرمویە (تفکر) لە خەلق
بکەن بۆ ناسین خەلاقی (مطلق)
وایە؛ چوون بە بێ واسیتە نەزەر
لە ڕۆژ، نوری چاو ئەدا بە هەدەر
بەڵام گەر نەزەر لە تەشتێ ئاوا
لە ڕۆژ کەی زەرەر ناکەی لە چاوا
هەروا (تفکر) لە زاتی یەزدان
عەقڵ گێژ ئەکا و عاقڵ سەرگەردان

بــە بــێ واســیتەی نــەزەر لــە(مصــنوع)
فکــر لــە (صــانع) ئــەمرێــکە مــەمنــوع

بیرێک لە سەرە تای دروست بوون[١]

ڕۆژێ ســـەعـــاتێ بـــەر لـــە مردنـــت
بـەر لــە دەمــی خــاک بـەســەر کردنــت
بــڕۆ لــە جێــیەک بــێ دەنــگ و ســروە
پارچــەی ئــەفکــاری مــوفیــد بــدروە
تێفکرە یەک یەک هەر لە نــەفســی خــۆت
لــە وەحشــی ســەحــرا تــا حــەیــوانی دۆت
لــە دار و لــە بــەرد لــە ئــاو لــە هــەوا
لـــە ئاســـمان و ئـــەوەی وا لـــەوا
گەر شوشــەی عــەقــڵ و شــعور نــەرێــژێ
شــەربــەتــی شــەهــدی ئیمــان ئــەچێــژێ
لــە نـــەفســـی خۆتـــۆ بـــڕۆ بـــەرەوژوور
شەریــف لــە ڕەشــید ڕەشید لــە غــەفــور
ئــــەم(تسلســــل)ە زۆری پــــێ نــــاوێ
هــەمــوو ئــەچنــەوە ســـەر ژن و پیـــاوێ

---

[١] – ئەم دوو بەیتە بە خەتێکی جیاواز لە سەرەتای ئەم شێعرانەدا نووسراون:
سەفەری ئایات ئەخاتۆ بیرت ××× بیر لە ئافاق و نەفس تەدبیرت
ئێستە با بیرێ لە نەفسۆ بکەین ××× بە بیر لە نەفسا بە خودا ئەگەین

هەر وەها وەحشی و حەیواناتی دێ
بە نێر و مێیە نیهایەتیان دێ
سەبەبی چی بوو لە یەک مەکانا
دوو دوو دروست بوون لە یەک زەمانا
پێم بڵێ بۆچی وەکو یەکەم جار
جگە لە دوو دووی زوو بە (استمرار)
ئەم ئەرزە نەبو بە کارگای ئیجاد
بۆ نەوعی حەیوان یا ئادەمیزاد
ئەو بۆ زوو نەبو ئەمی تری دێر
ئەمە بۆ مێ بوو ئەوی تری نێر
بۆ پەیدا نەبو ئەمیان لە تورکا
ئەویان لە نرویج یا لە دانمارکا
لەو بەینا بۆچی هیچیان نەمردن
مانەوە لە بۆ (تناسل)کردن
ئەنواعی حەیوان دوو دوو یەک بگرێ
ئەندامیان هەر وەک یەک دروست بکرێ
لوت هەر وەکو لوت دەم بە وێنەی دەم
دەست و پێ وەک یەک بە بێ زیاد و کەم
گوێ هەر عەینی گوێ سەر بە میسلی سەر
ئەعزای دەرونیش هەموو وەک هیدەر

هەر لە یەک (عضوا) فەرقیان خراوە
نێری بەو ؛ مێیی بەمیان دراوە
ئەویش بۆ (صلاح) یانی زاوو زێ
ئەمە بوو بە نێر ئەویتر بە مێ
جا گوایە ئیتر لەلاتۆ کەمە
کە ئەمە خەلقی خوای عالەمە

بیرێ لە سودەکانی زەوی

ئینجا ئەم خاکە کەوای لە سەری
بروانە لە بۆ سود و سەمەری
ئەوەی پێویستە بۆ وەزعی بەشەر
لە نەوت و لە خوێ لە زیو و لە زەڕ
لە (فلزیات) هەر چیت پێ ئەوێ
تێیدا مەوجودە پەکت ناکەوێ
هەڵ قوڵێنی ئاو لەو بن بەردانە
هاژە هاژی لەو شیوو هەردانە
پاش بەینێ کە دێ یەک ئەگرێ و ئەروات
ئەبێ بە (شط)ێ وەک دجلە و فرات
هەر لە ئیبتدای خەلقی دنیاوە
ئەروات و پۆنگی نەهاتە دواوە

یــا ئــەوە ئــەروا و مــەحــو ئــە بێــتەوە
یــا عــەینــی ئــەوە دیســان دێــتەوە
هــەر کامێــکی بــێ تــەرتیــبێ وایــە
تــەدبیــری تــەنهــا لایــەق بــە خوایــە
خــاک لــە زەڕ و زیــو زیــو و زەڕتــرە
چــون ئــەم بــە پیــت و خــاوەن فــەڕتــرە
(عنصــر)ی زەوی گــەر خــاک نــەبوایــە
وا نــەرم و بــە ئــاو نمنــاک نــەبوایــە
تــەڵا بوایــە یــا مــس یــا ئاســن
بــێ کــەڵــک ئــەماوە گــا جــوت و گاســن
ئــەم(محصــولات)ە لــەم دەشــت و شــاخە
ئــەم هــەمــوو میــوەی بێســتان و باخــە
بــە ئــاوی بــاران یــا خــود بــە کانیــاو
هــەر یــەک بــە وەختێ بۆمــان دێتە نــاو
بــەهــۆی ئــەوەیــە کــە زەوی خاکــە
کــەوابــوو ئیتــر بزانــە کاکــە
ئــەم تــەدبیــر و تــەرتیبــە عالــە
دەســتوری خــوای ساحێــب جــەلالــە

بیرێ لە سودی ئیجادی هەور و هەوا

ئـــەم هـــەوا کـــەوا پـــاک و لـــەتیفـــە
لابـــەری بـــۆن پـــیس و کـــەسـیفە
لــە هــەمــو شــتێ پێــی موحتــاج تــری
ئــەو نــەبــێ بــە ســێ دەقیقــە ئــەمری[1]
بۆ ســەوزی و درەخــت (طیــور) و حــەیــوان
ســەبــەبــە لــە بــۆ نــەشــئو نومایــان
(ســـائق)ی هـــەوره بـــۆ ئـــەو جێـــیانە
کـــــەوا موحتـــــاجی ئـــاوی بارانـــــە
کـــەوا بـــوو هـــەوریـــش هـــەوای پـــێ ئـــەوێ
کـــوێ وشـــک و دێـــمە روی بکـــا لـــەوێ
هـــەر وەکـــو ئـــەڵێـــن هـــەور(مکهربـــە)
نـــەوعێـــکی (ســـالب)نـــەوعـــێ(موجبـــە)
هـــەردوو لـــە یـــەکتـــر (متنـــافرن)
بـــێ شـــک لـــە خـــۆوە قـــەت یـــەک نـــاگرن
هێـــزی بـــا لـــە گشـــت لاوە پیـــا ئـــەگـــا
(تلقـیح)ی (موجـب) لـە (سـالب) ئـەکـا
موئـــەیـــدە بـــۆ ئـــەمـــە وازیحـــە
(أرســـــــــلنا الریـــــــاح لـــــــواقح)ە

[1] - (بە حەسەب عادەت ئەو نەبێ ئەمری) نسخە

لــە دەریــای هــەوا ئــەکــەونــە مــەلــە
ئــەگــەر (طیـار)ە وە یــا خــود مــەلــە
هــۆی گــەیشــتنی دەنگــە لــە بــۆ گــوێ
چ نزیـــک بـــە دەم چ دوور بـــە رادوێ
کــێ بــوو بــزانێ بــەغــەیــری خــوا
کــە بــۆ ئــەمانــە پێویســتە هــەوا
حــەرەکــات هیچــی بــێ هــەوا نــابێ
هــەواش بــە خــودا بــێ خــودا نــابێ
ئــەسباب بــە پلــەی ئیمــان بزانــە
بــەوە (مسـبب) تــەنهــا یــەزدانــە

بەیانی کەمێ لە سودەکانی رۆژ

وا فــەرشــی خاکــت بــاش بــۆ داخــرا
ئــەوەی پێویســتە بــۆت دروســت کــرا
بــەڵام چــی ئــەکــەی تــۆ بــە تــاریکی
مــەعلــوم موحتــاجی (الکتریــک)ی
جــا لــەگــەڵ عیبــرەت ســەرت هــەڵــبڕە
پــەردەی ئــەفکــاری ژینــت دادڕە
بڕوانــە بــۆ ئــەم گڵــۆپە جوانــە
دوور و نزیکــی لــەلا یــەکســانە

نــە موحتــاج بــە ڕۆن نــە بــە بــەنزینــە
دایــم کــار ئــەکــا بــە بــێ مــەکینــە
نــە دوکــەڵ ئــەگــرێ پــاک بکرێــتەوە
نــە هــەرگیــز ئــەشــکێ چــاک بکرێــتەوە
نــە ئــەونــدە نزیــک کــە کــەس ببــرژێ
نــە هــەنــدەش دووره ســەرمــا بیکــوژێ
هـــۆی وشـــکۆبوونه بـــۆ (مرطبـــات)
زیــاد لــە ئــەنــدازەی حیــوان و (نبــات)
(فصــول)ی ســاڵ و ڕۆژ شـــەو هـــەر دوو
لــە حــەرەکــەی ئــەو تــەولــدیان بــوو
لـــە وەزعـــی ڕۆژ و شـــەو لـــە ئینتیقـــال
پەیدا بو بۆمان هــەر چــوار فــەسڵــی ســاڵ
هـــەمـــوو نیـــزامێ نــەمـــا تـــا ژیـــان
چانـــــدنی تـــــوو و دار و درەختـــــان
پشـــکوتنی گـــوڵ تـــەقینـــی کـــانی
روانـــی دەغـــڵ و بـــەرهـــەم هێـــنانی
چــەنــد ســودی تــریش کــە بــێ ژمــارەن
بەهــۆی گــەردش و ســوڕی ئــەم چــوارەن
بڵــێ بــەو کــەســە ئــەڵــێ ئــەم ئــەرزە
(منفصـــل) بـــووه لـــەو ڕۆژه بـــەرزه

پـــاش کوژانـــەوە لـــە(اســـتنقاع)ی
بـــە(تطـــور)ی خـــاڵ و ئـــەوزاعـــی
پـەیـدا بـووە ئـەم شـەت و دەریایـە
ئـــەم حـــەیوانـــات و درەخـــت و گیایـــە
ئـەگـەر لـە خـواوەپێـت وایـە ئـەڵـبەت
(فتقناهمـــا)[1]ت کـــردوە بـــە (حجّـــت)
وەر لـــە خۆتـــەوە وەهمـــت وا جـــووە
یـــا لـــە پێشـــینان وەهـــات بیســـتوە
وەهمـــی پـــەتیـــارەت پـــەتـــی چـــڕیوە
ئـەسلێشـت کـەونـی هـەر وەهـا دیـوە
ئـەی رۆژ ئـەی هـەوا و (اجـرام)ی گـران
کەی بون لە چیی بوون چـۆن دروسـت کـران؟
ئـــەم رۆژە یـــەکجـــار زۆرە(خـــواص)ی
کـــەمێـــکی نـــەبـــێ بـــاقی ناناســـی
دەرەجـــەی گـــەرمـــی وایـــە تـــەئسـیرکا
کـەمـێ لـە ئـاوی دەریـا (تبخیـر) کـا
هـــەوا ســـەری خـــاو کـــۆی بکاتـــەوە
دیســـان بـــە ئـــاویی رۆی بکاتـــەوە

[1] – ئامازەیە بە ئایەتی ٣٠ سورەتی الانبیاء

بەسەر کەژ و کێو شیوو زەوی و زار
بۆ ژینی دەغڵ و درەخت و گوڵزار
جا بروانە بۆ ئەم هەموو سودە
کە لە(مفاز)ەی (کون)ا مەوجودە
گەرمی بە رۆژ دان ئاو(تبخیر)کردن
بە هێزی هەوا تەم و مژ بردن
کۆبێتەوە و سەر کەوێ بە تاو
بۆ چینی سەردی هەم بێ بە ئاو
کۆ کردنەوەی و سەرخستنی بۆ
تەبەقەی سەردی و بە ئاو بێتۆ
بێتەوە بۆ ئەرز لە چینی بەرزی
بە نەرمی و وردی لە گەل (تجزّی)
ساراو شیوو کەژ بە گوڵ نەخشین کا
هۆی ژینی چین چین رۆحلەبەر شین کا
هەر یەک لە جێی خۆی ئەدا شەهادە
لە سەر خالیقی ساحێب ئیرادە
کە ئەم نیزامە پڕ لە حیکمەتە
دەرچوی کارخانەی عیلم و قودرەتە

هیلال و میسال

هـیلال کـه کاتـت بـۆ حیسـاب ئـەکـا
جگـەری مادیـت بـۆ کـەبـاب ئـەکـا
بـە پێـی تقابـل رۆژ بـە جـوزئی مانـگ
تا چوارده نوری زیـاد ئـەکـا شـەش دانـگ
دووبـاره(مُحـاق)ه زەعفـی پـێ دێـنێ
لـە سـیدا نـووری گشـت لـێ ئـەسێـنێ
ئـەمـیش حیسـابی مانـگ و سـاڵ ئـەکـا
لـە ژەنگـی خـەیـاڵ دڵ بـێ خـاڵ ئـەکـا
وەک هێـزی(تجفیـف) بـە رۆژ دراوە
مـانگیش بـە (تَرطیـب)(تَوظیـف) کـراوە
(حُجـة الإسـلام) شێـخی غـەزالـی
رەحمـەت لـە خـۆی و ئـەهـل و عـەیـالی
کە سەرپاک ئـەهلـی فـەنـی(فـەلسـەفـە)
بـە عـیلم و فـەزلـی ئـەو (مُعتـرِف)ه
فـەرمویـە: ئـەو گشـت ئـەستێـره بـەرزە
هەر یەک وان له سەر شکلـی ئـەم ئـەرزە
بـەعزێـکی بچـوک بـەعـزێ گـەورەیـە
لـە رەنگیشـیانا تـەفـاوت هـەیـە
ئـەمـە لـەو نزیـک یـا ئـەو لـەم دووره
(اقتضـای)حیکمـەت بـەوه زەروره

جا هەر کەس تـەمـی (إغـوای) شـەیتـانی
دانــەگــرێ نــووری چــرای ئیمـــانی
ئـەزانــێ کـە ئـەم نـەزمـە غـەریبـە
بینـای ئـەم قـەسـرە ئابـەم تـەرتیبـە
چـۆن لـە خۆیـەوە وا پـەیـدا ئـەبــێ
عـاقڵ لـە قسـەی وا شـەیـدا ئـەبـێ
لـەو شێـتە پرسـە کـە وا لـە هـەردا
خـاکی بـێ هۆشـی ئـەکـا بـەسـەردا
بڵــێ ئــەو بینــا کــەوا دیــارە
بــێ دەس لێـدانی وەســتا و میعمــارە
وە یـا لـە بـەرمـا ئـەم پارچـە کـەوا
بـێ وەسـتا تـەنـرا بـێ خـەیـات دروا
بزانــە چلــۆن شــان کــا بــە چێــوا
خرابتــر لــە خــۆی بتکــا بــە کێــوا
گسـکی ئـەم بیـرە بـۆ شـەخسـی عـاقڵ
خـەوش و خالـی غـەش ئـەمالـێ لـە دڵ
ئـەوەش بـە(مـادی) و (الحـاد) مـەوسـوفە
بـە چـاو ئـەوەوە شێـت فـەیلـەسـوفە
مەعلومـە لـەلای گشـت ئـەهلـی عیرفـان
کـەون قــەسرێـکە زۆر درێــژە و پــان

سەقفی ئاسمان جوان و رازاوە
مانگ و رۆژی پیا هەڵواسراوە
بە ئەستێرەی گەش زینەت دراوە
هەر یەک چەند ئیشی پێ سپێرراوە
زەمینە فەرشی ئەم قەسرە گەورە
بە نیعمەتی زۆر دراوە دەورە
هەور و رەعد و بەرق لە بۆ ئاو رشێن
سرووەی شەماڵیش پانکە و باوەشێن
فریشتەی خودای ئەهلی ئەم بینا
چ لە ئاسمان چ لە زەمینا
(تصرف) ئەکەن لە خوارو لە ژوور
ئەم فریشتانە بەگوێرەی دەستوور
خاوەنی ماڵیش حەق تەعالایە
ئاگای لە ئەهلی پەست و باڵایە
لای بەعزێ فەهمی ئەمە گرانە
چون فکری گێژی چەرخی ژیانە
میسالی ئەمە وەک ماڵێکی عال
پڕ لە ئەساس و تفاق و عیال
لەو ماڵەدا بێ دوو شارە مێرو
تەسادف بکەن بە یەکتری دوو

لـە ئـەوزاعـی یـەک بکـەونـە پرسـین
ئـەحوالـتان چۆنـە تێـرن یـا برسـین
بـەغـەیـری وەزعـی ژیـانی خۆیـان
مـەوزوعێـکی تـر نابیسـی لێـیان
ئیتـر نـازانن کـە ئـەمـە ماڵـە
پـڕ لـە ئـەسـاس و ئـەهـل و مناڵـە
بـێ عـیلم و خـەبـەر لـە وەزع و ئـەحـواڵ
نـەمـاڵ ئـەناسـن نـەساحێـبی مـاڵ
ئێـمەش هـەر ئـەونـە لـەمـە ئـەزانـین
دیـارە وەک مێـرو بـەسـتە زوبـانین
ئـەمما چـون مێـرو یـا بـاقی حـەیـوان
دووربینـی عـەقـڵ نـەدراوە پـێیـان
کـەس نیسـبەت بـەوان ناکـا تـەسـەوور
قابـل بـن لـە بـۆ بیـر و تـەفـەککـر
بـەڵام خـۆ ئیمـە وەکـو ئـەوان نـین
لـە کـەونـا ئـەگـەر تـووی بیـر بچێـنین
لە مەزرەعەی بیر هەڵ ئـەگرین خـەرمان
دەغڵـی عیبـرەت و برنجـی عیرفـان
خـودا بـە چاکـە کـەسێـک وەسـف ئـەکـا
کـەبیـر لـە سـەمـاو زەوی(صَـرف)ئـەکـا

بلـــێ ئاســـمان هـــەر ئـــەوە نییـــە
بلێـــی ئـــەبیـــنم شـــینی و پانییـــە
چـــونیش ئـــەو گشـــت شـــینی و پانییـــە
ئـــەبیـــنێ و لایـــق مـــەدحـــی خـــوا نییـــە
(مُجمـــلا) بیـــرێ لـــە خـــەلقـــی ئـــەعـــزات
بکە بە سەر مـەشـق بـۆ ئـەرز و سـەمـات

بیرێ بە کورتی لە ئەندامی لەش

بزانـــە ئـــەسلـــت نـــەختێ مـــەنـــی بـــوو
چلـــمە لـــەتـــەیـــە خـــوار و دەنـــی بـــوو
گـــەر تـــۆزێ لـــە ســـەر زەویـــت دانایـــە
ئـــەبـــو بـــە تـــۆزێ تـــۆزی بـــێ مایـــە
ئـــەوجـــار بـــۆ ئـــەوە کـــە پـــەروەردە بـــێ
خـــوا حـــوببی خســـتە بـــەینـــی نێـــر و مـــێ
لـــە وەختـــی(وِقـــاع) ئیجـــرای پـــێ ئـــەکـــات
تا لە مـــێ بـــە جێـــی مـــەخسوســـی ئـــەگـــات
ئـــەم نوتفـــە ســـپیە لـــە پاشـــی بـــەیـــنێ
ســـوور ئـــەبـــێ ئـــەبـــێ بـــە پارچـــە خوێـــنێ
دووبارە ئەویـــش لـــە پـــاش چـــەنـــد زەمـــان
گۆشـــت پـــارە ئـــەکـــا ئـــەبـــێ بـــە ئێســـقان

سەیری ئەم نەختە نوتفە ئاوی‌یە
کە ئەجزای هەموو متساوی‌یە
چۆن ئەبێ بە خوێن بە رەگ و ئەعساب
بە گۆشت و بە ئێسک بە وردە ئەسباب
ئەندامی دەرت وەک (تدویر)ی سەر
لێجیا بونەوەی چاوت بۆ نەزەر
وە یا (مَنافذ)دەم و لوت و گوێ
(محلی) (خروج) ئیتر چیت ئەوێ
(تَمدید)ی دەست و نینۆک و پەنجە
وەک ئەعزای بەدەن کە یەکەم گەنجە
گەر بەدەن دارای جمگە نەدەبو
محاڵ بو لە بۆ بەشەر هاتوچو
(صانع) ئەی زانی تۆ بە هاتوچو
موحتاجی بۆیە عیلاجی فەرموو
دەرونیش جەرگ و سی و میعدە و دڵ
مەسانە و زرا و ریخۆڵە و سپڵ
ئەم ئەندامانەش کە ناو براون
بە چەند ئەجزایە تەقسیم کراون
مەسەلا کە چاو حەوت تەبەقەیە
هەر یەک وەسفێکی مەخسوسی هەیە

یەکێک لەم حەوتە ئەگەر نەمێنێ
ئەو چاوە ئیتر کوێرە نابینێ
وەرە سەر سەیری ئەم گشت ئێسقانە
لەو نوتفەوە ئەو ئێسکە ڕەقانە
دارای ئیختیلاف شکڵ و (مقادر)
بەعزێکی درێژ بەعزێ(مستدر)
پتەو و کلۆر باریک بەعزێ پان
بە گوێرەی حاجەت حەرەکەی ئینسان
وەتەر[١] یانێ ژێ سەری (مفصل)ی
پێکۆ بەستووە بە(مُکمل)ی
سەریش لە پەنجا و پێنج پارچە ئێسقان
شکڵ و میقداریان لە یەکتری جیان
شکڵی (کُرَوی) لێ هەڵخراوە
شەشیان بۆ کەللە (تخصیص) کراوە
چواردەیان لە بۆ شەویلەی سەرو و
دووی تریان عاید شەویلەی خوارو و
باقیش عیبارەت لە خرێ و لە دان
لەوانیش برێ تیژ و برێ پان

---

١ – لە خەتەکەدا (ئەوتار) نوسرا بوو

ئـــەو قیســــمە تیــژن لــــە بـــۆ بـــڕینن
بـــاقیش بـــۆ چشـــتی (غلــیظ)هـــاڕینن
(مرکـــب)ە مــــل لــــە حـــەوت مورۆلـــە
یـــانی خــــەرەزە گــــەورە و بچکۆلــــە
بـە میقـدار لـە گـەڵ یـەک موختـەلـیفن
ئـــەمما (مســــتدیر) دارای(تجـــویفن)
لـە گـەردنـەوە تـا ئێسـکی(عـەجـەز)
لـە پشـتا هـەیـە بیسـت و چـوار خـەرەز
(عـەجـەز) سـێ ئێسـکی پێـوە (مخـتص)ە
هـــەرە خوارویـــان نـــاوی(عصـــعص)ە
(عصـعص)یـش بـە سـێ جوزئـا(مقسـوم)ە
لـە عیلمـی (طـب)ا هـەمـووی مـەعلومـە
مـەتلـەب ژمـارەی ئێسـک و رەگ نیـە
غـەرەز مـەعریفـەت بـە[1](مکـون)ی یـە
(فـــن)ی (تشــــریح) و عیلمــــی(أطبــا)
نـاوی هـەمویـان بـە تـەفسیل ئـەبـا
بـــەڵام نـــەزەریـــان هـــەر بـــۆ عیلاجــە
بـــزانن نـــەخـــۆش بـــە چـــی موحتاجـــە

١- وادەردەکەوێ «بە» زیادە بێ

بــەمــە (اســتدلال) ئــەکــەن (اکــابر)
لــە ســەر کــەماڵــی قــودرەتــی (قــادر)
زۆرە فــەرقــی بــەیــن ئــەم دوو تــەماشــا
نیســبەتیــان لــەگــەڵ یــەک نییــە حاشــا
ئــەو بــۆ نــەخــۆش و ئــەم بــۆ ئیســتیدلال
لــە ســەر گــەورەیــی خــودای (ذوالجلال)
چــی هــەیــە وەک مــس یــا ئاســن قــایم
ساڵێــک لــە ســەر یــەک کــار بکــا دایــم
بــێ شــک ئــەبینــی یــا تــەنــک ئــەبــێ
یــا ئــەرزێ و ئــەپــوێ و بــێ بنــک ئــەبــێ
جــا تــەماشــاکە بــە مــوددەی ژیــان
زوان هــەڵ ئــەســورێ و نایــەنــێ زیــان
وەیــا مــەعیــدە بــەو خــەفیفیــە
ســەد ســاڵ کــار ئــەکــا دڕانــی نیــە
وە یــا میــزەڵان ئــەویــش هــەر وەهــا
ئــیش ئــەکــا تــا ژیــن دێــتە ئینتیهــا
بــۆ بــەشــەر فکــرێ وا ئــەبــێ بــەهــۆی
قــووەتــی یــەقــین بــە خــالقی خــۆی
لــە بــۆ تــەحریکــی ئیســقانیش دیســان
خــەلقــی فــەرمووە خــودا بــۆ ئینســان

چەند (عَضُل)ە یەک مەجموعی ئەمە
لە پێنجسەد و سی یەکێکی کەمە
لەو (عضلات)ە بیست و چوار تەواو
موحەرریکە بۆ برژانگ و بۆچاو
ئەگەر ناقیس بێ یەکێک لەوانە
ئەو چاوە ئیتر بە کز بزانە
هەروا هەر عوزوێ بە چەند (عضلات)
تەقیید کراوە لە بۆ حەرەکات
باسی(ورید) و ڕەگ و(شَریان)
لە گەل ئەعسابا گەر بکرێ بەیان
ئەبێ کتێبێ تەشریح بهێنی
یەکە یەکەیان بە دەرس بخوێنی
ئەمما مەجالی هەیە کە بڕوا
(تفکر)بە هەر ئەعزایە لەوا
خوا ئەمانەی لە یەک قەترە ئاو
بە ڕەحمەتی خۆی هێناوەتە ناو
پشتی ئەساسە لە بۆ بەدەنی
سکی بۆ (ئالات) غەزا و خواردەنی
سەری جامێعی هەموو حەواسە
دارای تەبەقات شکڵ و ئەساسە

لــە دەنکــە نیســکێ لــە ڕەشــایی چــاو
(مــنعکس)ئــەبــێ ئاســمان تــەواو
پێڵــو بــۆ (ســیقل) گــەردی هــەوایــی
برژانــگ بــۆ جــەمعــی نــووری بینــایی
چــون وەک ســپیەتــی نــوور بــڵاو ئــەکا
ڕەشــایش جــەمعــی نــووری چــاو ئــەکا
(تودیــع) بــەو بــووە قــووەی (بــاصره)
عــەکســی ئــەجســامی تێــدا زاهــرە
هێــزی (ســامعه)یــش بــە گــوێ دراوە
دەنــگ ڕائــەکێشــێ لــە ڕووی هــەواوە
بــە دیــواری بــەڵــگ دەورە دراوە
خــەفیــف و تــەنــک دروســت کــراوە
نــە نــەرمــە نــە ڕەق بــە جۆرێــکی وا
ئــەگــەر دەعبایــەک بــە ســەریــا بــڕوا
کــڕە و دەنگێــکی وایــە لێــوە دێ
گــەر نوستبێــتیش زوو بــە خــەبــەر دێ
دووبــارە دەنگــیش کــۆ ئــەکاتــەوە
تــا بــاش لــە کــڕناخ دەنــگ بداتــەوە
کــردەوەی خــودا پــڕە لــە حیکمــەت
ئاوێــکی تاڵــی بــە مــەحــزی ڕەحمــەت

دانـــاوه لـــه نـــاو گوێـــی ئـــهم بـــهشـــهره
بـــۆ دەفعـــی هـــەوام[1] (مـــوذی) و حـــەشـــەره
دیســـــان لـــوتیش بـــه شکڵێـــکی جـــوان
لـــه نـــاوەراســـت ڕووو دروســـت کـــرد بۆمـــان
(مشتمل) به سەر دوو کـــون و یـــەک بـــەیـــن
بـــەو دوو کونانـــه ئـــەڵێـــن (مِنخَـــرَین)
بـــــــه دەماغـــــــەوه ڕەبـــــــت دراوه
(حاســـه)ی (شـــامه)شـــی تیـــا دانـــراوه
تـــا بـــاش بـــزانین بـــه (حاســـه)ی (شـــامه)
لـــــه بۆنـــا خۆشـــــی و ناخۆشـــــی کامـــــه
پێیشی وەر ئەگـــرین هـــەوای ســـاف و روون
بـــــۆ (مدافعـــــه)ی گـــــەرمـــــایی دەروون
لـــــه کـــــاتی خـــــەو وەختـــــی ئـــــاوو نـــــان
دەماغـــــه کۆمـــــەک بـــــۆ هـــــەناســـــه دان
بوخـــــاری کـــــەللەت بـــــۆ ڕائـــــەکێشـــــێ
تـــا بـــه هـــۆی دەردۆ ســـەرت نـــەیـــەشـــێ
لـــه لۆتـــا نـــەختـــێ مـــوی تـــەڕ دیـــاره
بـــــۆ گلدانـــــەوەی تـــــۆز و غوبـــــاره

---

[1] – حەشەره ، جانەوەر

ئەو پارچە گۆشتە کە لە دەم دایە
هێزی (ذائقە) و لەمسیی تێدایە
ئالەتی زانین تامی تەعامە
کامیان بەلەزەت یا کام بێ تامە
چونکە قسەی دڵ خەفی و نیهانە
تەرجمانی ئەو سەری زمانە
حەنجەرەش دارای نەوعێ شکڵ و رەنگ
بەعزێکی واسع بەعزێتری تەنگ
درێژ و کورت و پتەوو خەفیف
زبر و نەرم و ڕەق ئەستور و زەعیف
حیکمەتی فەرقی ئەم شکڵ و ڕەنگە
لە بۆ ناسین و تەمیزی دەنگە
ئەمانە هەرچی کە ناو براوە
لە سەد یەکێکی بەیان کراوە
ئەمە بێ سانیع بێ(مدبر)ێ
لەو ئاوە چلۆن وا دروست ئەکرێ
نینۆک کە ئەدنای هەموو ئەعزایە
هەر کەس کە نەیبێ هیچی لێنایە
نە وردە هەرگیز هەڵ ئەگرێتەوە
نە گرێ گۆڵەی بۆ ئەکرێتەوە

سەر پەنجەی هەموو لە کارا ئەخورێ
بۆی ناخورێ ئەگەر جێیەکی بخورێ
جا هەرچی عاید بە مەعیدەیە
جەرگ ئەیکا بە خوێن لە پاش موددەیە
سپڵ و گورچیلە و زراو بە جارێ
خزمەتچی جەرگن هەر یەک بە کارێ
سپڵ ئەکێشێ بەشی سەودایی
زراو جەزب ئەکا قیسمی سەفرایی
نەوعی ئاویشی بە (کلیە) ئەدرێ
دوایی مەسانەش لەوی وەر ئەگرێ
بە قەزای حاجەت موحتاجی ئەکا
لە ڕێی خۆیەوە (اخراج)ی ئەکا
ئەم هەموو خەلق و ڕەبت ئەسبابە
سنعەتی دەستی (رب الأرباب)ە

❊❊❊

نمونەیەکی‌تر (بیر لە ڕێی تەکامووڵەوە)

بـــێ تـــەماشـــاکە لـــە ڕەحمـــی خـــودا
ســـاوا کـــە وەخـــتێ وا لـــە ڕەحـــەمـــدا
هـــەر وەهـــا دێـــت و لـــە گـــەورە بونـــە
ڕەحـــەمـــیش تـــەنـــگ و تاریـــک و تونـــە
چـــۆن ئـــەو منداڵـــە هیدایـــەت ئـــەدا
کـــە حـــەولـــی دەرچـــون لـــەو جێـــگە بـــدا
ســـەر شـــۆڕ ئـــەکـــاتۆ وەک ئـــەهلـــی شـــعور
پاشـــی بـــە عـــەکســـی پێشـــوی بـــەرەوژوور
ڕێـــی دەرچـــونی خـــۆی ئـــەدۆزێـــتەوە
ئـــەو جـــار لـــە دایکـــی جـــوێ ئـــەبێـــتەوە
جـــا چـــونکێ جیســـمی لیـــق و زەعیفـــە
موحتـــاجی خـــۆراک نـــەرم و لـــەتیفـــە
لـــەم بـــەرەو بـــەری ســـینەی ئـــەو دایکـــە
بـــۆی هـــەڵواســـیوە خـــوا دوو مـــەمکـــە
هـــەمیشـــە هـــەر دوو پـــڕ لـــە شـــیری ســـاف
لـــە بـــۆ ئـــەو تیفلـــە زیـــاتر لـــە (کَفـــاف)
بـــۆ ئـــەوە کـــەوا دەمـــی لـــێ گیرکـــا
بتـــوانێ بـــە مـــژ چـــاک جـــەلبـــی شـــیرکا
بـــە تیبقـــی دەمـــی دوو دانـــە گۆپکـــە
دایناوە هەر یـــەک لـــە ســـەر یـــەک مـــەمکـــە

هەر گۆپکەیەکیش چەند کونی تیایە
جێــی پیاهـاتنی شـیری ساوایە
نە ئەوەندە واسیع شیری لێ بڕژێ
نە ئەونەش بچوک کە لە بۆی نەمژێ
سەیرێکە چۆن خوا پێی ئەفامێنێ
کە مەمکە بگرێ و شیر بمژێنێ
تەنها هەر شیرە خواردنی منالّ
تا قوە ئەگرێ بە موددەی دوو سالّ
بەو بەینە هێزی لە بۆ خەلق ئەبێ
گۆشتی پتەوو ئێسکی ڕەق ئەبێ
ژیانی ئیتر بە شیر مەحالّە
موحتاجی خۆراک کولّاو و کالّە
ئەوانیش موحتاج بە دان و خرێن
چونکە بێ جوین زەحمەتە بخورێن
بڕوانە کە چۆن خەلاقی عالەم
دان و خرێی ڕێک بۆ ڕوان لە دەم
وەختێ گەورە بوو لاناکاتەوە
لە مانە سەرێ بیر بداتەوە
بزانێ کە هۆی خەلقی خۆی چییە
دێوانە ئاسا پێی مەتلەب نیە

بیرێکی کورتی ئافاقی

دوا ئەوە ئینسان بیر لە نەفسی خۆی
تەواوکا ئینجا مومکین ئەبێ بۆی
بە تەرتیب بڕوا بۆ گەشتی ئافاق
تا(واصل)ئەبێ بە خودای(خلاّق)
پاش نەفسی زەوی ئینجا هەوایە
پاشتر ئەوانە کە لە جەودایە
دوای ئەوان ڕۆژ و ئەستێرە و هیلال
ئەفلاک و کورسی و عەرشی (ذوالجلال)
حەزرەتی عومەر فارۆقی ئەعزەم
دوا تەی کردنی ئەمانە سەرجەم
فەرمووی بە قەولی پڕ لە ئەدەبی
(قد رأی قلبی جناب ربی)
بۆیە بە ئەمری دەریا جاری‌یە[1]
بە گوێی قائدی دا (یا ساریە)
بەڵام لازمە لە بۆ ئەوانە
کە (صرف)ی فکر ئەکەن لەمانە
بە هەموو جوزئا وەک ئاوی جاری
بیا هەیئەتی کەشفی ئەفکاری

---

[1] – ئاماژەیە بۆ جاریی بوونی رودی نیل بە ئەمری حەزرەتی عومەر ڕەزای خوای لێبێ

هیچ جوزئێ لەوا بەجێ نەهێڵێ
تا هێڵی عیبرەت لەوا نەکێڵێ
بەشەر لە ئەرزا کە یەک (خُطوە)یە
دارای ئەو هەموو جوزء و عوزوەیە
ئەم ئەرزە گەورە واسیعە ئەبێ
عوزوی چی‌بێت و ئەجزای چەندە بێ
بەرد هەر بە عەینی ئێسقانی ئەوە
شاخ و کێو ڕەگی ئەرکانی ئەوە
(نهر) و (شط) هەر وەک خوێنی بەدەنی
ئەجزای لە ئەنواع چشتێ مەعدینی
سەوزی و نەباتات توک و مویەتی
خاکیش بە چەشنی پێستی ڕویەتی
سک پڕی زەوی بەو گشت مەوادده
لە (مَعادِن)ی زۆر بە (اِفادە)
ئەجزای تا بڵێی خاریج لە حەسرە
هەموو پڕ نەفع و فائیدە و بەهرە
گەرچی لە ناسین غاڵبیان بیکرن
ئێشتا محەلی حیددەتی فیکرن
بڕوانە زەریف کە چەند ئەم ئەرزە
دوورە بەینی لەو ئاسمانە بەرزە

لـە ئـەترافـەوە وەک بـەرزی و نـەوی
لـە یـەکتـر دوورن ئاسـمان و زەوی
ئـەرز ئـەبێ لـەسـەر چـی دانـرابێ
یـا ئـەبێ بـەچـی ڕاگیـر کـرابێ
مـەسـەلا بلێـین ئـەرز لـەسـەر ئـاوە
ئـەی ئـاو خـۆی لـەسـەر چـی دانـراوە؟
گەر ئەوییش لـە سـەر هـەرچـی وەستابێ
بنکـی هـەمـووی هـەر ئـەبێ فـەزا بـێ
ئـەرز لـە سـەر فـەزا بـەم گرانیـە
ئـاخۆ سـەبـەبـی وەسـتانی چیـە؟
وەک لـە خـوارەوە عـەمـودی نیـە
عـەلاقـەی سـەریـش وجـودی نیـە
گـەر ئـەلێـی لـە بـۆ ئیمسـاکی زەوی
لـە (اجرامـا)یـە جازیبـەی قـەوی
نایـەڵـێ لادەن قـەت لـە مـەرکـەزا
ئـەوهێـزە لـە بـەیـن ئـەوان و ئـەرزا
کـێ بـوو عیلمـی بـوو ئـەبـێ جـازبێ
بـۆ ڕاگرتنـی ئـەمانـە بـبێ
لـەگـەل ئـەوانـا ئـەمـیش دروسـتکا
کـە بـەلای ڕۆچـوون بـە هیچیـان نـەگـا

مەعنای جازیبەیش بێ‌گومان وایە
وەستانی ئەجرام قودرەتی خوایە
چۆن یا ئەم کەونە فەوری دروست بوو
وەیا بەرودوا بەینێکی پێچوو
گەر ئەڵێی فەورەن ئیتر چیت ئەوێ
ئەمە بێ قودرەت چۆن دەست ئەکەوێ
یا هەندێ لە پێش هەندێ لە دواوە
بە تەدریج بەین بەین دروست کراوە
بەر لەوەی ئەویان دروست نەکراوە
بە کام جازیبە ئەمیان وەستاوە؟
کەوابوو ئیتر هەر تەوانایە
کە ڕاگرتنی لە تەوانایە
تەبیعەت ئەگەر بێ عیلم و دەرکە
بەشی لە مەیل و حەیاتا تەرکە
شک نیە ئەوە ئیتر جەمادە
(مصدر) نیە بۆ فیعل و ئیرادە
گەر ئەڵێی زیندو و باتەوانایە
ئیرادەی هەیە و بە شت دانایە
مەڵێ تەبیعەت؛ ئەوە خودایە
پەروەردگاری گشت ماسیوایە

تـەبێـعەت چـوارە ئـەبـێ جـەمیعـی
بـۆ پێـک هـاتنی جیسـمێ تـەبیعـی
چـار نیـە ئـەبـێ یـەک بگـرن هـەمـوو
لـە فـاعیلین و مـەفعـولین هـەر دوو
کـە ناویـان ئـەبـرێ بـە زوبـان کـوردی
بە تەڕی و وشکی و بە گـەرمـی و سـەردی
قـەت وجودیشـیان نـابێ بـەبـێ شـک
غەیری لـە گـەرم و سـارد و تـەڕ و وشـک
بـەبـێ جـامیعێ کۆبونـەوەیـان
مـەحالـە ئیتـر ڕێـک کـەوێ بۆیـان
نیسـبەتـی ئیجـاد لـە تـەبێـعەت دان
تـەنهـا هـەر نیسـبەت ئـەدرێ لـە نـادان
حـەتـا خـاریجیش ئـەهلـی سـەقافـە
زانـای ریـازی و فـەننـی فـەلسـەفـە
جولوجیـون و عولـەمـای فـەلـەک
لـە تـەبێـعەتـدا(أخصـاء) یـەک یـەک
ئـەلێـن ئـەو عیلمـە کـەوا هـەمانـە
لـەسـەر وجـودی خـودا بۆرهانـە
(باستورکێـت) ئـەلـێ مـن بـڕوام وایـە
ئـەگـەر لـەم عیلمـەم زیـاتر ببوایـە

لــە ئێســتەم زیــاتر ئــەبــوو بــێ گومــان
ئیمــان بــە خــودای ئــەرز و ئاســمان
(وەتــز) کــە عــوزوی ئــاکادیمیــە
زانـــای زانســـتی کیمیائیـــە
لــە کولییــەی (طبیّە)ش ئــەوە عــەمیــدە
ئــەڵــێ لــە باســی بــڕوا و عــەقیــدە
ئــەگــەر لــە خۆمــا ببیــنم وەخــتێ
سســتی ئیمــانم بــە خــودا نــەختێ
لــە بــۆ تــەسبیتی زۆر بــە ئــەهمیــە
ڕووی دڵ ئــەکــەمــە ئــەکادیمیــە
(ادمنــد هربرتــی) جیلــوجی مــەعــرووف
لــە جامیعــەی(ســۆڕبونا) فیلــەســوف
دەڵــێ مــەحاڵــە (مــۆدی)بــێ قــەت
عــیلم بــۆ کــوفر وەیــا مــادی‌یــەت
(کوشــی ریاضــی)ئــەڵــێ مــن بــڕوام
تــەواو ســابیتە و مــەحکــەمــە بــە خــوام
ئــەمعــەقیدەشمە نــەتیجــەی ئــەوهــام
وڕاســی نیــە بــەڵــکوو مــن بــڕوام
لــە جــدیاتی ســەلیقــەی خۆمــە
بــە هــۆی تــەحقیقــات عــەمیقــەی خۆمــە

زانـــای زانســـتی تـــەبیعـــە(فـــابر)
لــە خوســوس بــڕوای بــە خــودای قــادر
ئــەڵــێ زەمانــە گشــت هــەوای شێــتی
تێــدایە و ئێســـتە زیــاتر تیایـــەتـــی
شێــــتی تـــــەواو ئالـــــەم زەمانـــــە
بـــاوەڕ نـــەبـــویی گـــەلـــێ نـــەزانـــە
پێـــم خۆشـــە پێســـتم دابـــڕنن لـــەبـــەر
نـــەک بـــڕوام بـــە خـــودا لـــە دڵ بێـــتە دەر
فیلـــەســـوف (سبنســـر)ی ئینگلیســـی
کـــە لـــە تـــەبیعـــەت گـــەیـــوە بـــە بـــەرزی
لـــە تـــەربیـــەدا وتوویـــە هـــەرکـــەس
عیلمـــی تـــەبیعـــەت بخوێـــنێ بـــە دەرس
ئـــەگـــەر ئـــەو عیلمـــە بـــە ســـەتحی گـــەری
لـــەگـــەڵ ئیســـتیعجال بکاتـــە بـــەری
وورد وورد ئەیکێشێ بێ شـوبهە و گوومـان
تـا لـە پڕ وەسڵـی ئـەکا بـە شـەیتـان
ئەمـا گـەر لـە گـەڵ ڕەوی‌یـە و تـەحقیـق
بـە(تعمُّـق)ی بـەلیـغ و تـەدقیـق
بیخوێـنێ نومـای فیکـری پـێ ئـەکـا
تـا بـە خـالیقی تـەوانـا ئـەگـا

بـەرزتـری زانـای فـەلـەکـی دوکتـەر
(هرشـیل) لـە باسـی عـەقیـدەو بـاوەڕ
وتویـە بـێ شـک تـا لـە ئافاقـا
توسـع بکـا عـیلم لـە نیتاقـا
بورهـانی تـەواو دامـغ بـە عـەدەد
زیـاد ئـەکـات لـەسـەر وجـودی ئیزەد
کـە خالیقێـکی وایـە قـودرەتـی
نـە حـەددی هـەیـە نـە نیهایـەتـی
دوکتـور(دینریتـی)ئـەڵـمانی مـەشـهوور
لـە غـەربـا نـەبـوو لـە خـۆی بـەرەو ژوور
لـە خسـوس بـڕوا و عـەقیـدە بـەحسـێ
دێنێـتە ئـارا لـەگـەل چـەنـد کـەسـێ
لـە مـەشـهورترین زانایـان بـەعزێـک
جـامیع و بـەعـزێ (مختص) بـە عیلمێـک
پـاش مزاکـرە و بـەیـانی بورهـان
لـەسـەر وجـودی خـودای لامکـان
هـەمـوو دووسـەد و نـەوەد نـەفـەر بـوون
بیست و هەشت لەوان ژیرە و زەبـەر بـوون
بیست کـەسـی تـریش مـاوە لـەو بـەینـە
مـەتڵـەبیان نـەبوو بـەدیـن بـن یـا نـە

دووسەد و چل و دوو کەس بە یەکجار
ئیمانی هێنا بە پەروەردگار
کافی‌یە هێندە وەرنە ئەجنەبی
زانایان هەموو شەرقی چ غەربی
هەر عیلمی خۆیان ئەکەن بە دەلیل
لە بۆ ئیسباتی خالیقی جەلیل
لە یەک کرتنی حمق و جەهالەت
تەوەلود ئەکا غولی (ضلالة)
مەعلومە عیلم و عەقڵ دوو چاون
بۆیە بە بەشەر هەر دوو دراون
کە ڕێی سەعادەت بۆ دین و دنیا
ببینێتەوە و لێیان لانەدا
جا هەرکەس عەقڵی هەیە و دانایە
ئەوە سەر بەرزی هەر دوو دنیایە
ئەوەش لە عیلم و عەقڵا مەحرومە
بێ‌گومان ڕێگەی ڕاستی لێ‌گومە
بەڵام هەر وەک چاو بۆ هەموو کەس دەس
نادا لەویشا کوێرە گەلێ کەس
دەرەک پاییین‌تر لە ئەو(ضلالا)
بێ ئیمانیە بە خوای تەعالا

دووره لــه گومــڕا ڕێـــی بــڕوا بــه خــوا
پێــی شــەلــه هــەتــا تــەبێــعەت ئــەڕوا
ئـەو کـەسـه کـه تـۆی دروسـت کـردووه
ئــەزەل پــەی بــه هــۆی ژینــت بــردوه
ئـەرز لـه بـەرد و خـاک بـۆ بینـای ماڵـت
دیسان دەسـت بـدات بـۆ کشـت و کاڵـت
عــەلاقــەیــەکــی جازیبــه لــه بــۆی
دروســتکاو بیگــرێ بــه قــودرەتــی خــۆی
(تجـاذب) یـا خـۆ هـەر خـۆی قـودرەتـه
وەیــا جیــاوازه و بــه هــۆی قــودرەتــه
کـەون ئـەگـەر لـه پـڕ خولقـا بـەجێیه
وەرنـــه جازیبـــەی عامـــه لـــەکوێـــیه
ئاوێــکی نــەرمــی ســاردی ســاف و پــاک
بــۆت بخاتــه دەر لــه ناوســکی خـــاک
بــۆ جــل شــۆرین و نــان و نۆشــینت
حـەیـوان بـۆ بـەرگ و داشـت و دۆشـینت
هــەر دەنکــه دەغڵــێ ســەد دانــەوێڵــه
ئـەگرێـت و فکـرت لـەم فـەزڵـه وێڵـه
چونکه ئەر لـه دەنکـێ هـەر دەنکـێ بێـنێ
بـەشـەر چـی بخـوا و چـی لـێ بچێـنێ

خـۆر بـۆ تـەنـویری قـەسـری ئافاقـت
نـەسـیمی هـەوا بـۆ استنشـاقت
رۆژ بۆ سەنعـەت و کـەسـب و فـەلاحـەت
شـەو بـۆ ڕاکشـان بـە ئیسـتیراحەت
شەو ئەر نەبوایـە زۆر کـەس نـەئـەخـەوت
لەبەر تەماعی خـۆی نـەخـۆش ئەکـەوت
سـەوزی حـەیوانـات لـە حـەرارەتـا
بـێ نـەشـئەو نمـا هـەمـوو ئـەفـەوتـا
دووبـارە ئـەگـەر هـیلاڵ نـەبوایـە
بـەشـەر بـێحیسـاب ئـەبـوا بمایـە
زەویـش نـەی ئـەدی کـە تێـدا بـژی
رۆحلـەبـەر وەیـا بـڕوێ و گیـا بـڕوی
گـەر شـەویـش تـولی ببوایـە دیسـان
موشـکیل بـوو ژینـی حـەیـوان و ئینسـان
کـەسیش بـۆ هـیچلا ڕێـگەی نـەئـەبـرد
بە (ضـغط)ی سەرما حەیوان گشت ئـەمـرد
بـەبـێ گـەرمـی رۆژ زەحمـەت بـوو بـاران
برژێـتە خـوارۆ بـۆ دێـمەکـاران
موختـەسـەر زۆرتـر عولـەمـای فـەلـەک
ئالـەمـا ڕەئیـی گشـتیان بـوون بـە یـەک

ئـەڵێـن ئـەو هـەمـوو ئـەستێـرە زۆرە
کـە ڕۆژ شـاراوەی ژێـر پـەردەی خـۆرە
تـەنهـا یـەکێـکیان ئـەگـەر تیـا بچـێ
نیزامـی وەزعـی کـەون تێـک ئـەچـێ
چۆن لـە خـۆوەبـوون بـێزیـاد و بـێکـەم
بۆڕێـک کـەوتنـی نیزامـی عالـەم
وە یـا لـە خۆتـا ئـەم گشـت قوایـە
کـە هـەریـەک نـەفعـی خـۆی لـە ڕوایـە
کـەسێ ئـەمانـە ئـەبـێ دروسـت کـا
عیلمـی پێـی بـبێ و دەسـتی پـێبگـا
ئـەوکـەسـەش تـەنهـا خـوای تـەعالایـە
زاتێـکە لـەتیـف لـەبینـین نایـە
بـەچـاو ڕوئیـەتـی خـالیقی ئـەقـدەس
لە دنیـا هـەرگیـز دەسـت نـادا بـۆ کـەس
بەڵکوو بـێ گوومـان تـۆ بـە چـاوی خـۆت
حسسی نەفسی خۆن مـومکین نـابێ بـۆت
ئـەم عـیلم و عیشـق و حـوزن و نیشـاتە
ئـەم(قبضـيّة) و ئـەم(انبسـاط)ە
ئەم فـەهـم و عـەقـڵ و نوتـق و حـەیاتـە
ئـەم عـەزم و هـۆش و حـیلم و حـەیاتـە

هـــەمـــوو بـــە ڕۆحـــی تـــۆوە مـــەربوتـــە
جـــەســـەد بـــەرگێـــکە لـــەمانـــە ڕووتـــە
چاوت هـەر دەرکـی ئـەو بـەرگـە ئـەکـات
دەستی بە روئیەت نـەفسـی خـۆی ناگـات
وەخـــتێ کـــە (قـــابض)رۆح دەردەهێـــنێ
جســـد چـــۆن بـــوە هـــەر وە ئـــەمێـــنێ
ئەی کوا حـەیـات و عیشـق و عیلمـەکـەی
کوا عەقڵ و هۆش و نوتـق و فـەهمـەکـەی
مەعلووم بوو هەموو ئـەوسـافی ڕۆح بـوون
پێـکەوە هـەمـوو لـەگـەل ئـەو دەرچـوون
کە تـۆ نـەفسـی خـۆت بـە چـاو نـەبینـی
لـــە نـــەبینینـــی ژوورتـــر ئـــەمینـــی
چاو وەکـوو وتمـان بـەو گشـت عـەیبـەوە
کـەی دەرکـی ئـەچـێ بـەلای غـەیبـەوە
بـە تـەسـدیقی رۆح بـێ‌دەنـگ بسـازە
هێـــنایەڕوو بـــۆت عولـــومی تـــازە
سالّـی هـەزار و هـەشتسـەد و حـەفتـا
دوکتـور (مسـمر)ی ئـەلّـمانی هـەسـتا

بۆ تەحقیقی رۆح گەلێ خەریک بوو
نەتیجەی سەعیی بەخەسار نەچوو
رێی بە (تنویم)ی موغناتیسی[1] برد
ئەنجا بە عەمەل باش ئیسباتی کرد
کە ئینسان تەنها هەر جیسمی عادی
نیە یا خۆ رووت ئەداتێ مادی
(مستودع)ە بۆ ڕۆحێکی وەها
زیدی مادی‌یە لە گشت وجوها
(مادیون) لەمە هەموو سەرسام مان
چاریان هیچ نەما بەغەیری ئیمان

سەرنجێکی تازە لە بونەوەر

ئێمە کە ئەعزای خۆمان نەزانین
چ فکرێ بکەین لە ئەجزای زەمین
یا لە خەلقی ئەو حەوت ئاسمانە
کە دوور لە دەرکی حەواسمانە
بەغەیری شینی و گەشی ئەستێرە
چاو لە بینینی باقی‌تر کوێرە

---

[1] – خەوی هیپنوتیزمی

«نُــری إِبــرَاهِیم» هــەتــا «مُــوقِنِین»[1]
گــەر بخوێــنینۆ بــاش حاڵــی ئــەبــین
کــە مــەلــەکــوتی ئــەرز و ئاســمان
غــەیــری ئــەوەیــە دیویــە حــەواســمان
هــەرچــی کــە دەرکــی ئێــمەی پــێبگــات
حەیوانیش بێشــک ئــەوە حــیس ئــەکــات
وائێمەیش لەگەڵ حەیوان شەریــک بــووین
لە ڕوتبەی عیرفان تەرد و تــەریــک بــووین
حیکمــەت لــە خــەلقــی نــەوعــی ئینســانی
ئــەوەبــوو ئێــمەیــش وا نــەمــانزانی
بــەڵام مــەجمــوعی ئــەوزاعــی یــەکســەر
وازیحــەو عــەیــان بــۆ ئــەهلــی نــەزەر
یــانی ئــەوانــەی مــەعریفــەت دارن
(خــەواصــی غــەواص) بــەحــری ئــەسرارن
هەموو ئەفەرمــوون ئــەو گشــت ئــەستێــرە
کــەوا نایــەنــە ریــزی ژمێــرە
کامیــان زۆر بچــووک لــەگشــت کــەمتــرە
هــەشــت کــەڕەت لــە ئــەرز مُعظَّمتــرە

[1] – ئاماژەیە بە ئایەتی٧٥ی سورەی الانعام.

زەوی لــە چــاو ئــەو ڕۆژە بوڵــەنــدە
کــەمتــرە ســەد و شــەســت و ئــەوەنــدە[١]
ڕەنــگ و ســورەتیــان لــە یــەکتــر جیایــە
لــە هــەمــوو شــکڵ و ڕەنگێــکی تیایــە
خۆلاســە ڕەنــگ و شکڵــێ کــە لێــرە
هــەیــە مــەوجــودە لــە نــاو ئــەستێــرە
هەندێکی وەک گوڵ هــەنــدێ وەک میــزان
هەندێکی وەک شێر هەنــدێ وەک ئینســان
ڕەنگیش وەک ســوری ســپی و ڕۆنیاســی[٢]
شینی و پــەمــەیــی ڕەشــی و (رصــاص)ی
شکڵــێ کــە لــەگــەل شکڵــێ نزیکــە
لــە یــەکــێتریــان دوور و تــەریکــە
یاشــینی مــەســەلا نزیــک بــە ســوورە
لــەگــەل ڕەنگــیتــر مــەسافەی دوورە
حیکمــەتــی ئابــەم وەزع و وەزعانــە
مــەعلــومی نــەزەر ئــەهلــی عیرفانــە
وەســفی عیرفــانیش بــۆ کــەســێ نــابێ
کــە هــەر لــە حاڵــی حــەیوانیــابێ

[١] – ئەستێرە ناسەکان دەڵێن ڕۆژ ١٣١٠٠٠٠بەرابەر زەویە.
[٢] – ڕەنگی پەمەیی تۆخ.

ئـەبـێ ویسـعەتـی فـەلـەک کامـەبـێ
کە مـەرکـەزی گشـت ئـەم ئـەجرامـەبـێ
سەیـری ئـەم ڕۆژە چـەنـد سـەریـع ڕەوە
مـەسـافەی دەورەی یـەک ڕۆژ و شـەوە
بۆ چـۆڵ بـوونی جێـی بـە یـەک حـەرەکـە
سەد و شەسـت ئـەونـەی ڕۆژی گـەرەکـە
بۆیـە حـەزرەتـی ڕەسـولی جـەلیـل
کـە لـەبـۆ زەوال پرسـی لـە جیبریـل
(هل زالت الشمس) فـەرمـووی (لا . نعـم)
فەرمووی ئـەوە چـۆن وتـی عـەرزت کـەم
لـە (لا)وە هـەتـا ئـەوەڵـی(نعـم)
پێنسەد سـاڵ ڕۆیـی ڕۆژ بـێ زیـاد و کـەم
مـەعلوومـە چونکـە هـەر لـەحـزە ئـەبـێ
بـڕوا بـە مـاوەی پـانی کـەوکـەبـێ
چوون زەمان تلـووع ئـەووەڵ جـوزئی کـەو
کـە بـە هـەتـادێ ئـاخر جـوزئی ئـەو
بـە وردی هـەرگیـز نایـەتـە بـەیـان
بـۆ کـەس چۆنیـەتـی وەزعـی ئاسـمان
کـەوابـوو لـەولا سـەرفـی نـەزەر کـە
تەماشای ئەدنای گشـت گیـان‌لـەبـەر کـە

کـەمتـری هـەمـوو کـە مێشـولەیـە
کـەم جـورم و جوسـە و زۆر بچکۆلـەیـە
هـەر وەک بـێ حـەجم و خـوار و زەلیلـە
لـەسـەر هـەیئـەت و قیافـەی فیلـە
بـە خرتـومێ تیـژ باریـک و کلـۆر
خوێن لـە گامێش و گـا ئـەمژێ بـە زۆر
بـەو نـەختـە حـەجمۆ کـە پێـیدراوە
مـەعیـدەی لـە بـۆ دروسـت کـراوە
دارای ماسـکە و جازیبـە و دڵـە
پـەلـی بـێ ئـەژنـۆیش لـەوا حاسڵـە
لـە دەرونیایـە هێـزی مانیعـە
قـووەی غازیـە و هـەزم و دافیعـە
پێڵـوو کـە دایـم چـاو سـەیقـەل دەرە
چـاوی بـێ پێڵـوو جێـگەی خـەتـەرە
چـوون چـاوی وردە مێـش بـێ پێڵـوە
خـوا بـە جۆرێـتر چـاری فـەرمـووە
تـەماشـاکە چـۆن بـە هـەمـوو حاڵـێ
بـە هـەر دوو دەسـتی چـاوی ئـەماڵـێ
هـەرچـەنـد وەکـوو فیـل دروسـت کـراوە
بـەڵام دوو باڵـی زیـاد پـێدراوە

تـــێبفکـــره لـــەم دەعبـــا بچوکـــە
لـــەگـــەڵ ئـــەوەشـــا بـــێوەزن و ســـوکە
ئـــەزانـــێ بـــەهـــۆی مـــەزەرەتـــی خـــۆی
نـــاوەســـتی ئـــەگـــەر دەســـتت بـــەی بـــۆی

نمونەیەکیتر لە یەکیەکی چشت

هـــەرچـــی لـــە کـــەونـــا فکـــری لـــێ بکـــەی
ڕێ بـــۆ ناســـینی ســـانیعی ئـــەبـــەی
مـــەســـەلا بڵێـــین ئـــاو خـــاوەن ســـیقلە
خـــۆی بـــە تـــەبێـــعەت مایـــل بـــە ســـوفلە
سەرەوژوور هـــەرگـیـــز خـــۆی ســـەرناکـــەوێ
مـــەگـــەر قـــوەیـــە قـــەوی لێـــی نـــەوێ
ئـــەی بـــۆ ئـــەبینـــی ئـــەوەنـــدەی نـــەختێ
ئـــەگاتـــە پۆپـــەی هـــەمـــوو درەخـــتێ
گـــەر ئـــەڵێـــی پۆپـــەی ئـــەو دارە ئـــەشـــێ
جازیبـــەی تێـــدا بـــبێ ڕایکێشـــێ
کـــێ ئـــەو جازیبـــەی لـــەوێ دانـــاوە
بـــۆ ڕاکێشـــانی ئـــەو نـــەرە ئـــاوە
مـــەعلـــووم کـــە ئیشـــی کـــەشێـــکی وایـــە
بـــەهـــەرچـــی مـــەیلـــی بـــوو تـــەوانایـــە

نمونەی تریش

ئـەم کـەونـە عیلمـە و (تفکـر) دەرسـە
مـەوزوعـیش ناسـین خـوای (اقـدس)ە
لـە هـەمـوو دەرسـا میسـالێ وەهـای
هێـناوە بـەوە رێ بـەریـن بـۆلای
هـەیـە مـەعـدومێ مـەوجـود نومایـە
بـەعزێـکیش مـەوجـوود نـابوود نومایـە
ئـەو گێـژەڵـووکە کـە دێـت و ئـەڕوا
ئـەبینـی خاشـاک بۆخـۆی خـوول ئـەخـوا
ئـەم تـۆز و خۆڵـە کـەوا دیـارە
لـە خولـدانی خـۆی بـێ ئیختیـارە
(مُحـرّک) لـەوا حـەقیقـەت بایـە
ئـەویـش لـەتیفـە و لـەبینـین نایـە
وابـا مـەوجـودی نـابوود نومـا بـوو
خۆڵیش مەعـدوومی مـەوجـوود نومـا بـوو
کـەونـیش هـەر وەکـو ئـەو خۆڵـە وایـە
(مُحـرّک) مـەخفـی مـەعلـووم خوایـە
جـەولـەی (تفکـر)بـەم مـەیدانانـە
لـە وسـائیلی قـوەی ئیمانـە
عـاقڵ گـەر بێـتو بـە وردی نـەزەر
لـەم کـەونـە بـەرزا بکـا سـەراسـەر

لێی مەعلوم ئەبێ ئەمە بێگومان
قەسرێکە خاریج لە هەموو نوقسان
ڕێکخراوە پوخت لە هەموو ئەندامی
خاڵی لە حیکمەت نیە هیچکامی
بەڵکوو زەڕاتی هەموو ناتیقە
کە (صُدق) نیە خاوەن خالیقە
ئەی نیهان بە زات بەبەخشین دیار
تۆ وەکوو ئاوی ئێمە ئاشی کار
تۆ بە چەشنی بای ئێمە وەک غوبار
با نیهانیە و تۆزی ئاشکار
ڕووی شوعلەی ڕۆژی کەماڵی ئیمان
بەدائیم بخەسەر زەوی دڵمان
هەر دڵێ کە رووی کەچبێ لەو خۆرە
تاریکە دایم ئافاتی زۆرە
بیهێنە دەسمان کردنی هەرچی
خێرە و مەحفوزمان بکە لە کەچی
دیلی دەلیلمان مەکە دەخیلە
بێ نووری میهرت دەلیل زەلیلە

نیشان لە سەر پێویستی پێغەمبەران

دوا ئـەمـە زانیـت کـە ئـەم تـەرتیبـە
ئـــەم ئینتزامـــە جوانـــە عـــەجیبـــە
دارای ســـانعی ساحێـــب قـــودرەتـــە
کـــردەوەی هـــەمـــوو پـــڕ لـــە حیکمـــەتـــە
ئـــەمجـــارە هـــەڵســـە بچـــۆ بـــۆ دێیـــە
بپرســـە ئاغـــای ئـــەم دێـــیە کـــێیـــە
بـــاش تماشـــاکە لـــە ئومـــوراتی
لـــە ئـــەمـــروو نـــەهـــی و لـــە دەســـتوراتی
خـــۆی قانونێـــکی لـــە بـــۆ دانـــاون
بـــە لوتـــف و تـــەهدیـــد وەعـــدە دراون
هـــەرکـــەســێ بـــەشـــی کـــەســێ داگیرکـــا
ئـــەبێ چـــەنـــد ڕۆژێ پـــێ لـــە زنجیرکـــا
ئـــەوەی لـــە ئـــەمـــرم بکـــا ســـەرکـــەشـــی
نـــەتیجـــە بـــەشـــی ئـــەوە بـــێ بـــەشـــی
شـــەخســێ کـــردەوەی پـــیس و خـــراپ بـــێ
ئـــەبێ ڕەزیلـــی قـــەمچـــی عـــەزاب بـــێ
وەیا هـــەرکـــەســێ شـــیرین ئـــەخـــلاق بـــێ
بـــە ئومـــووراتی چاکـــە موشـــتاق بـــێ
موتیـــع بـــێ لـــە بـــۆ ئـــەمـــروو فـــەرمـــانم
خۆشـــەویســـترە لا مـــن لـــە گیـــانم

بە قەدرە لە لام هەرچێکی ئەوێ
مادام مومکین بێ پەکی ناکەوێ
بەڵام بۆ تەبلیغ ئەم دەستوراتە
موبەللیغی چاک لە زەروراتە
ئەبێ بگەڕێ بۆ شەخسی شەریف
عاقڵ و لایق ئەمین و عەفیف
بە ڕشد و هونەر تینەتی پاک بێ
نیەتی لەگەڵ هەموو کەس چاک بێ
ئوموراتی خۆی پێ موحەوەل کا
وەفقی ئارەزوی ئاغا عەمەڵ کا
ئەی ئەم زەمینە و ئەم ئاسمانە
ئەم مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە جوانە
ئەم هەواو هەور و بەفر و بارانە
ئەم مەعادین و بەرد و دارانە
ئەم گەرمی و ساردی و وشکی و تەڕی‌یە
ئەم جوانی و جەوو بەحرو بەڕڕی‌یە
ئەم کانی و ئاوە ئەم شەت و نەهرە
ئەم سودی دەریا لەو مەدد و جەزرە
ئەم جورە دەورە لەو سەیاراتە
تەولیدی فسول لەو حەرەکاتە

ئەو تەرزە گەڕان بۆ زەبتی ئەوقات
بەمانگ و بە ڕۆژ بە ساڵ و سەعات
ئەم بێنەوایی و دەرد و میحنەتە
ئەم دەوڵەمەندی و خۆشی و سیحەتە
یائەم حەیوان و جن و ئینسانە
ئەم بەرزی و نزمی و زیادی و نوقسانە
ئەم هەموو شارەی پڕ لە ئەجناسە
ئەم گشت عالەمەی عالی ئەساسە
ئەم فەهم و نوتق و عەقڵ و حەواسە
ئەم زوڵم و عەدڵ و ئەم درۆ و ڕاسە
ساحبی هەروا حەوالەی دەستی
دنیای کردون بێ سەرپەرستی؟
نازانم تۆ چۆن دڵت ناترسێ
بڵێی پاش خەڵقی لێیان ناپرسێ
زەحمەتە ئەوەند هەموو بیرت بێ
دەستی بێفکریت لە خۆت بەردابێ
بڵێی خالقێ وا تەوانا بێ
ئەساسێکی وا جوانی دانابێ
لە ناو ئەم هەموو عالەما بەشەر
بڕازێنێتۆ بە عیلم و هونەر

لــە دڵا چــرای عــەقڵــی بــۆ هــەڵــکا
تــا فــەرقــی بــەینــی پــاک و چــەپــەڵ کــا
بــە گوێــرەی قــووەی ئیــدراک و نــەزەر
بناســێ ئومــور لــە نــەفــع و زەرەر
چۆن ڕووی خــەتــابێ ئــەبــێ تــێ نــەکــرێ
بــاری ئــەمانــەت ســەرشــانی نــەخــرێ
بــە موبــەللیغــا یــانێ پێــغەمبــەر
قــانوونی خوایــان چــۆن نایــەتــەســەر
بیانترسێــنی ئــەگــەر ســەرکــەش بــن
لــە ســەعــادەتــی ســبەی بــێ بــەش بــن
مــەهتــووک و ڕسـوای ڕۆژی حســاب بــن
هــەمیشــە خــواری حــەبســی عــەزاب بــن
یــا بــەو کــەســانە ساحێــب ئیمــانن
مــوتیعی ئــەمــرو و نــەهــی قورئــانن
موژدەی بەهەشتیان بە مــەحــزی رەحمــەت
ئــەداتــێ دائــیم بــێ دەرد و زەحمــەت
بــرا بزانــە خالــی لــە گومــان
نــابێ تــەکلیفــی لــێ نــەکــرێ ئینســان
مــادام عاقڵــین جێــگەی تــەکلیفــین
دارای مــوجیبی مــوژدە و تــەخــویفین

چـــاک و بـــەد بــەیـــان کـــراوە بۆمـــان
موبــەللیــغ ڕەســول قـــانوونیش قورئـــان

سروشتی ڕەوشتی پێغەمبەران
علی نبینا و علیهم السلام

پێـــغەمبــەر زاتـــی بـــە ئیقتیـــدارە
ڕازاوەی وەســـفی حـــەیـــا و ویقـــارە
هـــەر ڕاســـتی مـــەحـــزە قســـە و گفتـــاری
شـــیرینە هـــەمـــوو ڕەویـــە و ڕەفتـــاری
بەڕەحمە و ســەخـی شـەجیعـە و حـەلـیم
ئـەمینــە و ڕەشــید تــەبێـعەت ســەلــیم
وێـــنەیـــان نیــە لـــە کـــەماڵاتـــا
میـــزاج دروســـتن لـــە گشـــت حاڵاتـــا
خوسوســـەن نـــووری چـــاوی کائینـــات
هـــۆی دروســـت بـــوونی زەوی و ســەمـــاوات
ئەشـــرەفـــی هـــەمـــوو عـــەرەب و عـــەجـــەم
پێشـــەوای زومـــرەی ئـــەنبیـــا ســـەرجـــەم
بـــەدری بروجـــی حوســـنی خیساڵـــە
نـــەییـــری ئـــەوجـــی فـــەزڵ و کـــەماڵـــە
زاهیـــرەن بـــەشـــەر حـــەقیقـــەت نـــوورە
داوێـــنی لـــە گـــەرد ڕەزاییـــل دوورە

ئــەعــلا دەرەجــەی چــی فــەزائیلــە
لــەو ســەروەرەدا هــەمــوو حاسیلە

ڕەزیلە و فەزیلە کامانەن

گــەر ڕەزائیلــت لــێ مــەعلــووم نیــە
یــاخود نــازانی فــەزائیــل چیــە
ڕەزیلــە خــولقی قــەبــیح و پیســە
لــە هــەر کــەسا بــێ دەنــی و خــەسیســە
وەک کبــر و غــورور یــا حیلــە بــازی
وەک ئــەمــە ئینسـان لــە خــۆی بــێ ڕازی
بــێ وەفائیــە و غــەدداری و چــروک
بــێ ئــەدەبیــە و تــەبێــعەتــی ســووک
وەک هــەرزە خــویی وەک فیتنــە بــازی
غــەش و ڕوو گــرژی یــا قوماربــازی
زوبــان دریــژی و جوێــن و شــەرارەت
یــا وورد بوونــەوەی خــەلــق بــە حقــارەت
درۆ و خیانــەت توونــدی و کــەللەشــەق
تانــە و موزیــڕی و ئیستیهزا بــە خــەلــق
حیــرس و تــەمــاع و نــەوسنی بــێ‌حــەد
نــەزەر لــە غــەیرەمــەحرەم لــە ئــەمرەد

ئـــارەزووی زینـــا و خـــواردنی حـــەرام
سواڵـــکەر دەرکـــردن بـــە قســـەی بێـــتام
وەک تـــرس و حـــەســـەد یـــا بـــوغز و کینـــە
یـــا لـــە حـــوببی خـــوا خاڵـــی بـــێ سینە
هـــەر ئـــەوەنـــدە نـــین زۆرن ڕەزائیـــل
ئینجـــا بێـــینە ســـەر باســـی فـــەزائیـــل
هەر چەن کـە عـەکسی ئـەمانـەن بـەڵام
دوویـــنێ لـــەویـــش ســـەڵاحـــە لـــەلام
ئـــەدەبـــە و تـــەمکـــین ویقـــارە و حـــەیـــا
بـــێموبـــالاتی لـــەگـــەڵ ئـــەم دنیـــا
وەرع و تـــەوەککـــول زوهـــد و تـــەقوایـــە
مـــەحـــەبـــەتـــی زۆر لـــە گـــەڵ خودایـــە
ویســـعەتـــی ســـەخـــا و حـــیلم و قـــەناعـــەت
سەبـــر و ســـوبات و مـــەجـــد و شـــەجاعـــەت
ڕووخۆشـــی و بـــەشـــوش شـــیرین زوبـــانی
ڕاســـت قســـەو گوفتـــار لـــە ڕوو و نیهـــانی
عـــەفـــو و ڕەحمـــەت و دڵ کـــەیلی ســـەفـــا
عـــەمـــەڵ بـــە وەعـــدە و ئیســـڵاح و وەفـــا
ڕوشـــد و تـــەوازوع میـــوان پـــەزێـــری
نـــاموس و عففـــەت بـــە برســـی و تێـــری

پۆشینی سرڕ و کۆمەکی بە خەلق
جەودەتی زەکا و عەقڵ و قسەی حەق
عیلم و هونەر و فەزل و ئەمانەت
دین و مرووەت سیلم و مەتانەت
پاکی نیهاد و پۆختی ئەلبیسە
لە فەزائیلیش ئەمەندە بەسە
فەزیلەی ئەخلاق ڕیوایەت وایە
حەسری عەددی لە سێسەد دایە
دیارە ڕەزیلەش هەر ئەوەندەیە
چونکە هەریەک زیددێکی هەیە
ڕەزیلەش هەموو بە جارێ یەقین
دەرجە لە نەفسی شەیتانی لەعین
چ لە فەزیلە چ لە ڕەزیلە
مەراتب هەیە ئابەم دەلیلە
مەسەلا سێ کەس سەخاوەت دارن
هەر یەک هەر دارای سێسەد دینارن
یەکێکیان قووەی کەرەمی هەر وا
تا دەوری هەشت نۆ دیناری ئەڕوا
دەرەجەی بەزلی دووهەمیان قووەی
ئەگاتە حەددێ ببەخشێ نیوەی

ئـەنـدازەی سـەخـای سێـهەمیـان وایـە
بـەخشـینی هـەمـووی لا چلـێ کایـە
بـالاتر لـەمـیش هـەیـە بـۆ کـەرەم
نەفسیش ئەبـەخشـێ نـەک تـەنها درەم
لـە مـیش زیـاترە هـەر کـەس بتـوانێ
هـیچ هونـەرێـکی لـە خـۆی نـەزانـێ
بەخشـش و وەسـفی بـەخششـی هـەردوو
بـەخشـش خوایـە پێـی ڕەوا فـەرمـوو
وا بـەمـە زانیـت لـە هـەردوو وەسـفا
دەرەجـات هـەیـە لـە قـووە و زەعفـا
جـانۆش کـە شـەربـەت ئیمـانی زەلاڵ
کـەوا برزتـری مـەرتـەبـەی کـەمـاڵ
ئـەعـلای دەرەجـات کافـەی فـەزائیـل
نوقتـەی نیهایـەت حوسـنی شـەمائیـل
کـالان و خـودا بـڕیونی بـە بـەر
بـالای بـێ هـەمتـای (سـید البشـر)
بۆیـە فـەرموویـە حـەزرەتـی عـەلـیم
(إنَّـــکَ لَعَلٰــی خُلُــقٍ عَظِــیم)
بـەم حـەزرەتـەدا خـالقی بێـچون
ناردوویـە بۆمـان دەسـتوور و قـانوون

باسی قورئانی مەجید

قوورئـــانی عـــەزیـــم قـــانوونی وایـــە
بـــۆ هـــەرچـــی دەردە ئـــەعـــلا دەوایـــە
بـــەڵام چ ســـەمـــەر کـــە تـــۆ نـــەیخوێـــنی
بـــش خوێـــنی هیچـــی لـــێ نـــەفامێـــنی
بـــش فـــامی دڵـــی بـــۆ نـــەگریتـــەوە
گـــەوهـــەری وون بـــووی پـــێ بکریتـــەوە
دەمـــێ خـــەیـــاڵات دوور بخـــەرەوە
لـــە ڕەفتـــاری خـــۆت بیـــر بکـــەرەوە
خـــۆ ئاگـــات لـــێیـــە لـــە شـــارۆ یـــا دێ
وەختـــێ کـــە نامـــەی دۆستێـــکت بـــۆ دێ
چـــۆن بـــە گشـــت هێـــز و فکـــری خۆتـــەوە
لـــە کـــەلیمـــاتی وورد ئـــەبیتـــەوە
بزانـــی ئـــاخۆ بـــۆچی نووســـیوە
لـــە ئـــەحواڵـــی کـــێ و لـــە چـــی پرسیوە
تابـــاش تێـــنەگـــەی مـــەتڵـــەبـــی چیـــە
بـــۆ ئیشێـــکی‌تـــر مـــەجالـــت نیـــە
ئـــەی خـــۆ قورئـــانیش نامـــەی خودایـــە
مـــەوعیـــزە و ئـــەمـــر و نـــەهـــی تێـــدایە

بــە پێــغەمبــەرا بــۆ تــۆی نــاردوە
بــۆ لــە تــەماشــای مانــت گرتــووە
مەگــەر نامــەی ئــەو شــەخــەســە لــە لات
خۆشــەویســترە لــە نامــەی خــودات
ئــەوەنــدە ســارد و بــێ ئیهتمــام بــی
قسەی ڕاست خۆشــە ناشــێ ئیســلام بــی
تــەوجیهــی خیتــاب بــە تانــە و لۆمــە
لــە نــەفســی زاڵــی ئــەممــارەی خۆمــە
ئــەگینــا ئیســلام[1] هــەرکــامی ئــەگــری
لــە مــن چــاکترە کــردەوە و فیکــری
قوورئــان وەک ئــەعــلای هــەمــوو قانوونــە
پــڕ لــە حیکمــەت و عــیلم و فونوونــە
نــەقســە تــەشــبیهی بکــەی بــە دەریــا
ســەد هــەزار دەریــا حیکمــەتــی واتیــا
(لا رطــب ولا یــابس) هــەتــا
(الا فــی کتــاب)[2] وا لــە ئایــەتــا
یــانێ نیــە تــەڕ نــە وشــک کــە بــەیــان
نــەکــرابێ لــە نــاو ئایــەتــی قوورئــان

---

[1] – موسلیم لێرەدا باشترە

[2] – الانعام/٥٩

بەڵام تۆ لە مە هیچ دامەمێنە
بەمیشە ئیمان وەک باقی بێنە
مەڵێ لە قوورئان نابینی ئەمە
عومری کێ زۆرە یا هی کێ کەمە
ئەم ڕزقە قازانج بکا یا زەرەر
یا خۆ کەی بێتۆ فلان لە سەفەر
عیلم بەمانە هەروەک مەعروفە
موحتاج بە زانین عیلمی حروفە
لە قوورئان بەپێی مەهارەتی خۆت
لەو عیلمە هەموو مەعلووم ئەبێ بۆت
زۆر شت کە قوڕئان باسی کردووە
تازە وا عیلم ڕێی پێ بردووە
عیلم تا دەستی بە ویسعەت بگات
ئیسباتی ڕاستی ڕیسالەت ئەکات
مرج البحرین لە سوورەی ڕەحمان
بخوێنەرەوە تا (لایبغیان)
جا ئەگەر کوڕی سیرڕی تێبگە
وەرنە زەرەرە ئینکاری مەکە
بە کووردی یانێ دوو بەحری واهەن
بە بێ تێکەڵ بوون بە یەکتر ئەگەن

بەشەر نەی ئەدێ ئەمە تا وەختێ
هێنایە بەر چاو عیلم هێندەی نەختێ
دەری خست لە بۆ مونکیری دڵ ڕەق
قوورئان فەرموودەی خودایە بە حەق
لە زانایانی(اوقیانوغرافیا)
یانی عولەمای ئەو زاعی دەریا
دەرچوی جامیعەی(کمبرج)بەعسەیە
لەگەڵ عولەمای میسرا دەسەیە
چوونە دەریاوە هەر وەکوو غەوواس
لە بۆ تەحلیل و ناسینی خەواس
لە بەینی بەحری ئەحمەر و هیندی
بەهۆی زانستۆ ئەم عیلمەیان دی
دییان کە یەک ئاو زاهیری حاسە
ئەبینێ، بەڵام دووە تەماسە
تەحلیل دەری خست کەوا دوو ئاون
بە خەواس لە یەک فەرق خراون
خواس تەبیعی و هی کیمائی
بە ئیجاب و سەلب بوە بە جیائی
لە بەینیانا کەوابوو مومکین
نابێ بە هیچ جۆر تێکەڵی یەک بن

سرری ئەمەیان لێ بوو بە مەراق
بە هۆی جیهازی (قیاس الاعماق)
دەرکەوت حاجزێ تەبیعی کەمتر
سەر کەوتۆتە سەر لە هەزار متر
بەڵام لە بنکۆ تا موستوای ئاو
هەزار و سێسەد متر هاتە ناو
وتیان سەبەبی ئەم حاجزەیە
کە فەرقی ئەم دوو خواسە هەیە
هەم لە خەلیجی عەقەبە و دەریای
سوور عەینی شتیان لە بۆ دەرهێنای
لە(لااقسم)هەتا(بنانە)
بخوێنەرەوە و مەعنای بزانە
مەفهوومی خوا ئەفەرمووێ ئینسان
پێی وایە ئاخۆ وەک ئیستە دیسان
ئێسقانەکانی کۆ ناکەینەوە
یانی حەیاتیان پێ نادەینەوە
با واتێ نەگا نەک ئێسکی کۆکەین
ئەتوانین ڕێکی بەسەر پەنجەی دەین
لە ناو ئەم هەموو ئەعزا کە بەشەر
خودا پێیداوە لە دەروون و دەر

بۆچی سەر پەنجەی هەڵبژاردووە
ئەعزایەتری ناو نەبردووە
ئەڵبەتە زیاتر لەوان سەر پەنجە
دارای حیکمەت و ئەسرار و گەنجە
گەرچی ئەسراری گەلێکە ئەمما
یەکێک لەوانە ئەوەتە لە ما
ساڵی هەزار و هەشتسەد و هەشتاو
چوار، خودا ئەمەی هێنایە بەرچاو
ڕەسمەن بۆناسین لە(انگلترا)
(طبع الاصابع) ئیستعمال کرا
دەرکەوت ئەندامی بەشەر هەموو یان
ئەشوبهێ بە یەک لە چلا دوویان
سەرپەنجە نەوەک ناشوبهێت و بەس
نزیک نابێتۆ پەنجەی کەس بە کەس
پەنجە بە چوار نەوع دروست کراوە
هەر یەک بە نەوعێ ناوی براوە
یەکەم(ئەقواسە) دووهەم(دەووامات)
سێهەمین(عەراو) چوار(مورەککەبات)
بێ حیکمەت نییە بۆ خودا ئەمی
لە ناو ئەنداما گرت بە موهیمی

تــەنییهــە بــەوەش لــە ڕۆژی جــەزا
بــێ تۆڵــە نیــە شــەهــادە و ئیمــزا
تــا تــەواو عــیلم تــەوەسسـوع نــەکـا
کەم کەس لە مەعنای قوورئـان تــێ ئـەگـا
نــەسسـی کــەلامــی حــەق تــەعالایــە
ئــەوەی مــەوجــوودی پــەسـت و باڵایــە
هــەموویــان ئــەکــەن بــۆ خــوا تــەسبیح
(وَ إنْ مِـــنْ شَـــیْئٍ اِلاّ یُسَـــبِّح)
هەندێ موفەسسیر وای تــەفسیر ئـەکـرد
ســەری حــاڵ ســوجدەی ئینقیــادی بــرد
وا تــازە ئــەمــڕۆ عــیلم ئیســباتی کــرد
مــەوجــوودات هــەمــوو چ گــەورە و چ وورد
تــەواو جــەمــاد و ســەوزی و بــەهــائیم
زەرراتـــی جســمیان ئــەبــزوێ دائــیم
بــێ ئــەوە کــە چــاو ئــەمــە حــس بکــات
یــا دەرکــی بــاقی حاســەی پــێ بگــات
کــە زەررات ئیســبات کــرا حــەرەکــەی
ئینکــاری زیکــری دەنگــی چــۆن ئــەکــەی
مــوعجزەی عیلمــی ئایــاتی قوورئــان
زۆر زۆرە هــەروا نایــەتــە بــەیــان

ئـەممـا هـەمـوو کـەس نیـە لایـەقـی
ئـــەوەی کـــە بگـــا بـــە حـــەقـــایقی
مـەر لـە ڕەزیلـە و مـەعسـیەت پـاک بـێ
لـە خـوا ناسـیا لـە عالـەم تـاک بـێ
وەک لە بێ دەستنوێژ مەمنووعە مـەسسـی
بـە ئـەهلـیش نـەبـێ نـادری دەرسـی
قوورئـان ئـەوەنـدە شـەئنـی جـەلیلـە
لـەم عـەسـرەش کـەوا ئیسـلام زەلیلـە
لـە نـەشـری ئـەحکـام بـێ ئیقتـدارە
موسوڵـمان خۆشـی لـە خـۆی بێـزارە
خـوا بـە وەسـیلەی ئیزاعـەی ڕادیـۆ
لـە ڕوومـا و بـەرلـین پـاریس و توکیـۆ
عاسـمەی دوەل هـەمـوو قـاڕڕەکـان
نـەشـر ئـەکـا بـە نـاو عالـەمـا قوورئـان
سـەنـەدی بیسـتن لـە گشـت ئـەسێـنێ
تا سبەی هـیچ کـەس عـووزری نـەمێـنێ
خـودا مـورادی نـەشـری قوورئانـە
غایـەی ئـەوانـیش کـەیفـی خۆیانـە
تـا بلێـی قوورئـان ئیعجـازی زۆرە
نومایـان هـەروەک شـوعاعی خـۆرە

سەیری ئەسراری ئەم قوورئانە کە
تەماشای حیفزی ئەم قەڵغانە کە
بیست و پێنجی مانگ لە ڕەمەزانا
مورشدی کامڵ عارفی زانا
حروفی حساب ئەکا بە ئەبجەد
نەتیجەی جەمعی بگاتە هەرچەند
لە سەر کاغەزێ تەرتیبی ئەدا
چوار خانی وفقی لێ دروست ئەکا
لەگەڵ ئەنجامی ویرد و شرووتی
بخرێتە بەرگی خوێ بە مەزبووتی
ئەوە بە هەر کەس ببێ وەختی جەنگ
ئێتر ئەمینە لە گوللەی تفەنگ
ئەو گوللە بەندە سوپەرێ وایە
سەد گوللە لێی‌دا هیچی لێ‌نایە
زۆر دەفعە بووە لە بۆ ئیمتحان
کراوەتە مل مریشک و حەیوان
ئەوەندە گوللەی لە سەر باریوە
ئەغڵەب پەڕ و مووی لێ هەڵوەریوە
بەو هەموو گوللە لێیان دراوە
قەترەیە خوێنیان لێ نەبینراوە

جێـی حیـرەت نیـه کـەلامـی خوایـه
ئـەگـەر وا نـەبـێ حـەیـرەت لـەوایـه
بـەڵام لـەم ڕۆدا لای هـەنـدێ وایـه
تـەئسـیری دۆعـا بـه هـۆی بڕوایـه
مەسەلـەن ئـەڵێـن هـەر عـەقیـده خـۆی
بـەو گـوللەبـەنـده هـۆی نـه بڕینـه بـۆی
ئـەڵێـم ئـەیکـەنـه ملـی حـەیـوانێ
حەیـوان عـەقیـدەی بـه نـەبـڕین کـوانێ
دیسـان ئـەزانـێ عـەقیـده چیـه
جـەزمێـکه شـک و وەهمـی تیـا نیـه
کـه ئیمتحـانی گـوللەبـەنـد کـرا
مـەعنـای ئـەوەیـه شـکی تیابـڕا
دووبـاره هـەتـا جـەمعـی یـەک نـەگـرێ
کەمتر تـەجروبـەی گـوللەبـەنـد ئـەکـرێ
جـا لـەو کۆمـەڵا یـا یـەکـێ یـا دوو
بڵێـن عـەقیـدەی بـەو دۆعایـه بـوو
بـاقی تـر یـاخۆ بـه شـک پێـی وایـه
نایبـڕێ وەیـا هـەر بـێبڕوایـه
کـەوا بـوو ئیتـر عاقیـه و یـەقیـن
هـۆ نیـه لـه بـۆ بـڕین و نـەبـڕین

گەر عینادی مەحز لە دڵا دەرکەی
زەریف لە مەعنای قورئان بەزەرکەی
ئەبینین کە هیچ چاکە نەماوە
ئیللا بە فیعلی ئەمر کراوە
وەیا نابینی هەرچی خراپ بێ
بە سیغەی تەهدید مەنع نەکرابێ
خۆلاسەی قورئان ئەمر بە بەشەر
ئەکا بە کەسبی فەزیلە و هونەر
جا کە تۆ بێزار لە فەزائیل بی
ئەبێ بە خولقی شەستان مایل بی
چونکە وەک وتمان ڕەزیلە هەموو
دەرجە لە نەفسی ئیبلیسی بەدخوو
قورئان ئەیەوێت لەوت دوورخاتۆ
بە ئەخلاق الله نزیکت کاتۆ
دیسان ئەفەرمووێ ئەبێ بۆ ئەوە
کە بۆی داناوی ئەم ڕۆژ و شەوە
لە چۆرێ ئاوی ناپوختی نابوود
بەم شکڵ و عەقڵە هێنایتیە وجوود
لە ئەسپابی ژیین هەرچیت پێ ئەوێ
پێی داوی پەکت لە هیچ ناکەوێ

ئەبێ لەشوکری سستی نەیەنی
ڕەسمی بەندەگی بۆبەجێ بێنی
هەموو ڕۆژ و شەو بۆ زیکر و سەنای
حازربی پێنج جار ڕووکەیتە درگای
بەرلەوە بڵێی (الله اکبر)
خەیاڵات لە دڵ گشت بکەیتەدەر
ئەبێ وا ئەدەب جەمبێ لە دڵتا
تا سەلام خشوع هەربێ لە گەڵتا
ڕێی نەدەی غەیری جەلالی باری
بەودا خەتەرەی تر بکا جاری
ئەبێ کە (الله) لە دەم دەربێنی
بە(اکبر) بتی هەوا بشکێنی
وەختێ (وَجّهتُ وَجْهِيَ)ەت ڕاسە
کە دڵ لە خزمەت(إلە الناس)ە
وەرنە (وَجّهتُ)ی قیبلەت بەتاڵە
چوون جیهەت لەبۆ خودا مەحاڵە
ڕووی دڵ لە بازار تەن لە بەرد و دار
ئەی چ ڕوویەکتە لە پەروە ردگار
ئەبێ ئەو نوێژە وا بەجێ بێنی
کەوا بزانی خودا ئەبینی

کــە مــومکین نــەبــوو تــۆ ئــەو ببینــی
ئــەو چــاک ئــەبیــنێ تــۆ بــە یــەقینــی
زیللـــەتـــی تـــەواو بێـــنە بـــەرەوە
ســەرت لــە ئــەسڵــی خــۆت بـدەرەوە
ئــەمانــەت کــە بــاش هــات بــە دەســەوە
الله اکبـــر بڵـــێ و هـــەڵســـەوە
کاتێـکیش ســەلام ئــەکــەی لــە نــەبــی
حــازرە حــەزرەت لێــی غــافڵ نــەبــی
لــەغــوە ئــەو نوێــژە گــەر ئــەو جــەنابــە
حــازر نــەبــێ چــۆن کــافی خیتابــە
تاعــەت بــۆ خــودا بــەم جــۆرە ئــەڵــبەت
سەبەبــی خــەوفــە لــەگــەڵ مــەحــەببــەت
خۆ مــەحــەبــەتــیش غایــەی ئــەهــەممە
چــون باعیســـە بـــۆ حوســـنی خاتیمـــە
خــودا بــە حــەققــی ئــەســما و ســیفاتت
بــە قــودســییەت و بــێمیســلی زاتــت
لــە هــەرچــی دەرد و غــەشــێ لــە دڵا
هـــەمـــە نـــەجـــاتم بـــدە یـــا الله
لە شەڕی بەدەن و نەفــس و دڵ هــەمــووم
بـــۆ بپارێـــزە یـــا حـــی یـــا قیـــوم

غـەیـری ڕەحمـی تـۆ هـیچ چـارەم نییـە
گــەر لوتفــت نــەبــێ عــیلاجم چیــە
تێــفکرە مــەعنــای قوورئــانی عــەزیـم
یــەعنــی کــەلامــی ئــەقــدەســی عــەلـیم
بـە پـەیکـی ئـەسـرار نـازڵ بوتـە سـەر
مەتلەعی ئـەعـلای تـەجـەلـلای ئـەکبـەر
بــەحــری زەخخــاری وەقــار و تــەمکـین
بــەدری فــەلــەکی عیرفــان و یــەقــین
بـەلیـغ‌تـری گشـت فوسـەحـای عـەرەب
مــەنبــەعی حــەیـا و عیففــەت و ئـەدەب
سەرچاوەی جـوود و سـیدق و سـەماحـەت
ســاحبی حوســنی خــولــق و مــەلاحـەت
کـــانی کـــەرەم و فـــەقیـــر نـــەوازی
ســـەرداری عالـــەم شـــاهی حیجـــازی
خـەزنـەی جـواهیر ئـەو سـافی کـەمـاڵ
شەمسـی دائیـرەی شـەوکـەت و جـەمـاڵ
میحـــوەری عولـــوم قـــوتبی دارەیـــن
(عــروة الــوثقی) بـــەدری منـــارەیـــن
نوقتەی ئەقسـای سیڕ ئـەربـابی شـهوود
خــەتــی وەســـەتــی دائیــرەی وجــود

(دَنیٰ) بـه تـەکمێـلٚ مـەعریفـەت (فکـان)
قــابی دوو قــەوسبــی وجــوب و ئیمکــان
(موحــەممــەد)نــووری بینــایی ئــادەم
واســتەی ئیخــراج وجـود لــه عــەدەم
لێــزمەی بــاران ڕەحمــەتــی خــودا
بــه ســەریـا دائـیم بـڕژێ لـه سـەردا
ئـەگــەر ئـەتـەوی زۆر بــاش بزانــی
ئــەخلاقــی گــەورە و ڕەوشــتی جـوانی
هــەر لــه ئیبتــدا ئایــەت بــه ئایــەت
قوورئــان بخوێــنه هــەتــا نیهایــەت
ئــەو جــارە ئیتــر لــه لات عــەیانــه
کـه ئـەخلاقـی ئـەو عـەینـی قوورئانـه
چوون نابێ کـەسێ ئـەمری تـەبلیغ کـا
عەمـەلٚ بـەو ئـەمرە لـه خـۆی درێـغ کـا
خوسوسەن قوورئـان چـاک لۆمـەی ئـەکـا
کـەسێ بـه چاکـه ئـەمرکـا و نـەیکـا
(اتــامرون) تــا (انفســــکم)[١]
ببینه و مـەعنـای لـه خـۆت مـەکـه گـووم

---

[١] - البقره/٤٤

جا تۆخوا کەسێک خوێندنی هەرگیز
نەبوبێ لە لای مامۆستا و (تلمیذ)
باوک و دایکیشی هەر بە منالی
جەهانیان لە ژین کردبێ خالی
لە گەورەییدا زاتێکی وابێ
موئەددەب تری گشت (ماسوی)بێ
کەلامێکی وا ئیعجاز بنوێنێ
بە سەر ئینسان و جیننا بخوێنێ
گەلی فوسەحا و شوعەرای عەرەب
عولەمای لوغەت لە شەرق و لە غەرب
هیچ کام نەتوانن سوورەتێ تەنیا
دروس کەن هەر وەک (انا أعطینا)
خودا بۆ خوشی بفەرموێ ئەگەر
ئینسان و جننی کۆبنۆ یەکسەر
با بۆیەکتریش ببنە پشتیوان
ناتوانن بێنن بە وێنەی قوورئان
وازبێنە لەوە کە موسولمانە
بڕوانە لە بۆ مەدحی بێگانە
(دیر مانجیم) ئەڵێ ئەبێ پێغەمبەر
موعجزەی ببێ شاهد بێ لە سەر

ڕاستی دەعوای ڕسالەتی خۆی
چونکە بێ ئیعجاز سابت نابێ بۆی
جوانی ئەدەبی زۆر بەرزی قوورئان
بەو گشت نوورەوە مەتەڵێکی وان
تا ئیستە بۆ کەس هەڵنەهاتووە
نوتق لە حەقیا پەکی کەوتووە
لە بۆ موحەممەد یەکەم ئیعجازە
کە وێنەی نەبوە و نابێتۆ تازە
تەحەددی کردووە لە گەڵ ئینس و جن
گشتیان وەک ئەمە ناتوانن بێنن
بە مەعنای کامڵ ئەبی بە بوورهان
بۆ ڕسالەتی موحەممەد قوورئان
(سیل) ئەڵێ قوورئان گەیشتووە تەرزی
جوانی و فەییازی بە ئەعلای بەرزی
وەختێ ئایاتێ تیلاوەت ئەکرێ
زیهنی گوێگران گشت بە دیل ئەگرێ
حەتتا ئەو کەسەش کە پێی مونکیرە
چاری هیچ نیە پێی ئەڵێ سیحرە
بێگانە زۆریان هەروا تێ ئەگەن
ئینساف ئەدەن و ئیعتراف ئەکەن

تۆش ئینساف بدە و ڕێگەی حەق بگرە
لە گەڵ دیققەتا باش تێبفکرە
کەسێ میزاجی سەفراوی نەبێ
قابلی سەعی و تەداوی نەبێ
نازانێ کە ئەم شیرین ئەوسافە
ئەم بەحری جوود و عەفو و عەفافە
ئەم کانی سیدقە ڕەسولوڵڵایە
قوورئانیش وەحی حەق تەعالایە
بەڵام کام ئاوە خۆش و زووڵاڵە
لە دەم نەخۆشا ناخۆش و تاڵە
ئەم شەوق و حوسنە کە ڕۆژ پێیەتی
شەمشەمە کوێرە ڕقی لێیەتی
قائیدی هەر کەس (کلام الله) بێ
مەحاڵە هەرگیز تووشی بەڵا بێ
خودا بە حوکم و حیکمەی قوورئان
کە ناردوتە بۆ گرۆی ئینس و جان
لام بدە لە هەر خویە زەمیمە
(اهدنا الصراط المستقیمَ)
ڕێگەی ئەوانە مەستی نیعمەتن
نەک ڕێی ئەوانە پەستی لەعنەتن

بمخـەژێـر لیـوای ئـەو فـەلـەک سـایە
کـە کـەون نـەدەبـوو گـەر ئـەو نـەبوایـە

بەیانی شەرەفی نەوعی ئینسانی

وە سیحەتی حەدیسی قودسی

(لولاک لولاک لما خلقت الافلاک)

بـرام نـەفسـەکـەت ئـەگـەر ئـەپرسـێ
چۆن دروست بوو کەون بۆ تەنهـا کـەسـێ
بزانـە عالـەم مـەعقـول و مـەحسـوس
مـەقسـودە لـەبـۆ حـەزرەتـی (قـدوس)
ئـەجرامـی علـوی و سـوفلی هـەموویـان
مەعلـوم جـەمادن بـێحیس و بـێگیان
لـەبـۆ خزمـەتـی نـەبـات و حـەیـوان
دایـم خـەریکـن ئـەجـرام هـەموویـان
فـەرزەن گـەر جـەماد تـەرەقـی بکـات
شـەئنـی بـە روتبـەی نـەبادات ئـەگـات
ئـەمما گـەر تـەرفیـع بکـا نـەباتـات
پایـەی ئـەگاتـە شـەئنـی حـەیوانـات
کـەوابـوو ئـەجـرام چونکـە بـێدەرکـن
لـە قـەصدی بالـذات بـۆ خـودا تـەرکـن

غـەرەز لـەم علـوی و لـەم سـوفلی‌یانـە
لـەبـەر خزمـەتـی سـەوزی و حـەیوانـە
دیسـان ئـەبیـنن جینسـی نـەباتـات
نەرۆحی هـەیـە نـە هـیچ حیس ئـەکات
ایجـادی لـەبـەر قـووتی حـەیوانـە
یـا لـەبـۆ دەوای دەردی ئـەوانـە
کـەوابـوو ئـەویـش مقصـودی بالـذات
نـەبـوو بـۆ خـودای زەوی و سـەمـاوات
حەیـوانیش هـەمـوو بـەغـەیـری ئینسـان
لـە قـەصدی بالـذات خـاریجن دیسـان
چوون هەرچـەنـد ئینسـانْ حیسـی تێـدایە
بـەڵام لـە (حسّـی حـسّ)بـێ‌ئاگایـە
دەستی بەشـەریـش بـە گشـتی ئـەگـات
ئـەنـواع تسـەروف لـەوانـا ئـەکـات
کەوابوو مـەقسـوود لـەم گشـت ئێحسـانە
لـەبـەر خـاتری نـەوعـی ئینسـانە
سـەبـەبـی خـەلقـی ئینسـانیش یـەقـین
عیرفانـە بـە زات رب‌العـالمین
حـەدیسـی قودسـی(خلقـت‌الخلـقَ
لکـی اعـرف)مـەعلوومـە حـەقـە

چون ئەگەر لەبەر خەوو خواردن بێ
تا بەینێ ژین و دوایی مردن بێ
چ فەرقی ئیتر لە گەڵ حەیوانە
فائیدەی چی بوو ئەم خزمەتانە
هەور و با و فەلەک مانگ و ڕۆژ تەواو
خەریک بن تا تۆ ژینت دێتە ناو
تۆش هەر بۆ ئەوە بخۆی و بمری
کەوابوو داری دڕکی بێ بەری
مادام بێ کەڵک و موزڕڕ و زڕی
لایەقی لوقمەی بڵێسە و گڕی
بە فەرموودەی خوا مەوجوودات برا
خەلقی هیچ کامی بە گاڵتە نەکرا
(وما خلقت الجن و الإنس)
تەفسیری لەلای زانا بپرسە
لای ئەهلی قوورئان(لیعبدون)
تەفسیر کراوە بە(یعرفون)
ڕێی مەعریفەتیش تەرکی هەوایە
حوسنی عیبادەت وەرع و تەقوایە
دروستی نەکرد ئەجیننە و ئینسی
ئیللا بۆ ناسین زاتی ئەقدەسی

کە وابوو مەقسود لە خەلقی ئینسان
بۆ مەعریفەتە بە زاتی یەزدان
خۆ مەعارفیش بەحرێکی وایە
ساحلی نییە و ئینتهای نایە
ئەمما دەرەجات لەوا بۆ ئینسان
هەیە بە گوێرەی زیادی و نوقسان
ئەنبیا و زومرەی ئەولیا هەر یەک
تەشریف کراون بە مەرتەبەیەک
هەرکامێ ئەگری لەو بوزورگانە
نەهەنگی قەعری بەحری عیرفانە
هەریەک بە قەدەر مەعریفەتی خۆی
ئەسراری قودسی مونکەشیفە بۆی
گەورەییش لە ناو ئەو ئەشرافانە
بە پێی ویسعەتی عیلم و عیرفانە
مەقسودی ئەسڵیش لە گشت ئەشیایە
ئەعلاتریانە بە ڕوتبە و پایە
هەروەک لە سەدا گشت ئەعدادی پەست
هەیە وەکوو سی، پەنجا، نەوەد، شەست
ئینجا بە علم الیقین بزانە
ئەرفەعی هەرچی ڕوتبەی ئێحسانە

ئـــەقســـای دەرەجـــات لـــە مـــەعاریفـــا
عـــەتـــای فـــەرمـــووە خـــوا بـــە موســـتەفـــا
یـــەعنـــی موحـــەممـــەد سـید البشـــر
شـــاهی کـــەونـــەیـــن و شـــافعی مـــەحشـــەر
وا دەرکەوت تـــەنها هـــەر مـــەعـــاریف بـــوو
کە قەسدی بالـــــذ ات لـــەوا صـــاریـــف بـــوو
بـــالتبع لـــە بـــۆ ئـــەجـــرام و حـــەیـــوان
قـــەســـد و ئیـــرادە صـــادر بـــوو بۆیـــان
ئیتـــر کـــە جـــەمـــاد لـــە بـــەر نـــەبـــات بـــێ
نـــەباتـــات خۆشـــی بـــۆ حـــەیوانـــات بـــێ
خـــەلقـــی ئـــەوانـــیش لـــە بـــەر ئینســـان بـــێ
ئینسانیش لـــە بـــەر کـــەســـبی عیرفـــان بـــێ
فـــەردی کاملـــیش لـــە ئـــەهلـــی عیرفـــان
رســـــول الله بـــێ بـــێشـــوبهە و گومـــان
دیـــارە لـــە بـــەر ئـــەو حـــەزرەتـــی مـــەننـــان
هێـــــنایە وجـــــود ئـــــەرز و ئاســـــمان
ســـەحیحـــە بـــێ شـــک خیتـــابی (لـــولاک
لـــــولاک لمـــــا خلقـــــت الافـــــلاک)

تەقسیمی موجود بە مەحسوس و غەیرە

وە ئەدیللە لە سەر وجودی کائیناتی غەیرە مەحسوسە

ئـــەنـــواعی زۆرە مـــەخلـــوقی خـــودا
زاتەن و وەسـفەن گشـت لـە یـەک جـودا
هـــەر شـــکڵ و ڕەنگـــی ئینســـان بیـــەوێ
لـە خـەزنـەی کـەونـا دەسـتی ئـەکـەوێ
قیسـمێ لـە مـەوجـود ئـەونـە لـەتیفـە
قـــووەی حـــس لـــە بـــۆ دەرکـــی زەعیفـــە
وەک مـــەلائیکـــە و ئـــەرواح و جننـــی
یاحاڵـــی قـــەبـــر کـــەنایـــان بینـــی
بـــەعزێـــکیش پـــڕی جســـمی وەهایـــە
حـــەواس لـــە دەرکـــی بـــەشـــی تێـــدایە
جۆرێـــکیش لـە گـەڵ هـەر دوو شـەریکـە
بـــەڵام بـــە لایـــەک تـــەواو نزیکـــە
لتافـەتـی ئـاو هـەرچـەنـد مـەشـهوورە
لـە قیسـمی لـەتیـف ئیشـتاکوو دوورە
تـــەواو نزیکتـــر بـــە لـــەتیـــف وەک(بـــا)
کـە جـار جـار حوشـتر بـە بـارۆ ئـەبـا
دەمدەمـیش ئـارام بـێ سـروە و دەنگـە
چـاویش ئـەکـەیتـۆ بـێ شـکڵ و ڕەنگـە

ڕەنگــە بپرســی لــەو فیرقــە کــەوا
بــە جــنن و مــەلــەک نیانــە بــڕوا
بلێی ڕاست ئـەکـەن ئـەڵێـن هـەیـە(بـا)
جوابــت بــدەنــۆ بــە نــەفــی و ئیبــا
ئــایینی وایــە هــەرچــێ نــەبیــنن
ئیمــان بــە بــوونی ئیتــر نــەیــەنــن
دوێ کەس نەی ئـەدی وجـوودی میکـرۆب
وا ئێســتە دەرکــەوت بــە میکرۆســکۆب
(تەنویمیش)لـە بـۆ مـاددی ئیسـبات کـرد
کە بەشـەر تـەنها هـەر بـەشـەرەی مـرد
وەیـا لــە خــەویـا کــەســێ ئـەخــەوێ
لــە خــەویـا ئــەڕوا پێـی هــەڵ ئـەکــەوێ
هەڵ ئـەسـێ ئـەڵـێ ئێسـتا کـە خـەوتـم
وامزانــی لــە ســەر بانێــکۆ کــەوتــم
یاخۆ لـە خـەومـا لـە سـەیـری بـاغ بـووم
مەسروور و خۆشحاڵ خـاوەن دەمـاغ بـووم
ئــەو کــەســەش کــەوا لای‌دانیشــتوە
ئـەبیـنێ کـە ئـەم شـەخسـە نووسـتوە
هــەر وەکــوو مـردوو بــێ‌دەنــگ و باســە
حــەرەکــەی نــەبــوو غــەیــری هــەناســە

بڕوای بەم هەیە و مونکیرە بەوە
نازانێ مردن کە برای خەوە
جەواهێر بێحەد لە کەنزی کەونا
مەوجوودە و بێبەش لە شکڵ و لەونا
کێ ئەیوت هەوا تەئسیری تیایە
کە هەوا خۆشی لە بینین نایە
کەوا بوو ئیتر ئینکار بێسوودە
زۆر شت نابینرێ کەچی مەوجوودە
عەلاوە زۆر کەس لە کاتی وەفات
لە پڕ سروور و خۆشی بۆ ئەهات
ئەی وت وا چرای کەرەم هەڵکرا
جێی خۆم لە بەهەشت پێنیشان درا
نە خۆشێ وتی مژدەم درایە
دووسبەی جێگەت ئەو دنیایە
ئەم بەشارەتەی زۆر لەلا خۆش بوو
هەر بەو میعادەش لە دنیا دەرچوو
یا لە مردندا شەخسی وەها بوو
ئەیوت(علیک السلام) بفەرموو
ئالەم نەوعانە زۆر واقیع بووە
کە وەختێ فەوتی بەیان کردووە

دەفعەیە شەخسێ لە نەخۆشیدا
شەو بوو لە عەینی هۆش و خۆشیدا
مەجلسی دەوری کردنە دەرەوە
ئەیوت با میوان بێنە بەرەوە
پاشتر عەینی شەو بانگ کرانەوە
بە ئیلحاحی زۆر بۆی گێڕانەوە
وتی ئەوانە تەشریفیان هاورد
لە ئەهلی عیسیان نەفرەتیان ئەکرد
دوای ئێوە هاتن منیش بێ‌پرسین
ئەوانم یەک یەک هەموو ئەناسین
وتیان مالّی تۆ ئەونەی نەماوە
سبەی خۆر بدا لە کەژ تەواوە
لەگەلّ تەواو بوو لێرە کۆچ ئەکەی
بە قەسری باغی بەهەشتت ئەگەی
شەو تا بەیانی تا کاتی هەتاو
ئەی پرسی لە بۆ سەعات ناو بە ناو
هەتاو کە وەختێ دای لە شاخ و گرد
شەهادەی هێنا و خواحافیزی کرد
جارێ چەن کەسێ بۆ سەفەر ئەچوون
بۆ خەوتن شەوێ تووش چۆلّیە بوون

یەکێکیان هەستا لە عەینی شەودا
وتی هەر ئێستە بینیم لە خەودا
لە پڕ گرمەیە هاتو دوای ئەوە
کەوتمە ناو باغێ خۆش ئەوزاعەوە
نەهر و ئاوێ خۆش تالاری عالی
جێگەیە وابوو نەبوو ئەمسالی
لەوا بوو کە خەو بەیانکا بۆیان
لە پڕ بەر شلیک دران هەموویان
ئەو جەماعەتە هەر مەبەلەغێ بوون
بە سەلامەتی هەموویان دەرچوون
ئەو شەخسە ئیشتا گەرمەی قسەی بوو
گوللەیە لێیدا و زوو ڕۆحی دەرچوو
دیسان عادەتی ملووک وەهایە
کەم کەس لە ئەسرار ئەوان ئاگایە
مەگەر هەر دەسەی وزەرا و ئەعیان
ڕێیان بێ جار جار بچن بۆلایان
بۆ باقی مەمنووع لەگەڵ ئەویشا
هەر عونسورێکن بێنەوا و پاشا
ئەی تۆ تەماتە بەم قوسورەوە
بەم جەهل و خەتا و گشت غورورەوە

بزانــی ئـەســرار خودایــە کــەوا
موحتــاجی ئــەون شــاە و بــێنــەوا
یـا لــەبـۆ مــن، تــۆ، بێنێــتە وجــوود
پایــەی حــوزور و مــەقــامی مـەشـهوود
شــەرەفــی حــوزور زانینــی ئــەســرار
خاسســی خــەواســە و ئــەولیــای کیبــار
میســلی فریشــتە و ئــەحوالــی قوبــوور
یــا لــە مــەغیبــات ســائیری ئومــوور
لـە قیسـمی ئـەسـرار ئـەدەسی شـاهین
لــە مــەخسووســاتی عیلمــی ئیلاهــین
وەلاکــین بــەعــزێ عیبــادی کیــڕام
تــابعی ئــەخــلاق ســیدالانام
بــە عیلمــی(لــدن)لــە لای خــداوە
بــەعــزێ ئــەســراریان بــۆ دەرخــراوە
لازمــە لـەســەر شــەخســی موسولــمان
ئیمــان بــە هــەمــوو ئایــەتــی قوورئــان
ئــەبــێ بــاوەڕمــان بــبێ مــەلائیــک
هــەن بــێ نێــر و مــێ بــێ بــاب و دایــک
بــێ خــەو و خــواردن ئــەژیــن و ئــەمــرن
هــەمــوو لایــعصــو ن مــوتیعی ئــەمــرن

بـەعــزێ بــە تاعــەت ڕوخســەت دراوە
قیســمێ ئوموریــان تــەفــویز کــراوە

بەیانی هۆی کەهاڵی لە بەجێ هێنانی فەرمانی خوا

بە سروەی سەبـای فکـری حـەقـق بـۆ دڵ
غونچەی مەعریفەت ئـەپشـکوێ بـە گـوڵ
بەڵام بە سـەبـەب عیشـقی ئـەم نـەفسـە
بـۆ جیفـەی دنیـا لـەو خێـرە حـەبسـە
چونکــە مــەشــهوورە دڵ هــەر دڵێــکە
مــەربــوتی ڕوشــتەی عیشــقی گوڵێــکە
ســایری ئــەشــیای لــەلا مــەعدومــە
خـۆی لـە خـۆی فـانی بـە کـوردی گومـە
وا بــەو داوەوە هــەتــاکوو ئــەمــرێ
کــە مــردیش خــاوەن دڵ لێــی نــابوورێ
هــەیــە عاشــقێ ســکەی دینــارە
بــۆ کۆکردنــەوەی دڵ برینــدارە
مـەحبـووبی بـەعـزێ حـەیـوان دارییـە
بــۆ بزنــە شــەلــێ دەردی کارییــە
بـەعـزێ تـالبی شـەئـن و عیـزەتـە
تـا مـاوە بـەشـی داخ و زیللـەتـە

بــەعــزێ راغبـــی هێســـتر و کـــەرە
قســـمی (مــــروج) فیعلـــی مونکـــەرە
تـــاقمێ عیشـــقی وا لـــەگـــەڵ پیشـــە
هەرکەس مەجنـوونی لـەیلـی یـەک ئیشـە
دڵ کــە لــە حــوببی ئــەمانــە پــڕ بــێ
ئـەبــێ لــە بــەری مــەعریفــەت زڕ بــێ
چونکــە جامێــکت کــە پــڕ کــرد لــە دۆ
جێـــی شـــتیتـــری تێـــدا نابێـــتۆ
لــە لای ئــەوانــە ئــەهلــی عیرفـــانن
هــۆی بــێ فــەرمــانی ئــادەمــی دوانــن
سەبەبی هەردووش هـەنـد بـێ فـەڕییـە
ســەبــەبــی گــەورەی ئــاخر شــەڕییــە
یــەکێــکیان شــکە بــە بــوونی میعــاد
(نعـــوذ منـــــه بـــــرب العبـــــاد)
یــەکـێ تریشـــیان عــەلاقــەی قــەوی
بــە مــاڵ و جــاە و ئــەمــری دنیــەوی
وەکــوو ئــەوانــە کــە ناومــان بــردن
بــۆ مســاڵ باســی بــەعزێــکمان کــردن
دەوا بـــۆ هــــەردوو تــــەرتیــب دراوە
بۆیــان لــە شوشــەی میســال کــراوە

بەیانی دەوای نەخۆشی تەڕدید

(اعاذنا الله منه بفضله و رحمته) آمین

بـۆ ئـەوەی کـەوا خـەستەی تـەردیـدە
لـە دڵـیا کـزە نـووری عـەقیـدە
ئابـەم میسـالە بـا عیبـرەت بگـرێ
ئـەوا کوتوپـڕ بـەو دەردە بمـرێ
شـەخسێکی برسـی چووەوە بـۆ مـاڵ
کەسی تیـا نـەبـوو غـەیـری یـەک منداڵ
بینـی کـە یـەک زەرف پـڕ لـە تـەعامـە
تـەعـامی زەریـف خـۆش بـۆن و تامـە
ئیشتیهای نەفسـی غـەڵـەبـەی لـێ کـرد
چووە پێشـەوە دەسـتی لـەبـۆ بـرد
لـە پـڕ ئـەو تفڵـە بـانگی کـرد مـەخۆ
خـواردنی ئـەوە زەرەرە بـۆ تـۆ
وتـی بـۆ وتـی ئێستـە کـە یـەک مـار
هـات سـەری تێـنا پـڕی کـرد لـە ژار
جاقـەت وەهمـی کـەس بـۆ ئـەوە ئـەڕوا
ئـەو شـەخسـە ئیتـر لـەو نانـە بخـوا
نەفس حەبسی ئـەکا بـەو برسێـەتـی‌یـە
ئـەڵـێ لـەم چێشـتە چـەشـتن شێـتی‌یـە

هـەر چـەنـد کـە قسـەی ناموعتـەبـەرە
بـەڵام بـۆ ژیـنم جێـگەی خـەتـەرە
درۆکـا زەرەر هـەر نـەخواردنمـە
ئـەگـەر ڕاستیشـکا ترسـی مردنمـە
ئەی خۆ یەکسـەد و بیسـت و چـوار هـەزار
پێغەمبـەر هـەمـوو ڕاسـت قسـەو گوفتـار
کـە بـۆ دوژمنیـان مـەعلـووم بـوو ئـەمـە
مـەدحـی ئـەخلاقیـان تـا بکـەی کـەمـە
لە مـەعریفـەتـا بـەحـرێ بـوون بێپـەی
لـە کـەماڵاتـا کـەس پێـیان نـەگـەی
هـەمـوو فـەرموویـان خـودای تـەعـالا
موحاسـەبـەی خـەلـق ئـەکـا لـەمـەولا
شـک نیـە کـە دێـت سـاعەتـی دەسـتور
بـە وەعـدەی(اذا نفـخ فـی الصـور)
نـاقورکـە سـەدای ئیحیـا هـەڵبێـنێ
مـردوو لـە قـەبـرا ڕائـەپـەڕێـنێ
جاهـەرکـەس وەفقـی دەسـتووراتی ئـەو
نـەجووڵابێـتۆ بـە ڕۆژ و بـە شـەو
یـا بـە قـانوونی ئـەو نـاڕازی بێ
لـە ئیشـی خۆیـا هـەر خـۆی قـازی بێ

لە ناو ئەو جەمعا ڕوویان ڕەش ئەکا
عەزابی سەختیان بۆ بەش بەش ئەکا
پەنا بە لوتفت ئەگرم ئیلاهی
لە هەوڵی حەشر و لە ڕوسیاهی
تەسلیمیان ئەکەن بە زەبانی یە
کە هیچ وەک ئەوان غەزەب ناک نی‌یە
لە قەهر و غەزەب دروست کراون
بۆ عەزابی سەخت تەرتیب دراون
یەک زەڕڕە ڕەحمیان نەچووە بە لادا
خودا بە ڕەحمەت لەوانمان لادا
ڕوو گرژ و عەبوس هەموو ڕق ئەستوور
هەیکەڵ و قەوی و لە تەرەححوم دوور
مەءمووری عیقاب ئەزیەت و ئێشن
ناوچاویان ئەگرن ڕایان ئەکێشن
تەسلیمیان ئەکەن بە دەستی مالک
ڕەئیسی تەعزیب تەبەقەی هالک
ئەویشی ئەیان‌دا بە دەست مەءموورۆ
بە قەهر و بۆیان نەچن لە دوورۆ
ئەیان خەنە ناو قەعری جەهەننەم
حەبس‌خانەی پڕ لە ئێش و ئەلەم

که تێیان ئەخەن دەسته بە دەسته
نەعرەتە پێکۆ، ئەکا بلێسته
ئاگر لە داخی ئەشقیای بێ فەیز
تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ[١]
مەئمووری دۆزەخ جەسوور و قایم
عەزابیان لەسەر زیاد ئەکەن دایم
ئەوانیش هەموو(کریه المنظر)
بێ ڕەحم و بەسام نیهایەت بەدەر
وایان وەسف ئەکا(خالق العباد)
(ملائكة غلاظ شداد)
حاڵی ئەمانە ئەبەد وەهایە
ئەبەدیش مەعنای (بلا نهایە)
مەسەلەن بەینی زەوی و ئاسمان
پڕ کەی لە هەرزەن یا لە داڕووجان
تەیرێکیش بێ هەر بە هەزار ساڵ
یەک دەنکی بخوا بە فەرزی مەحاڵ
عاقیبەت هەموو ئەبڕێتەوە
ئەبەد هەر وەک خۆی ئەمێنێتەوە

[١] - الملك/٨

جـا بـه قـەد قسـەی منالـێ تـەنیـا
بائـەڕت نیـە بـەو گشـت ئـەنبیـا
دەبـا دەسـت بـەردار لـە خراپـە بـێ
نـەبـا دووچـاری ئـەو عـەزابـە بـێ

شەرحی نەخۆشی:نەخۆشی دووهەم

بـۆ ئـەوەش ئـەڵـێ مـن خـاوەن بـڕوام
عـەقیـدەم هـەیـە بـە هـەمـوو ئـەحکـام
ئـەممـا عـەلاقـەم بـە تاعـەت کـەمـە
پـەیـوەنـدم لـە گـەڵ دنیـا مـەحکـەمـە
پـەرداخـی میسـاڵ حـازر کـراوە
شـەربـەتـی شـیفای بـۆ تێـکراوە
بـەڵام واچاکـە پێـش ئـەوە کـەوا
پارێـز بکـات و دەواکـەی بخـوا
ئـەبـێ بـزانێ ئـەو نـەخۆشـییە
کـە ئـەو هـەیـەتـی خـەتـەری چییـە
ئـەوانـە کـە وا بـەیانمـان کـردن
بـۆ میسـاڵ نـاوی هـەندێـکمان بـردن
هـەر یـەکێ ڕاوچـی عیشـقی کـەسێـکە
داوی عـەلاقـەی قـاچ و دەسێـکە

وتمـان لـە هـەرچـێ زەرفـێ پـڕ بکـرێ
مــەحاڵــە ئیتــر شــتیتـر بگــرێ
خــۆ واجیبیشــە لــەو وەختــەدا گیــان
دەرئــەچــێ دڵــمان پــڕبێ لــە ئیمـان
ڕەزا بــە قــەزای خــودای بێــچوون بــین
نەک لە غەمی ژیین لە دەس دەرچـوو بـین
گــەر دڵ لــەو وەختــا لــە ڕۆح جیائــەبێـتۆ
لـــە خــــواوە بــــۆ لای دنیــــا لاکــــاتۆ
(اعاذنـــاالله)ســــەر بــــەرەو خـــــواره
نزیــک لــە تــەردی خــودای جــەبــاره
بــەڵام ئــەوانــە کــە بــەختیــارن
بــۆ ئیتاعــەی حــەق فــەرمــان بــەردارن
لــێیــان مــەعلوومــە لیــره میــوانن
حــەقــی میــوانی زەریــف ئــەزانــن
ئــەزانــن ئــەگــەر هــەرکــەسێ تــاوێ
لــە جــێیــە بــوو بــە میــوانی پیــاوێ
ماڵــی خانــەخــوێ بــا تــەواو خــۆش بــێ
پوخت و ڕازاوە و پڕ عــەیــش و نــۆش بــێ
چــۆن لێــی یــەقینــە هــەرچــەنــد دانیشــێ
بــۆ ڕۆیــین ئــەبــی زەحمــەت بکێشــێ

ئیتر عەلاقەی لەگەڵ ئەو ماڵە
بە لاوە شێتی و فکری بەتاڵە
کە ماڵەکەشی بۆ بەجێ بێڵێ
حەوشەکەی هەموو بە شوکر ئەکێڵێ
چاک ئەم دەرسەیان ڕەوان کردوە
نمرەی نەجاحیان تەواو بردوە
باش ئەدوورن لە بەر گلۆپی بڕوا
بە دەرزیی عەمەڵ لیباسی تەقوا
وەفقی دەستووری خودای(ذوالمنن)
تەقالا ئەدەن بە ڕۆح و بەدەن
کەسبی موحیببەت خودایان ئەکەن
تا بە سەربەرزی بچنەوە وەتەن
ئەوانە بێ شک هەمیشە دڵیان
کەیلە لە حوببی مەعبوودی خۆیان
لە(وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الْمُجْرِمُون
نَاكِسُو رُءُوسِهِمْ) بەدەر بون
موجریم مەعلوومە سەردانەواوە
وا لە ژێر باری قورسی خەتاوە
دڵ وەکوو زەرفە تا ڕووی لە خوا بێ
پڕە و نارژێ و سەرەوژێر نابێ

دنیا چوون دەنی و فانی و بێخێرە
دڵی ڕووی لەو بێ سەر بەرەوژێرە
بۆیە وا موجریم بە نەسسی کتاب
سەردانەواوە لە ڕۆژی حساب
موجریمە[1] ئەوە کاتی ڕۆح دەرچوون
دڵ موبتەلابێ بە غەیری بێچوون
کەوابوو هەر کەس بە چ شتێکەوە
پەیوەندی ببێ و بژین پێکەوە
خەویش ببینێ لەگەڵ ئەوایە
حەدیسە مردن بۆ خەو برایە
گەر خوا نەخواستە هەرکەسێ وابێ
مەحەبەتی هەر لەگەڵ دونیا بێ
ئیرتبات لەگەڵ خودای خۆی ببڕێ
بە کوللی پەردەی مەعسییەت بدڕێ
زەحمەتە کاتێ ڕۆح تەسلیم ئەکات
گەوهەری لالای سەعادەت ببات
بەڵکوو بە دەردی خواری دووچارە
کە ڕووی لە خوارە سەر بە رەوخوارە

---

[1] - وادیارە (جورمە) بی باشترە.

ڕاسته فـەرمـوودەی خـوای ذوالمـنن
مـاڵ و منالـتان بـۆ ئێـوه فیتنـەن
خـودا بـه حـەققـی عیـززەتـی شـاهیت
بـه خـەزنـەی ڕەحمـی لاموتـەناهیـت
به ئیسمی ئەعزەم به ئـەسمای حوسنات
بـه سـیفاتی زات پـاکی بـێهـەمتـات
بـه جـاهی سـیرڕی سـینەی موسـتەفـا
بـه ئـەنـواری دڵ ئـەربـابی سـەفـا
لـه دەمـی نـەزع و دەرچـوونی گیـانم
نـەکوژێـتەوه چـرای ئیمـانم
بـه ئیمـانی پـڕ مـەحـەبـەتـەوه
بـه شـەوقـی وەسڵـی لـەقـای خۆتـەوه
به لوتف و ڕەحمەت بـه سـەهـل و ئاسـان
جیـا بکـەیتـەوه لـه بـەدەنمـا گیـان
به مەحزی فەزیلـەت لـه ڕۆژی مـەحشـەر
حیفزم‌که له گشـت هـەوڵ و وەیـل و شـەڕ
بمخـەره ئـەهلـی سـەعـادەت
وهـب لـی الحسـنی معالزیـادة

دەرمانی نەخۆشی- نەخۆشی دووهەم

وا زەریـــف زانیـــت ئابـــەم بـــەیانـــە
دەردت چ خـــەتـــەر چـــەنـــدە گرانـــە
لـــە پیاڵـــەی تـــەمسـیل ئینجـا دەرمانـــت
نۆشـــی عیبـــرەت کـــە بـــۆ شـــفای گیانـــت
پیاوێـــکی زانـــا عـــاقڵ و ئـــەدیـــب
نەخۆش کەوت هەڵسا چوو بـۆلای تـەبیـب
پـــاش موعاینـــە و تـــەشخیســـی دەردی
ڕووتـــی کـــرد دوکتـــور پێـــی‌وت بـــە وردی
ئـەگـەر سیحەتـت ئـەوێ تـا دوو ساڵ
ئـەبێ نـەگـەڕێـی دانیشـی لـە مـاڵ
ئـاوی سـارد نـابێ لـە دەمـت کـەوێ
ئـەم مـوددە ئـەگـەر نـەجاتـت ئـەوێ
ڕۆژێ سـێ دەفعـەش ئـەم ئـاوە تاڵـە
ئـەبـێ بخۆیتـۆ تـا ئـەم دوو ساڵـە
زەحمـەتـە ئـەگـەر بـاوەڕ کـا قوسـور
بکـا ئـەو مـوددە لـە عـەینـی دەسـتور
بـێ شـک بۆئـەوە دە ساڵـێ نـەمرێ
دوو سـاڵ بـو سـیحەت پارێـز ڕائـەگرێ

ئـەی تـۆ نـازانی چـی ئـەڵـێ قوورئـان
دەرحـەق بـە ئـەهلـی قوسـور و عیسـیان
چـەنـد دارای ئێـش و ئـەلـەم و دەردن
ئـەبـەد بـەو نـەوعـە هـەناسـە سـەردن
خـۆ تـێگـەیشـتی کـە ئـەبـەد کامـە
کـە چـەنـد بـە تـوول و ساحێـب دەوامـە
یـا ئـەهلـی تـەقـوا ئـەوانـیش گشـتی
خۆش‌نۆش و دڵخۆش دایـم بـەهـەشـتی
نـە بـەلا نـەتـرس نـە دەرد و میحنـەت
نە غەمی دەرچوون هەرگیـز لـە جـەننـەت
نـە قـەزای حاجـەت نـە چڵـم و بـەڵـغەم
نـە بـێ‌تاقـەتـی نـە پیـری نـە غـەم
ئـەنـواعی میـوە ئـەتعـەمـە و نیعمـەت
هـەر کـات بتـەوێـت حـازر بـێ‌زەحمـەت
هـەرسـەوزەبـاغێ سـازە مـەنـاخی
خۆشـە مـەنـزەرەی کۆشـک و ئـەوتـاغی[1]
لـە گـەڵ عـەیـالا بـە عـەیـش و سـروور
ئـەنۆشـن بـادەی شـراباً طهـور

[1] – اوتاغ: حوجره.

بـــەعـــزێ قوســـوری لـــە زیـــو و لـــە زەر
بـــەعـــزێ لـــە دوڕڕ و لـــؤلـــؤ و گـــەوهـــەر
فـــەرشـــی حـــەریـــر و ئـــەترافـــی گوڵـــزار
جنـــــات تجـــــری تحتهاالانهـــــار
خاکیشـــی هـــەمـــوو میســـک و عـــەبیـــرە
ســـەنعـــەتـــی خـــودای گـــەورە و قـــەدیـــرە
هـــەمـــوو خۆشـــحاڵ و دەم بـــە پێـــکەنـــین
علـــــی سُـــــررٍ مُتقـــــابلین
ئـــەســـنافی لیبـــاس تـــازە و فـــاخرە
ژنـــانی لـــەتیـــف جـــوان و بـــاکرە
تـــەعریفیـــان لـــەمـــە چـــاکتر نـــابینی
کامثـــــال اللؤلـــــؤ المکنـــــونِ
فەزا خـــۆش نـــەســـیم لـــە عـــەتـــر و بۆیـــان
هـــەمـــوو عاشـــقن بـــە مێـــردی خۆیـــان
خۆشـــتر لـــە هـــەمـــوو لـــەززاتـــی نـــەعـــیم
ســـلام قـــولا مـــن رب الـــرحیم
عـــەبدووڵـــڵا کـــوڕی ئیمـــامی عـــەبـــاس
عـــالمی ئـــەســـحاب عـــالی و خودانـــاس
فەرموویـــە بـــەهـــەشـــت جـــێـــیـــەکـــی وایـــە
تـــەجـــەممـــولاتی لـــە تـــەعریـــف نایـــە

ئــەوەی کــە قوورئـــان نـــاوی بـــردوە
نیعمــەتــی یــەک بــەیــان کــردوە
وەک تــرێ و هــەنــار هــەرچــی‌تــر هــەیــە
غــەرەز بــۆ فــەهمــی عــەقڵــی ئێمەیــە
وەرنــە ئــەوانــەی مێــوەی جــەننــەتــن
لــە گــەڵ هــی دنیــا زۆر بــێ‌نســبەتــن
ئــەساســیاتی هـــەمـــوو موکــەممــەل
بــاغ و چــەمــاو و قــەســری موجــەللەل
چــــەم و چـــەن و چیـــای دڵــــگیرە
جۆی لــە شــەهــد و ئــاو شــەراب و شــیرە
خــالس لــە ڕەحمــەت دروســت کــراون
بــۆ زومــرەی ئــەحبــاب تــەرتیــب دراون
کــافر چــون دوژمــن خــودای ئــەقــدەســە
لەو جێ کەلــەبچــەی یــەءســی لــە دەســە
بــەڵام چــون دنیــا فــەنــا مــەئالــە
جێــگەی دەرد و غــەم بــەڵاو مــەلالــە
لای خــودا ئــەونــە بــێ‌ئــەهــەمییــەتــە
کــافری تێــدا خــاوەن ســەروەتــە
هــەر وایــە چونکــە قــەولــی ڕەســووله
ئــەگــەر بــە قــەد یــەک باڵــە مێشــووله

قـــەدری ببوایـــە دنیـــا لای خـــودا
بـــە کـــافر قـــومێ ئـــاوی نـــەئـــەدا
ئەممـا چـون بـەهـەشـت عـالی مـەقامـە
بـــەو خۆشیشـــەوە ساحێـــب دەوامـــە
یـــەعنـــی قـــودرەت و عیلمـــی ئیلاهـــی
کـــە نامـــەحـــدوودە و لاموتـــەنـــاهی
بـــە شـــیرین‌تـــرین شێـــوە لـــە ڕەحمـــەت
هێـــنایە وجـــوود ئـــەساســـی جـــەننـــەت
مەعلووم هـەر جێـگەی دۆسـتی خۆیـەتـی
کـــافر لـــە دۆزەخ ڕۆڵـــەڕۆیـــەتـــی
جـا کـە تـۆ بـڕوات هـەیـە بـەمانـە
تـەفـەککـور لـەمـە یـەکـەم دەرمانـە
پارێـزی دوو سـاڵ بـۆ دە سـاڵ حـەیـات
زۆرە یـا دە سـاڵ بـۆ ئـەبـەد لـەلات
یـا خۆشـی دە سـاڵ عـومرت مـەنـزوورە
یـا ئـەبـەد ئـەو گشـت بـاغ و قوسـوورە
ئێشـــی نـــەخۆشـــیت لـــە لا زیـــاترە
یـــا چـــوونی نـــاو ئـــەو گـــڕ و ئـــاگرە
بـــڕوا و بـــێ‌بـــاکی ئـــا بـــەم دەســـتوورە
کـەی لـە ڕەوشـتی ئـەهلـی شـوعوورە

تەمسیلی تەسخیری عەقڵ بۆ نەفس

دوو عالـەم هـەیـە هـەردووکـی حـەقـە
عالـەمـی ئـەمـر و عالـەمـی خـەلقـە
عالـەمـی خـەلـق بـە تـەدریجـی‌یـە
عالـەمـی ئـەمـر فـەوری و فـوجئی‌یـە
عالـەمـی خـەلـق وەک ئـەعـزای منداڵ
کە تـەکمیـل ئـەبـێ بـە یـەک نیـوە ساڵ
عالـەمـی ئـەمـر وەک ڕۆح کوتوپـڕ
ئـەچـێ بـە بـەریـا کـچ بـێ یـاکو کـوڕ
ڕۆح لـە لـەتیفـەی عالـەمـی ئـەمـرە
دوو مـەعنـا لـەم و عـەقـڵ و دڵ بگـرە
مـەحاڵـە بـۆ غـەیـر ئـەربـابی فتـوح
مونکـەشـف بـبێ حـەقیقـەتـی ڕۆح
موجـەڕڕەدێـکە عائیـد بـە خوایـە
موسـاحە و تـەقـدیر بـە سـەریـا نایـە
ئـەممـا مـەنبـەعـی رۆحـی حـەیـوانی
وا لـە نێـو تۆتـۆی قـەلبـی جیسـمانی
ئـەم بوخارێـکە بـێ‌غایـەت لـەتیـف
گـەیاندبێـتی گـەرمـی دڵ زەریـف

بــە هــۆی لێـدانی ڕەگــەکانــەوە
بــۆ بــەدەن دێــتە جــەرەیانــەوە
فــەیزانــی نــووری حــەواس و حــەیــات
وەک ژووری ڕوونــە لــە شــوعلەی چــرات
ڕۆح بــەم دوو مــەعنــا گــەلێـکیان فــەرقــە
چــون ئــەم لــە ڕیــزی عالــەمــی خــەلقــە
مــەقسـوودی دوکتــور لــە ڕۆح ئــەمــەیــە
ئــەمــیش خــارجی باســی ئێــمەیــە
ئــەمــر لــەتیفــە و لای خــودا شــەریــف
وەلــیکن خــەلــق پــەس‌تــرە و کــەسـیف
خــوا نسـبەتــی خــەلــق وەلای خــاک ئــەدا
وەلــێ ئــەمــر لای زاتــی پــاک ئــەدا
بۆ جسم ئەفەرمــوی خــەلقــم کــرد لــە گــڵ
(نفخــت فیــە مــن روحــی)بــۆ دڵ
جــا کــەســێ عــەقــڵ بدرێــتە دەســتی
تــا تــەکمیلــی کــا بــە خــوا پــەرەســتی
کــەچــی ئــەو ئــەمــرە کــەریمــە تــەسـلیم
بکــا بــە نــەفســی ئــەممــارەی لــەئـیم
ئــەویــش بــە کــردەی زۆر نــامولایم
بیهێنێــتە خــول وەک غــولام دایــم

مەعلووم ئەحواڵی شەخسی وا سبەی
لەم میساڵەوە زەریف تێئەگەی
پادشایەکی مەهیب و جەسوور
بە سام و بە دەس قەدیر و غەیوور
هەر کوورێکی بوو زۆری خۆش ئەویست
جاه و جەلالی بێئەو نەدەویست
لە بۆ تەحسیلی عیلم و سیاسەت
بۆ وەرگرتنی عەقڵی ڕیاسەت
بۆ تەعلیماتی دەستوور و ئاداب
موعەللمێکی بۆکرد ئینتخاب
زۆر بە ئەمانەت کوڕەی دا دەستی
تا تەربیەی کا وەفقی پێویستی
خەڵاتی کرد و وەعدەشی دایە
هەر وەخت ئەم کوڕەی گەیاند بە پایە
جائیزەی باتێ و لە گەڵ ئەوەشا
بیکا بە یەکێ لە هاوسەری شا
شازادەی وەرگرت مەسروور و خۆشحاڵ
پێکەوە هەردوو چونەوە بۆ ماڵ
ئەو مانگانەش لە تەرەف شاوە
مەبلەغی زۆریان لە بۆ بڕاوە

موعـەللـیم لـە گـەڵ کـوورەی بـردەوە
بیـری دوارۆژی هـیچ نـەکـردەوە
ئەم کـوورە هـەشت نۆ دە ساڵـەی هێنا
بـاری زیللـەت و بێـگاری لـێ نـا
لـە بـاتی هـەمـوو تـەربیـە و تـەعلـیم
شـەو و ڕۆژی بـۆ دانـا بـە تـەقسیم
دەفعـەیـە ئـەی نـارد بـۆ ئیشـی بـازار
جـاری تـر بـۆ کـەژ لـە بـۆ کۆڵـەدار
سـاتێ نـاو مـاڵ و حـەوشـی ئـەماڵـی
دەمـێ لـەلـە بـوو لـە بـۆ منالـی
خولاسـە هـەتـا مـوددەتـی دە سـاڵ
ئەم کورەی ڕاگرت لە سـەر عـەینـی حـاڵ
لـە پـاش ئـەم مـوددە کـە حـەق وەهایـە
کـوور تـەخـەڕوج کـا و بگـا بـە پایـە
شـا بـە هیـواوە چـوو بـۆ سـەردانـی
لـە گـەڵ وزەرا و گـەلـی ئـەعیـانی
وەختـی شـەهریـار گـەیشـتە جێـگا
گـوللەی ئـەمـەلـی سـەیـدی نـەپێـکا
وەلی عەهـدی دی و نـەختێ بـۆی ڕوانـی
جـەمیعـی حـاڵ و ئـەوزاعـی زانـی

جا ئەبێ قەهری ئەم پادشایە
چۆن بێ لە دەرحەق ئەو بێوەفایە
خۆم بەم میساله چاکم حاڵییە
لە گوڵی وەفا باغم خالییە
ئیتر سا منی لە چاکە بەری
کە کردەم دوایی نایە زەرەری
باوەڕم وایە تۆ موقتەدیری
بە مەغفرەت و بە چارە سەری
عیلاجم لە چەنگ نەفس و لە گوناه
عەفووم بفەرموو یا من هوالله
لە سەر ئەسبابی ڕەزات بە دەوام
تۆفیقم بدە یا رب الانام
لە ساحەی ڕەحمەت قەت دەرم مەکە
مەهتووکی دنیا و مەحشەرم مەکە
مەءیوسم لە خۆو لە کردەوەی خۆم
تەنها بە هیوای عەفو و لوتفی تۆم

بەشەر نوستوە مرد بەخەبەر دێ

ایحب احدکم ان یأکل لحم أخیه میتا فکرهتموه

تـــۆ وابزانـــە لـــە زەمـــانی زوو
سوڵـــتانێ کـــووڕێ تاقانـــەی هـــەبـــوو
کووڕێـکی نـەجیـب جـوان و بـا جـەماڵ
فامییـە و زەریـف تـەمـەن هـەژدە سـاڵ
وارێـکەوت جـارێ ڕۆیشـت بـۆ سـەفـەر
دیبـووی لـە(ڕۆمـا)کچێـکی قـەیسـەر
لـە گـەڵ بینینـی بـە یـەکـەم نـەزەر
عەشقی ئەو کچـەی بێحـەد چووە سـەر
هاتـەوە وەختـی زۆر بـە سـەر نـەبـرد
حاڵـی خـۆی لـە بـۆ بـاوکی بـەیـان کـرد
قەیسەریـش پرسـی کـرد بـە کچـەکـەی
ئەگەر بـەو کـووڕەت بـدەم حـەزئـەکـەی
جـوابی دایـەوە کـە پێـی ڕەزایـە
ئـەمجـارە ئـەویـش کچـەکـەی دایـە
وەخـتێ کـە ئیشـی گشـت بڕایـەوە
بـاوکی کچـەکـەی بـۆ گوێـزایەوە
کـوڕەکـە شـەوێ شـەرابـی نۆشـی
قەسدی کرد بۆ لای کـچ بـە سـەرخۆشـی

تـــا بـــەیـــنێ ڕۆیـــی دی ڕووناکییـــە
ڕووی تـــێکـــرد گوایـــا هـــۆدەی بووکییـــە
چـــووە ژوورەوە و ســـەیـــری کـــرد یـــەکێـــک
لێـــی ڕاکشـــاوە لـــە ســـەر دۆشـــەکێـــک
کوڕیش بە خەیاڵ مەســـتی و ســـەرخۆشـــی
دەســـتی لـــە مـــل کـــرد بـــە خۆیـــو گۆشـــی
دەمـــی لـــە دەم نـــا لێـــوی هـــەڵـــمژی
تونـــد دەســـتی ئاڵانـــد بـــە زوڵـــف و قـــژی
بـــەم فکـــرە کـــە ئـــەم عـــارەق و ئـــاوە
وا بـــە ڕووی بـــووک و عـــەتـــر و گـــوڵاوە
تـــا تلـــوعی کـــرد هـــەر بـــەو خـــەیاڵـــە
ئـــەو کـــووڕە مـــاوە لـــە ســـەر ئـــەو حاڵـــە
کـــە تلـــووعی کـــرد هۆشـــی هاتـــەوە
خـــوا لـــە هـــیچ کـــەس وا ڕۆژ نـــەکاتـــەوە
بینـــی کـــە ئـــەم جـــێ و ئائـــەم عروســـە
مردوی کە نـــەشـــتەی خـــەیـلێ مـــەجوســـە
خـــۆی دی ســـەراپـــای گشـــت هـــەڵکشـــاوە
لـــە خوێـــن و زوخ و لیـــک و ڕشـــاوە
ئـــەو هـــەڵـــمژینە کـــە پێـــی گـــوڵاو بـــوو
گشـــت ڕشـــانەوەو لیـــک و زوخـــاو بـــوو

دە بێ لە قیزا مەمرە لە تاوا
کە خۆت ببینی لە حاڵی ئاوا
دیسان لە عەینی ئەم حاڵە پەرتا
شاو دەستەی ئەعیان گشت بێن بە سەرتا
لە دنیاش هەرچی لە شەهەواتە
حەرام بێ و بیکەی وەک ئەوە واتە
غەیبەتت کردووە یا گوێت گرتووە بۆی
کە مردی گۆشتی مردووە ئەیخۆی
مەگەر بە تۆبە نەجات بێ لە دەس
شومی بەد خوویی و جەزای کردەی نەفس
یاربنا البر احسن الینا
وامح ذنبنا وتب علینا
وفرج عنا الکرب والزحمه
واتنا من لدنک رحمه

کە مردی حاڵی ئەبی خوا چاوی لە هەموو کردەوەیەکتەوە بووە بە یەقین

پادشایەکی عالی و زۆر بە دەس
تەقەڕروبیدا بە شەخسێ بێکەس
وەهایە سەرسەخت لە ڕوتبەی پەستی
ئوموری ماڵی خستە ژێر دەستی

بێ ئیجازە و مەنع هەروەکوو مەحرەم
ئەچوو بۆ ئەرک و ئەهاتۆ حەرەم
موددەیەکی زۆر هەر وەها ماوە
تەقدیر وەرەقی لێ هەڵگێڕاوە
نەفسی تەفرەی دا لە بۆ غەش کردن
بۆ ماڵی سوڵتان بە تاڵان بردن
بێ قوسوور دەستی دایە خەیانەت
شکانی قوفڵی قاپی ئەمانەت
دەستی کرد بە غەش لە حەرەم سەرا
لە گەڵ جاری یە و هەم کارەکەرا
بەینێ مایەوە لە سەر ئەم ئیشە
ڕۆژێ لە عەین الفصلی ئەم ئیشە
سەری هەڵبڕی سەیری کرد ناگا
شا لە کونێکۆ تەماشای ئەکا
لێشی مەعلووم بوو بۆیە تا ئیسە
بێ دەنگ بووە لەم کردەوە پیسە
تا قەهری باشتر گڵپە بسێنێ
ناپاکی ئاوای پێ هەڵکزێنێ
ئاخر نەفەس هات هەموو بێ دینێ
لە خزمەت خوادا خۆی ئەبینێ

یارەببی خالس بە مەحزی ڕەحمەت
حیفزم کە لە گشت خواری و فەزیحەت

میسالی سوتاندنی ڕۆحانی بە ئاگری جیابونەوە لە موتەعەللقاتی و محبوبانی

مەسەلەن کەسێ ئیمپراتور بێ
خاوەن بارەگا و قەسر و قوسور بێ
ئەمینی لە ئاشوب بێدەرد و ئەلەم
بێ ترسی عەزل و بێحەسرەت و غەم
زۆر بە عەیباشی لە گەڵ عەیالا
ڕابوێری لە گەڵ ماڵ و مناڵا
غەفڵەتەن لە پڕ لە هەموو لاوە
ئەونە بزانێ دەورەیان داوە
فریا نەکەوێ خۆی کۆکاتەوە
لە پڕ قائیدێ قاپی کاتەوە
پەلی ببەستی بیهێنیتە دەر
بە زیللەت بەرەو جەیش بیداتە بەر
مەسەنەدی شاهی و کەنیزەکانی
قەسر و بارەگاو ئەرک و ئەیوانی
هەمووی بە جارێ ئیستیلا بکرێ
ببرێتە ڕیزێ کەس قەدری نەگرێ

لـە گـەڵ ئـەوەشـا بیکـەن بـە بـەردەس
شەخسێ بێشەءنـی بـێ ڕەحمـی ناکـەس
لـــە بـــەرچاویشـــی (منصِـب)ی شـــاهی
تـــاجی کـــەیـــانی و دەوڵـــەت و جـــاهی
بە جـارێ هـەمـووی تـەسـەڕڕوف بکـرێ
دەسـتی تـەعـەددا بـۆ هـەمـووی ببـرێ
ئـەبـێ حـەسـرەت و داخـی چـەنـدە بـێ
دوێ شـــەهریـــار و ئـــەمـڕو بـــەنـدە بـــێ
کـــەمێـــکیش کـــەوا دڵـــی بـــە تـــەنیـــا
ماڵامـــاڵ بکـــا لـــە حـــوببی دنیـــا
وەخـــتێ مـــرد حاڵـــی وەک ئـــەوە وایـــە
دوێ شـــابوو ئیمـــڕۆ وا بێـــنەوایـــە
ژن و ماڵیشـــی تـــەســـەڕڕوف بکـــرێ
هـــەر پڕزۆڵێـــکی بـــۆ لایـــە ئـــەبـــرێ
ئـەمما ئـەو کـەسـە دۆسـتی خودایـە
ئـــازار لـــە غـــەمـــی هـــەر دوو دنیایـــە
خـــودا بـــە حـــەققـــی اعظـم الأسـمات
بـە ئـەسـمای حوسـنا و بـە سـفاتی زات
بـە حـەقیقـەتـی ئـەو مـەحـەبـەتـە
کـــە لـــە گـــەڵ خیـــر البشـــردا هـــەتـــە

بە سەنای قوربی ئەو سەنا و حەمدە
لە حەشرا ئەیلێ لە کاتی سەجدە
بە گەرمی و سۆزی ئەو موناجاتە
کە لەبۆ بەرزی و عەفو و نەجاتە
بە ئیستجابەی ئەو شەفاعەتە
کە بەهای فەوزی بێبیزاعەتە
مەپرسە لەوە زۆرە یا کەمە
خۆشبە لە هەرچی گوناهێ هەمە
لە ژین و کاتی مردن و مەئال
پارێزگاریم کە لە دەرد و مەلال
حوببی دارینم لە دڵا دەرکە
بە شەوقی لیقات دڵ مونەووەرکە
بە سەعادەتی تامەی هەر دوولا
نائیلم بکە یا نعم المولی
مەخسوس بە فەزیلەت لە نەشئەی ئەولام
فردەوسی بەرین بکە بە مەءوام
پاڕانەوەم گشت لێ قەبووڵ فەرموو
بە کەرەمی خۆت یا من هو هو

بەیانی بێ کەڵکی پەشیمانی

تاقمێ هەڵسان ڕۆشتن بۆ سەفەر
چەند چۆڵ و سەخت و کەژیان گرتە بەر
شەوێکی هەور و زۆر تاریک و توون
ڕێیان هەڵە کرد بە غارێکا چوون
بە کوێری ڕۆیین شەو تا بەیانی
هەموش ڕێگەیان بە دەشت ئەزانی
هیچ کەسیان فکریان بۆ ئەمە نەچوو
کە ئەوە ئەمان پیاهاتن کون بوو
پاش موددەیە زۆر حاڵی بوو لێیان
کە ئەمە کونە و مژ پەنی پێدان
دیسان تا مەغریب بە تەمای نەجات
ڕۆیین و کون هەر دووایی نەهات
پاش تەحقیق دەرکەوت وەک توولی وایە
پانیشی هەروا بێ ئینتهایە
هەندێ لەوانە جەواهیرناس بوون
سەڕڕافی گەوهەر لەعل و ئەڵماس بوون
ئەوانە دەستیان ئەگیرا لە خاک
بەردیان هەڵئەگرت ئەیان خستە چاک

لێیان مەعلووم بوو بە فەننی خۆیان
بەردی قیمەتی ڕژاوە بۆیان
کۆیان کردەوە لەو وردە بەردە
لیباسی بەریان بۆ کرد بە فەردە
باقی بە قاقای پێکەنینەوە
بە دەست بەتاڵی و هەڵپەڕینەوە
بە ئیستهزاوە ڕێیان گرتە بەر
ئەیان وت های دوڕڕ های لەعل و گەوهەر
ئەوانیش قەتعەن بەو ئیستهزایە
سەخڵەت نەبوون و گوێیان نەدایە
موختەسەر هاتن ڕوویان پێوەنا
تا لە کونێکۆ سەریان دەرهێنا
هاتنە دەرەوە لە ناوقەدی شاخ
شاخێ هەڵەت و سەخت و سەنگلاخ
بە سەد ترس و لەرز ئەم بەرد و ئەو بەرد
هەتا خەلاس بوون لە چنگ شاخ و هەرد
وەختێ هاتنەوە گەیشتنە جێگا
لە بیریان چووە زەحمەتی ڕێگا
کۆڵیان کردەوە دەستەی جەوهەرناس
هەموو گەوهەر بوو یاقوت و ئەڵماس

هـەریـەکـێ بـۆ خـۆی بـە عـەینـی مایـە
بـوو بـە سولـّـتان و گـەیشـت بـە پایـە
ئـەوانـی‌تـریش بـە گـڕی حـەسـرەت
ئاگریـان تـێ‌چـوو سـوتان یـەک کـەڕەت
تـــاریکی دنیـــاش کـــە بڕایـــەوە
(اشـرقت الارض) شـەوقـی دایـەوە
ئـەمانـەی ئیمـڕۆ ئیسـتهزا ئـەکـەن
بـە تاعـەت سـبەی بـەو سـزا ئـەگـەن
یا رەبـب بـەحـەققـی فـەزلـی عـەزیمـت
بـە دەریـای جـوود و لـوتفی عـەمیمـت
بـە نـەسـیمی حـوب سـوبحی ئـەم دینـە
بۆخەنـدەی شـەرحـی گولـّغونچەی سـینە
بولـّبولـّـی دلـّـەی لـە نـەوا خـەمـۆش
بە نـەشـئەی بـاخێ بـەختـی بێـنە جـۆش

❋❋❋

شیی کردنەوەی دنیا و مەئالی

عومری تـەبیعـی شـەسـت و سـێ سالـە
تـا پـانزەی مـەعلـووم ئینسـان منالـە
بینسـت و چواریشـی لـە بـاقی شـەوە
عالـەمـی غـەفلـەت بـێهۆشـی و خـەوە
دوازدەشـی ئێـش و دەرد و نـەخۆشـی
بـێتاقـەتـیـیـە و غـەم و پـەرۆشـی
باقیشـی کـە وا پاکـە لـە مانـە
تـێکـەڵـی لێڵـی فکـری ژیانـە
ئانێـکیش ئـەمـین نیـە کـە نـەمـرێ
یـا دەردی مـردن کتوپـڕ نـەگـرێ
دنیایـە ئـەونـە پـڕ لـە جـەفـا بـێ
یارێـکی وا بـێ میهـر و وەفـا بـێ
هـەر کـەسـێ ئاشـنا بـەو جـۆرە بگـرێ
نیسـبەتـی عقڵـی حـەیفـە لـێبـدرێ
ئەگەر ئەو شەستەش ببێ بە سەد ساڵ
بێ کار و بێغـەم مـەسرور و خۆشحاڵ
مـادام کـە تاڵـی فـەنـای لـە پاشـە
عـاقڵ هـەر ئـەڵـێ بـێڕەبتـی باشـە

تامی ئەو قسە زۆر خۆشە لە لام
ئەم دونیا خەوە و عەیشی ئیحتلام
زانا کە وەختێ جیهانی ناسی
دەس لە عەلاقەی بڕی بە ڕاسی
چون زانیی کە جێی موسافرەتە
بۆ وەتەن موحتاج بە تیجارەتە
عومریش سەرمایەی هەر نەفەرێکە
نەفەسیش هەریەک وەک گەوهەرێکە
گەر قازانج بکا ئەم تیجارەتە
عەیشێکی یەکجار بێنیهایەتە
وەگەر زەرەر کا شەقا و حیرمانە
پەنا بە لوتفی خودا لەمیانە
چون هەر نەفەسێ کە دێت و ئەڕوا
ئەتوانین لەفزێ تەواوکەین لەوا
ئەگەر زیکری بێ گەوهەرێ وایە
بۆ سبەی چاکتر لە گشت دنیایە
وەگەر ئەو نوتقە شەرعەن خرابە
پشکویەکە بۆ سبەی عەزابە
گەر موباحیش بێ بۆ ڕۆژی مەحشەر
وەک گڵمۆتیکە بێنەفع و زەرەر

فەرموویە حەزرەت ئەترافی جەننەت
دەورە دراوە بە جەهد و میحنەت
ئاگریش دیسان دەورە دراوە
بە شەهەوات و مەیل و هەواوە
جاهیلیش دەستی عەقلی کۆتایە
زەننی وەک وەهمی پەپولە وایە
کە وەختێ بە شەو چرا ئەبینێ
بە دەورەدانی خۆی ئەسوتێنێ
مەعلوومە کە ئەو خۆسوتاندنە
سەبەبی وەهمی غەڵەت بردنە
وەها ئەزانێ ئەو هۆدە تەنیا
تاریکە وەرنە هەتاوە دنیا
ئەڵێ ئەو گڕە کونی دیوارە
ڕوناکی ڕۆژی لێوە دیارە
مەیلی بە گەشی فەزای هەتاوە
هەر خۆی لێئەدا و دێتەوە دواوە
هەموو کەڕەتێ ئەڵێ دوبارە
نەمپێکا بەڵکو دەرچم ئەمجارە
ئەم بەسەزمانە هەروا بە عەبەس
خۆی بە دەستی خۆی ئەکا بە قەقنەس

ئینسانیش هەروا شەوقی ئارەزوو
ئەبینێ و پەلاماری ئەدا زوو
کوێرە دەرکی ئەو نەفسە چڵێسە
کە دوایی ئەو گڕە و بڵێسە
بۆیە فەرموویە سیدالانام
علیە الف آلاف السلام
کەمەرم گرتوون بۆ ئەوە ئێوە
نەکەونە گڕی پڕبڵێسەوە
کەچی ئێوە هەر پەپوولە ئاسا
هەڵئەوەرنە ناو، ئاگر لە پەسا
زانا ئەمانە تەعەققول ئەکات
تا لە پڕ لەلای تەمەسسول ئەکات
بە پیرێژنی فەرتوت و کەوتوو
بێمیهر و سوبات قەبیح و بەدخوو
وەها لە وەزعی ڕقی هەڵئەسێ
فەرمووی تەڵاقی ئەدا سێ بە سێ
دڵ خاڵی ئەکا لە مەحەبەتی
دائەنێ کوڵی غەم و میحنەتی
هەوێی ئاخیرەت کە لێی توورابوو
لە بەر حوببی ئەم مەیلی گۆڕابوو

ئاشـــت ئـــەبێـــتەوە دێـــتەوە بـــۆلای
ئارایشـــت ئـــەدا ماڵـــێ لـــە مـــەولای
ئـــەمما تـــاقمێ عولـــوی هیممـــەتیـــان
قـــووەی پـــەروازی بـــازی غیـــرەتیـــان
ئـــەگاتـــە جێـــیە ســـەفینـــەی عوقـــول
لە مەوجـی حـەیـرەت دێـتە گێـژ و خـول
دنیـــا و ئـــاخیرەت ئـــەنێـــنە لاوە
ئەچن بە سـەر وەخـت عـەشـقی مـەولاوە
مـەشـهورن لـە نـاو ئـەهلـی ئـەم دنیـا
بـە ئـەهلـی عیرفـان یـا بـە ئـەولیـا

باسی ئەولیای کیرام

وەلـــی ســـاحبی ڕوتبـــەیـــە وایـــە
شـەهـەنشـای دنیـای لـە لا گـەدایـە
بـۆت مـەعلووم ئـەبێ ئابـەم میسـالە
کـە چـەنـد خـاوەنـی جـاە و جـەلالـە
سولـــتانێ جـــارێ بینـــی لـــە جـێیـە
منالـــێ خـــەریـــک ماڵـــە کـــۆچێیـــە
مـەلیـک وتـی بـەو تفلـە سـێسالـە
ئـەگـەر تـۆ بیـدەی بـە مـن ئـەو مالـە

منـــیش لـــەبـــاتی ئـــەوە بـــێمنـــەت
ئەتدەمێ تـاج و تـەختـی سـەڵـتەنـەت
چـوون داعـی جـاه و ئیسـتیلای نـەبـوو
لە ژێر ئەو سـەودا بـە جیـددی دەرچـوو
چوون ئەبێ بەشەر سـەرف بکـا عـومرێ
ئـەوجـا داعیـەی جـاهی پـێئـەدرێ
بـەزەیـی هـاتۆ شـا بـەو منالـە
کە دڵ خۆش ئـەکـا بـەو نـەختـە مالـە
هـەروا گـەر وەلـیش بلـێ بـە شـایە
ئـەتـدەمـێ هـەرچـی لـە شـەءنمایـە
بەو شەرتە کە تۆش تاجی سـەڵـتەنـەت
لـە جیـاتی ئـەوە بـە منـی بـدەیـت
مـەعلـووم مـەلـەکیش بـەو موعـاوەزە
وەک عـەینـی منـاڵ تـوورە و عـاجزە
وەلـیش شـەربـەتـی حیـرەت نـۆش کـا
کە ئەو شا دڵـی بـە چـی خـۆش ئـەکـا
لەم تـەمسیلە تـۆ سـەرسـام مـەمێنە
دووکـەڵـی ئینکـار بـە دڵ مـەیـەنـە
وەلـی کـەسێـکە دۆسـتی خودایـە
بـە دڵ موسـتەغنـی لـە ماسـیوایە

دایـم تـەسلیمی قـەبـزەی قـەزایـە
ئەو لە حـەق ڕازی و حـەق لـەو ڕەزایـە
گـەرچـی بـە جـەسـەد لـە نـا سـوتایە
بـە ڕۆح لـە جـەولـەی مـەلکوتایـە

سەرەتای باسی ئەولیا

هەرچەند ئەم بـەحسـە حـەققـی مـن نیـە
ئامـە عائیـدی ئـەهلـی مـەعنیـە
نەک مـن هـەر تـەنهـا لـە مـەعنـا دوورم
هـەر تـەواو خـاتی و ئـەهلـی قوسـوورم
بـەلام ئیمـانم وایـە بـەوانـە
هـەرچـی دەرحـەقیـان وتـراوە وانـە
منـیش هـەرچێـکم بیسـتبێ وە یـا
دیبێـتم بـە خـەت باسـی ئـەولیـا
ئـەی نووسـم لێـرە هـەرچـی بـزانم
کـە موناسـیبە ئـەوەی بتـوانم
شایەد بـە بـەزلـی نـەقـدی هیمـەتیـان
بـە فـائیز بـوونم بـە بـەرەکـەتیـان
قەلـەم بێ بـەسـەر کاففـەی مـەعاسـیم
ڕوونـاک بێـتەوە دلـەکـەی قاسـیم

بـه هـۆی نیشـانەی داخـی نیسـبەتیـان
بـه عـەتـری گوڵـی بـاخی نیسـبەتیـان
دڵ خۆش لەوەڕی مـەرتـەعـی هـۆش بـێ
دایـم دەمـاخی بـێئـاخیم خـۆش بـێ
بکـەومـە دوایـان بـەم نـەختـە زادە
بـۆ سـیاحەتـی سـاحەی سـەعـادە
زاهیرەن بێهـۆش مـەعنـەن خـەبـەردار
صــــدورالأحرار قبـــور الأســـرار
بـەڵام شـا موحتـاج ئـەهلـی دنیایـە
دنیـایش لا وەلـی وەک ئـەمـە وایـە
گـەر شـەهریـارێ وەهـا پـەیـدابێ
نوموور هەر لـە چنـگ شـەخسـی خۆیـابێ
کـەسێـکیش تـەنیـا نانێـکی پـێبـێ
شەخسێ بێ هیچ کـەس نـەزانـێ کـێبـێ
بـۆ مـەواجهـەی شـای پـڕ مـەیمـەنـەت
ڕۆیینـی لـەبـۆ قـاپی سـەڵـتەنـەت
لـەوێ سـەگێـکی زەلامـی عـەجـوول
وەسـتابێ مـەنعـی بکـا لـە دوخـوول
خێـرا نانـەکـەی بـۆ بخـا و بـەتـاو
لە چنگـی دەرچـێ بـە یـەک دوو هـەنگـاو

بگاتە حەوشی ئەمن و ڕەفاهی
لەوێش سەرکەوێ تا قەسری شاهی
ئیجازەی بدرێ بێ ڕەنج و میحنەت
بۆ تالاری خاس ئەرکی سەڵتەنەت
لەوێ کە نائیل بوو بە مولاقات
نەوازش کرا و (منصِب)ی بۆ هات
زۆری پێ نەچوو بە ئەمری سوڵتان
خرا ژێر دەسی ئومووری جیهان
جا قەت هیممەتی لا ئەکاتەوە
لەو لەتە نانە بیر بکاتەوە
بڵێ کە هاتم نانێکم پێ بوو
چۆن دام بەو سەگە لە چنگم دەرچوو
هەروا لای ئەوە ئەهلی عیرفانە
دنیا سەراسەر یەک لەتە نانە
شەیتانیش سەگی قاپی خودایە
بۆ مەنعی دوخوول لەو دەرکەدایە
زەحمەتە لە گەڵ نانی جیهانا
ڕێ بدا سەرکەین بەو ئاستانا
ئەمما ئەوکەسە هیممەت بوڵەند بوو
دنیای بۆ خست و مەردانە دەرچوو

گەیشتە حەوشی کەوکەبەی شاهی
حەساری هۆش و دەرک و ئاگاهی
گوڵزاری ئەسرار باغی جەبەروت
لە بیری بردۆ زیندانی ناسوت
لەویشۆ لە بۆ مەقامی لاهوت
سەرکەوت بۆ سەراپەردەی مەلەکوت
نائیل بوو بە ئەوج مەسەندی ئەعلا
مەست بوو بە بادەی عەشقی تەجەللا
ڕوخسەتی درا لە سوفل و عولوا
بە تەجریدی ڕۆح لە جەسەد بڕوا
لە خەزنەی ئەسرار شاد بوو بە ئیدراک
جەواهیری ڕۆح ئەنبیا و ئەملاک
بە دنیا بە حەقق بە نانێ بە شا
گەیشتن نیسبەت هەر نییە حاشا

ئاگاداری

بــەڵام تــۆ وەهــا مــەزانــە تــەنیــا
بــە تــەخلییــەی دڵ لــە حــوببی دنیــا
دەس بــدا بــۆ کــەس ئــەو مــەقاماتــە
مــەورد بــێ بــۆ ئــەو گشــت کــەڕاماتــە
بــەڵام گــەر جــامێ پــڕبێ لــە چڵــکاو
بتــەوێ بیکــەی بــە قــاپی شــەکــراو
لــە پــاش ڕشــتن و ششــتنی نوێــژی
ئــەتــوانی لــەوا شــەربــەت بچێــژی
تــا زەرفــی دڵــیش تــەخلییــە نــەکــرێ
لــە حــوببی دنیــا شستوشــۆ نــەدرێ
زەحمەت شەربەتــی مــەحــەبــەت بگــرێ
بــە عــەتــری شــوهود پــەروەردە بکــرێ
تــەحلییــەی بــێ بــە حوســنی ڕەوشــت
کلیلــی خــەزنــەی فــەیــز بگرێــتە مشــت
واســتەی وســوول بــەو شــەئــن و پایــە
کــەماڵــی عیشــقی حــەق تــەعالایــە
خــۆ بــێناســینیش مــومکین نــابێ قــەت
بۆکەس دەس بدا عیشــق و مــەحــەبــەت

ناسـینیش بـە بـیٚ ئیدامـە بـە بیـر
لـە کـەونـا بـەپێـی تـەعلیمـاتی پیـر
موشکڵـە بگـا کـەس بـەو کـەرەمـە
مەگـەر مـوراد بـیٚ ئـەویـش زۆر کـەمـە
ئـەویـش تـەربیـەی پیـری هـەر ئـەویٚ
بیٚ پیر مـەتڵـەبـی خـۆی دەس ناکـەویٚ

چاو ڕۆشنی بۆ ڕێگای مەحەببەت

عـادەتـەن بـەشـەر پیـر یـا منالـە
دڵـی عاشـقی حوسـن و جـەمالـە
چون حوسنی ڕوخسار هـەروەک گوڵـی هـەرد
یـا پیـری ئـەیبـا یـا حـەفتـەیـە دەرد
عـاقڵ بـە جـوانی سـیرەت موشـتاقە
پـەروانـەی چـرای حوسـنی ئـەخلاقـە
لـە خـولقی پـیس و خـووی نـامولایم
بـە کـوللی بـەدڵ بێـزارە دایـم
هـەتـا گـەر بڵێـن ڕەئیسـیٚ لـە شـەرق
خوێنڕێژە و بەخیـل تونـدە و کـەللەشـەق
میللـەتـی دایـم برسـی و ڕەجاڵـن
شـەو و ڕۆژ خـەریـک هـەر دەسبـەتاڵـن

تالـب بـە زوولـم و بـە ناحـەققـی‌یـە
تـالان‌کـەری گشـت مالـی خـەلقـی‌یـە
عالـەم لـە دەسـی بێـزارە هـەمـوو
بـێ‌دینـە و دەنـی عـەبووسـە و بـەدخـوو
چـەنـدە مـەحرومـە لـە کـردەی چاکـە
نیـەتـی سـەد قـات پـیس و ناپاکـە
وە یـا گـەر بلێـین مـەلیکـی ئـەفغـان
شەخسێکە شـەریـف عـالی و بـە ویـژدان
هێـمنە و حـەلـیم بـە دیـن و عـاقڵ
ڕوو خۆش و بـەشـوش سـەموح و عـادڵ
میللـەتـی خۆشـحاڵ لایـق و شـۆخن
دایـم موسـتەریـح گشـت تێـر و تـۆخن
تـا تـەسـەوورکـەی عـەفیـف و پاکـە
نییـەتـی لـە گـەڵ هـەمـوو کـەس چاکـە
بـێ‌تامـەی کـەرەم بـەم و جـەفـای ئـەو
ئەمت خـۆش ئـەوێ و قینـت ئـەبـێ لـەو
خـۆ کـەمـالاتیش هـەرچـی مـەوجـوودە
ڕەشحەیـە لـە خولـق خـودای مـەعبـوودە
چـوونی دەروازەی نـەزەر لـە ئـەخـلاق
سەبـەبـی قوربـە بـە سـەففـی عوششـاق

ئـەوجـا بـەو نـەهجـا ئـەچـن کـە وتمـان
تـەفـەککـوری وورد لـە وەزعـی یـەزدان
پـاش تـەخلییـەی دڵ لـە حـوببی دنیـا
ئـەیکـەن بـە عـادەت لـە جێـیە تـەنیـا
ئـەخوێـنین دەرسـی ڕەسالـەی ئافـاق
تـەئلیفـی مـونیـف حـەزرەتـی خـەلـلاق
چونکـە مـەوزوعـی ناسـینی ئـەوە
مـەشـەڕڕەف ئـەبـن نـەتیجـە بـەوە
هـەروەک عـالمی عـاریف و عـالی
لـە فـەزل و عیلمـا نـەبێ ئـەمسـالی
لـە هـەر فـەنێکا تـەئلـیفێ لایـق
بکـا پـڕ نوکتـە و مـەعنـا و حـەقـایق
جا هەرکـەس بـە پێـی ئیسـتعدادی خـۆی
موتالعـەیـان گـەر دەس بـدا بـۆی
مـەبلـەغـی عـیلم و غـەریـزەی زەکـای
ئـەو موسـەننیفـە مـەعلـووم ئـەبێ لای
تـا عـیلمێ لـەلای زیـاتر دەرکـەوێ
باشـتر لـە پێشـتر ئـەوی خـۆش ئـەوێ
موتالـەعـەش لـەم کـەونـەدا کـەم کـەم
بە تەرتیـب کۆگـای عیرفـان ئـەکا جـەم

عیرفانیش هەتا هوجوومکاتە دڵ
قازانی عیشقیش چاکتر دێتە کوڵ
خودا بە حەققی (خیرالخلیقە)
هەم بە شێرانی بێشەی تەریقە
بە بای وەشتی فەیز قیبلەکەی قیدەم
فەزا پڕ بکا فەیزانی کەرەم
نرکەی هەوری جود دەس بە بەخشین کا
ڕەهێڵەی عیرفان زەوی دڵ شینکا

سەبەبی وصول رزقنا الله اياه و القبول
بجاه حضرة الرسول

بەڵام بۆ وسوول بە ئەوجی ئەعلا
شەرتە (تَخلُّق) بە ئەخلاق الله
چون گەر لە بەینی دووکەسا نسبەت
هەر نەبێ دۆستی مەحاڵە ئەڵبەت
قایمترینی ڕشتەی عەلاقە
لە بۆ مەحەببەت قوربی ئەخلاقە
عارفێ جارێ ڕێی کەوتە چۆڵێ
ڕوانی بازێک و قەلێ لە دۆڵێ
پێکو ئەوەستن پێکەوە ئەڕۆن
لە گەڵ یەک ئەنون دوو بە دوو ئەخۆن

بـــه دەوام بیـــری لـــێ کردنـــەوە
بـــۆچی لـــە یـــەکتـــر جیانابنـــەوە
ئـــاخۆ ئولفـــەتیـــان حیکمـــەتـــی چییـــە
خـــۆ ئیتتحـــادی نـــەوعیـــان نییـــە
کـــە دیققـــەتـــی کـــرد لـــەم بـــاز و قـــەلـــە
بینـــی هـــەریـــەکـــە پـــێیـــەکیـــان شـــەلـــە
وتـــی لـــە بـــەینـــا ئیتتحـــاد ئـــەڵـــبەت
لـــە وەسـفا هۆیـــە لـــە بـــۆ مـــەحـــەببـــەت
لـــە بـــازو ئـــەمجـــا بـــازدە بـــۆ ئـــەم لا
قـــــل و لله المثـــــل الأعـــــلا
دەفعەیـە فـەرمـووی ڕەسـوولی ئـەکـرەم
سێسەد خولـق هـەیـە بـۆ خـودای عالـەم
لـە گـەڵ ئیمانـا یـەکـێ لـەوانـە
لـە هـەرکـەسـا بـێ جێـگەی جینانـە
یـاری غـار فـەرمـووی لـەوانـە قوربـان
لـە نـەفسـی منـدا مـەوجـودە هیچیـان
لە جـوابی ئـەودا شـاهی دیـن فـەرمـووی
لـە نـەفسـی تـۆدا مـەوجـودە هـەمـووی
بۆیـە وەقـرەی گـرت سـرڕ لـە سینەیدا
شوهوود نـەقشـی بـەسـت لـە ئاوێنـەیدا

بێ سرڕ نەیفەرموو سەییدی وەسیق
گەر بکێشرایە ئیمانی سددیق
لەگەڵ ئیمانی ئەهلی ئەرز هەموو
هەر ئیمانی ئەو ڕاجیحتر ئەبوو
لەئەولیاشدا ئەکمەل ئەوانەن
دارای ئەو سرڕە و ئەو ڕەوشتانەن
بەڵام ئەم ڕێگە ڕێیەکی وایە
پایانی دووری و زەحمەتی نایە
چەن کەژی سەخت و بیابانی چۆڵ
چەن بادیەی کرک تن و شیوو دۆڵ
چەن بەحری بێ پەی لەو بەینەدایە
چەن ڕێی خەتەر و دڵ بە تەنیایە
هەرچەند حەقیقەت ڕێگەی وسولە
ئەمما جێی ترسی دڕندە و غولە
هەر زۆر موشکڵە بە تەنها دەرچون
لە ڕێی وا دور و پڕ بەڵا و تون تون
ڕێگەی سەر بڕ و ئاسان و ئەمین
لە گەڵ سەرکردەی قافڵەی یەقین
توند دەس گرتنە بەو حەڵقە کەوا
سلسلەی حەڵقە تا خاتەم ئەڕوا

بەیانی ئیستیعدادی بەشەر بۆ وصول بە ئیمانی شهودی وە ئیحتیاجی بەشەر بە وەسیلەی جەلبی فیوضاتی ئیلاهی

هەنگامی ئاهەنگ دەعوەتی ئەسرا
شەوی حوزور و خلعەتی کوبرا
لە دەمی زوهوور تەجەللای ئەکبەڕ
تەتویج بە شەئنی (مازاغ البصر)
بە دوچاوی سەر ڕەسوولی ئەکرەم
بینی زاتی پاک خەللاقی عالەم
جەمالی کەوا ڕۆئیەتی فەرموو
دائیم لە دڵیا موتەجەللا بوو
ئاوێنەی سینەی سددیقی کامیل
چۆن پاک بوو لە گشت گەردی ڕەزائیل
ڕووی تەوەججوهی لە دڵی فەرموو
نائیل بە ڕوتبەی سددیقیەت بوو
بەو لوتفە حەزرەت کردی لەگەڵیا
ئەسرار وەقرەی گرت هەمووی لە دڵیا
لەوێشۆ هەروا دەستە بە دەستە
تەودیع بە یەکتر کرا تا ئێستە
چۆن ئەگەر داینێی چەند ئاوێنەیەک
هەموو بێ حائل بەرابەر بە یەک

ڕۆژ گـــەر بـــە ئـــەووەڵ تـــەقابـــل بكـــا
ئەو نـــوورە یـــەک یـــەک بـــە گشـــتی ئـــەگـــا
دڵـــیش لـــە ئـــەســـڵا هـــەر وەک ئاوێـــنە
ســـاف و بـــێ‌غـــەش و پـــاک و خاوێـــنە
ئـــەممـــا چـــین چینـــی پـــەردەی ڕەزائیـــل
بـــۆ دەركـــی ئـــەســـرار بـــوون بـــە حائیـــل
ڕەزائیلـــیش چـــون خـــولقی شـــەیتانـــە
نیســـبەتـــی زۆرە بـــەو ڕەوشـــتانە
دائـــیم ئـــەو دڵـــە هێـــلانەی ئـــەوە
مـــەئـــوای كونـــەبـــوی وێـــرانەی ئـــەوە
ماڵێـــكیش دوژمـــن بیكـــا بـــە مـــەئـــوا
زەحمـــەتـــە ئیتـــر دۆســـتی تـــێ بـــڕوا
هـــەتـــا حاڵـــی دڵ بـــەو جـــۆرە وابـــێ
زەحمـــەت لـــە ســـڕڕی خـــودا ئاگـــا بـــێ
خـــۆ ڕەزائیلـــیش دەردێ وەهانـــە
دەوای خـــارجی ســـاحەی ئیمكانـــە
مـــەگـــەر بـــە دەوام ریـــازەی شـــاقە
حاســـڵ كـــا بـــۆ دڵ شـــیفا و ئیفاقـــە
ئەویـــش بـــۆ نـــەخـــۆش زەحمـــەتـــە بكـــرێ
مـــەگـــەر داوێـــنی دوكتـــورێ بگـــرێ

دوکتـــوری ئـــەویـــش(عـــارف بـــالله)یـــە
بـــــە دەســـــتوراتی دەوا ئاگایـــــە
چون ئەووەڵ ئەویش هـەر وەک ئـەو بـووە
لــە بــەردەس زاتـــێ تـــرا دەرچـــووە
بـە پێــی مـەهـارە و تـەبابـەتـی خـۆی
ڕەزیلـە یـەک یـەک بـژار ئـەکـا بـۆی
هــەر ڕەزیلــەیــەک لــە دڵ دەربێــنێ
فـەزیلـەیـەکـی لـە جـێ ئـەچێـنێ
پـەروەردەی ئـەکـا ئـەو خولقـە وەهـا
ئـەیگـەیـەنێـتە حـەددی ئینتیهـا
کـە ڕەگـی ئـەو گشـت دەردە بـڕاوە
بـە کـەماڵـی خـوی چاکـە ڕازاوە
وا ئیتـر ئیبلـیس کـاول بـوو جێـگەی
نیسـبەتـی نـەمـا سـەدکـرا ڕێـگەی
پاش سەیقەلی دڵ لـە ژەنگـی قـەسوەت
وەسڵی بـە حـەددی ئینتیهـای سـەفوەت
شێـخ ئـەو دەمـە ڕوی دڵـی تێ ئـەکـا
تـەی مـەقامـاتی هـەمـوو پـێ ئـەکـا
لـە ئـەوەڵیشـۆ هـەتـا ئـەگاتـە
تـەی نیهایـەتـی ئـەو مـەقاماتـە

دەستی ئیمدادی مورشدی ئەوێ
تا لە ڕیازە پەکی نەکەوێ
هەردەم بە شەهدی وەجدێکی تازە
لە بۆی خۆش ئەکا تاڵی ڕیازە
لە ئینعکاسی مورشدی خۆیان
حالاتی عەجیب ڕوو ئەدا بۆیان
بە ئینندراجی ڕوتبەی نیهایەت
لە سینەی شەخسی ساحێب بیدایەت
پایەی شوهود و مەقامی حوزور
کە ئەعلای گشتە بۆی ئەکا زوهور
بەعزێ لە تەکمیڵ ئێشتاکو دوورن
دارای مەقامی(کشف القبور)ن
ئەچنە سەر قەبر و حەواس سەد ئەکەن
دەرکی ئەحواڵی چاک و بەد ئەکەن
وەختێ حیجابات پەی بوو سەراسەر
مەقامات هەموو تەی بوو هەتا سەر
یەک لەحزە بە ڕۆح وەک سەیلی ئەملاک
گەشت ئەکەن هەموو ئەقتاری ئەفلاک
بە تەبەقاتی دۆزەخ و جەننەت
ئەگەڕێن بە بێ لەززەت و میحنەت

بێ‌خەو بە خزمەت پێغەمبەر ئەگەن
موتاڵەباتیان لە لا عەرز ئەکەن
موختەسەر قووەی بلێسەی ئەنوار
لەت ئەکا پەردەی عالەمی ئەسرار
هەر کەس ئینکاری ئەمەکا.ئەگەر
بڕوای بێ بە فەرموودەی پێغەمبەر
بۆ ئیسبات لە بۆی ئەخوێنمۆ منیش
هەر لە(بی یسمع)هەتا(بی یبطش)
زوبان لە شەرمی حاڵی بزرگان
مەرکەبی نوتقی لەنگە لە مەیدان
دەرگای ئیستیغنا گەر بێتو داخەن
بە زەڕڕە فەرقی شا و گەدا ناخەن
نیسبەت بە قەسری قوربی ئەعلایان
وەک سواڵەتێکە دنیا لەلایان
کەسێ لە مەیلی جەننەت بەری بێ
ئەبێ دنیا لای قوربەتی چی بێ
ئەوان بێ‌مەیلی باغی نەعیمن
عاشق جەمالی وەجهی کەریمن
فی المثل ئەگەر ئەنواعی تەعام
پوخت ولەزیز و خۆش‌بۆن و خۆش‌تام

لە سەر سینی‌یەک تەرتیبی بدرێ
ئەمجا شەخسێکیش موخەییەر بکرێ
لە بەینی ئەوە و ڕەئیسی شارێ
نفوزی تەسلیم بکرێ بە جارێ
مەر نەفسی تەواو دەنی و خەسیس بێ
ریاسەی نەوێ و نانی پێویس بێ
لە وەزعی ئەوان عەجەب مەمێنە
دەرحەقیان تەردید بە دڵ مەیەنە
ئەوان عولەمای عالی و ڕەببانین
پێوەبوی داوی جیفەی دنیا نین
بە باڵی هیممەت خارجی دنیان
واریسی عیلمی فیرقەی ئەنبیان
زەریف حاڵی بە بەم دوو کەلیمە
کە چەند پایەیان بەرز و عەزیمە
بێ شک حیکمەتی ئیرسالی ڕەسووڵ
لە پاش تەبلیغی ئەحکام و ئوسوڵ
لە بۆ(افاضە) و (استفاضە)بوو
دوا خۆیان بە مان (تفویض)یان فەرموو
چۆن حەق لە کەماڵ (تقدس)ایە
•عەبدیش لە ئەدنای (تدنس)ایە

بــێغایــەت نیســبەت لــە بــەینــا دووره
بــۆ جــەلبــی فویــوز بــەرزەخ زەرووره
دوا روســول ئــەمــان واســتەی بــەیــنن
یــــەعنــــی بــــەرزەخــــی ذوالجهتیــــنن
لــەولا موتتــەســف بــە خــولقی حــەقــن
لــەم لاوە لــە ســەر ســورەتــی خــەلقــن
نــزیکن لــــە خولــــق بــــۆ (استفاضــــه)
بــە خــەلقــیش ئــەنجــام ئــەدەن (افاضــه)
هــەتــا زەمــانی مــەهــدی ئــەمانــە
ئــەبــێ هــەر بــبن وەعــدەی خۆیانــە
بەڵام ئەغلەبیــان مــەخفــی و مــەســتوورن
دائــیم موســتەغریــق تــەجــەلــلای نــوورن
قیسمێ هەر ئــەبــێ مــەجزوبــی حــەی بــن
بــەعــزێ تــر لــەوان رجــال الغیــبن
لــە کــەونــا لــە لای خــواوە مــەئمــوورن
بە چــەنــد (منصِب) و عــەدەد مــەشــهوورن
سێســەد و پــەنجــا و پێــنجه عــەدەدیــان
مــەئیوســمان نــەکــا خــوا لــە مــەدەدیــان
لــە وانــە سێســەد هــەر نوقــەبایــە
بــەرەو ژور لــەوا چــل نوجــەبایــە

گەرەتر لەوان ئەبدال حەوت کەسن
ئومەنائولـلا و عالی و ئەقدەسن
چواری تریشیان ئەوتادیان ناوە
چوار ڕوکنی عالەم بەوان وەستاوە
سێ کەسیش ئەفراد عالی جەنابن
لەناو دائیرەی (قطب الاقطاب)ن
(قطب الاقطاب) یش فەردێکی وایە
ڕەئیسی تەواو گشت ئەولیایە
ئەمە بۆ هەرکەس بوو بە مەرتەبە
بە غەوسی وەقتی خۆی مولەققەبە
لە بەرەکاتی ئەمانۆ، خودا
لە بەڵای عامە مەخلوق لائەدا
دنیا لەمانە چۆڵ نابێ ساتێ
تا دەمی(یوم ینفخ)ئەگاتێ
بەعزێ زاهرن ئەهلی ئیرشادن
مەشغوولی سەیقەل قەلبی عیبادن
بە ماڵ و بە حاڵ بە ڕۆژ و بە شەو
خزمەت و کۆمەک ئەکەن بەم و بەو
بە دەنیان مەوقوف بۆ خزمەتی خەلق
ڕۆحیشیان واقف لە خزمەتی حەق

لەگەڵ کەماڵی ئەدەب و ئیخلاس
هەرکەس بناسێ تەبیبی حەقناس
توند بە دڵ ڕشتەی مەحەبەت بگرێ
سەعادەت ئەبا ئەو ڕۆژە ئەمرێ
وەفقی(المرء مع من احب)
شاد ئەبێ سبەی بە علوی (منصِب)
ساخوا تۆبیو زولجەلالی خۆت
بە عەزەمەت و لا یەزالی خۆت
وەها بڕێژە لە هەوری ئیحسان
بە سەر دێمی دڵ بارانی عیرفان
کە باغی هیوام بۆ بێنێتە بەر
چەشمەی خۆش بەختیم بۆ بخاتە سەر

بەیانی فائیدەی سلوک و پەیڕەوی ئادابی تەریقە

ئەمجا براکەم ئەمەش بزانە
کە سوودی گەورەی تەریقە دووانە
ئەووەڵ تا دڵت بە بۆتەی تەوحید
پاک بێتۆ لە ژەنگ تەقلید و تەردید
دوهەم تا ئەعماڵ هەرچیت بۆکریا
ئەویش خاوێن بێ لە عوجب و ڕیا

چون ئەبێ لە بای خەتەرەو تەردید
موحافزەکەی فانۆسی تەقلید
بەڵام خورشیدی شوهود کە دەرکەوت
بێباکی لە بای بەڵای چرا نەوت
لە حینی حوزور شای بە حەمییەت
کوا مەجالی ڕوو بۆلای ڕەعییەت
بە ئینسان ئەکا ئەو عیبادەتە
کە نرخی موڵکی گشت سەعادەتە

بەیانی ئەمە کە تەریقەکان هەموو حەقن بەڵام لە سوود و نزیکیانا دارای فەرقن

لە بەحری فەیزی ڕەسول اللهوە
شەتتی تەرایق ئیجرا کراوە
هەریەک لە یاران گورج بە دەس و برد
لەو بەحری فەیزە نەهرێکی هەڵکرد
بۆ سەر مەزرەعەی قولوبی عیباد
ئاودێری چەمەن سەربەرزی میعاد
لەوانیش هەریەک بە چەند فروعێ
جۆگەی لێبووە بۆچەند زروعێ
هەر فەرعێ لەوان تەریقەیەکە
تەسمیەی بەناو سەر حەڵقەیەکە

وەک نەقشبندی و قادری و چەشتی
کوبرەوی و باقی تەرایق گشتی
هەمویان لوببی شەرعی ئەنوەرن
ڕەوشتی گەورەی فەخری بەشەرن
ئەمما تەریقەی عالی نەقشبەند
بە بێ ڕیازە و بێ کەمەند و بەند
لەوان نزیکتر لە هەموش ئەسبەق
موسڵی عەبدە بە حەزرەتی حەق
چون ئەخلاق بەستەی ڕوشتەی قولوبن
قولوبیش شەیدای خولقی مەحبوبن
لە پێش و کەم کەم بە حوببی خۆیان
تفڵی دڵ بەخێو ئەکەن لە بۆیان
هەر دەرسی عیشقی خۆی پێ ئەخوێنێ
تا فەننی فەنای لە بۆ ئەنوێنێ
یەعنی بۆ هەرلا نەزەر کا مورید
ئەبینێ سورەت میسالی مورشید
لە تەوەججوهی مورشید ۆ گاه گاه
ئەبیسێ لە دڵ الله . الله
گەر دەوام بکا ئەو زیکرە جار جار
ڕوتبەی ئەچێتە سلطان الأذكار

یـــەعنـــی لـــە تـــەواو زەڕڕاتـــی وجـــوود
ئـەبیسـێ زیکـری حـەزرەتـی مـەعبـوود
کـە لـە فـەنـای پیـر گـەیشـت بـە پایـە
نۆبـەی دەرسـی عیشـق رسـول اللە یـە
چونکـە نیسـبەتـێ وا پـەیـدا ئـەکـات
کـە بـە ئیبتـدای عیشـقی ئـەو بگـات
بـە ئیلقـای درووس (تلمیـذ)ی قـەلبـی
ئـەبـا بـۆ ڕوتبـەی (فـەنـا فـی النبـی)
ئـەبینـێ ئـەزەر لـە هـەر شـتێ پـاک
بکـا سـوورەتـی میسـالی لـەولاک
کـە گـەییـە پایـەی (فـەنـا فـی الرسـول)
(مرشـح) ئـەبـێ بـە ڕوتبـەی وسـول
یـانێ بـۆ کـەسبی مـەحـەبـەتـی حـەق
لادانـی ڕوی دڵ لـە جـەمیعـی خـەلـق
بـە تـەوفیقـی حـەق تـەربیـەی پیـران
ئـەوا گـەیـانی بـە وەسڵـی عیرفـان
کۆمـەکـی مورشـید لـەم جێـدا حـەتمـە
وەک شەمـس ئـەفـەرمـوی علیـە الرحمـە
لە مەزلەقەی سـەخـت (فـەنـا فـی اللە) دا
هۆشـیبـێ موریـد نـەیـە بـە لادا

هەرچەند تەواو بێ مورید لە دەرکا
بێ‌مورشید زەحمەت ئەو ڕێگە دەرکا
لەولای فەناوە فەنای فەنایە
یەعنی لە فەنای خۆی بێ‌ئاگایە
ئەمجا رجوعی قەهقەری ئەکات
هەتا بە (بەقا باللە)ی ئەگات
لەو بەینەدا چەند موراقەباتە
تەعلیمی دەستوور نەفی و ئیسباتە
وەک موراقبەی (معی و صمدی)
یا (اقربیە) لە گەڵ(احدی)
پاش موراقبەی ئەسما و سیفات
نۆبەی دێ تەعلیم موراقبەی زات
مەقاماتی ئەم فیرقەی کیرامە
مەجمووعی ئەڵێن هەژدە مەقامە
شمس الاشرافی عالی دەرەجات
فەرمویە ئەووەڵ کەشف و کەرامات
وارداتی غەیب هەم موشاهەدات
قووەی ئیدراکی بۆ موعایەنات
تەلوین و تەمکین نزول و ئافەت
بەهرە و فەوائید عالەمی قوربەت

شــــوهوده و فـــەنـــا (فنـــاء الفنـــا)
بـــەقایـــە و لـــە گـــەڵ (بقـــاء البقـــا)
فـــەوقـــی دەرەجـــات نـــور الانـــواره
ئـــەعـــلا دەرەجـــەی شێـــخی کوببـــاره
تـــا نورالانـــوار لازمـــە مورشـــید
دەس بـــەردار نـــەبێ لـــە حاڵـــی موریـــد
کـــە بـــەو مـــەقامـــە زانـــی واسڵـــە
مورشـــیدی نـــاوێ خۆیشـــی کاملـــە
تـا مورشـید ڕوتبـەی بـەو جێگە نـەگـات
ئـەڵێـن خـەتـەره بـا ئیرشـاد نـەکـات
ئیبتکـــاری حاڵـــی ئـــەم بزرگانـــە
ڕەشـــە بـــای گوڵـــی چـــرای ئیمانـــە
تێـــکەڵـــی و تـــەرکـــی ئـــەدەب و ویقـــار
حیجابـــە و ســـەبـــەب بـــۆ دەردی ئینکـــار
مـــەر هـــەر کلیلـــی ئـــەدەب و حـــەیـــا
هـــەڵـــگرێ قـــاپی فـــەیـــزی ئـــەولیـــا
هۆی ســـروەی ســـەبـــای لوتفیـــان ئـــەدەبـــە
واســـیتەی جۆشـــی عـــەتفیـــان ئـــەدەبـــە
ســـەبـــەبـــی فـــەوزی فـــەیزیـــان ئـــەدەبـــە
جـــالبی مـــەیلـــی بـــەرزیـــان ئـــەدەبـــە

مـــەدەدیـــان ناگـــا بـــە بـــێ ئـــەدەبـــان
ســا خـــوا نـــەمانکـــا بـــە بـــێ ئـــەدەبـــان
ناســـینیان لـــە بـــۆ دنیـــا پـــەرســـتان
مـــەنعـــە وەک جـــەمعـــی تـــەمـــوز و زســـتان
بـــەڵام لـــەم عـــەســـری (شرالاعصـــار)ە
مـــودەعـــی زۆرە و کـــەم ئـــەهلـــی کـــارە
هـــەرخۆیـــان ئـــەغلـــەب دارای ڕەزیلـــەن
کـــەی ئیتـــر لـــە بـــۆ خـــەلاس وەســـیلەن
بێ کەسب و سلوک بەعزێ لـە جێـی خـۆی
شێـــخی بـــە ئیرســـی دەســـی داوە بـــۆی
زاهیرەن لـەفـزەن پێـی ئـەڵێـن مورشـید
(والله علـــــی معنـــــاه شـــــهید)
تـــەریقـــە عـــیلمێ گـــەورە و گرانـــە
ڕێـــگەی کـــەم کـــەســـێ پـــڕ هونـــەرانـــە
جیـانی‌یـە لـە شـەرع تـەریقـەت هیچـی
گـــەر لایـــدا ئیتـــر تـــەریقـــەتـــی چـــی
ئیســـتە ئـــەم عیلمـــە شـــەریفـــە خاســـە
مـــەلعـــەبـــەی زومـــرەی (عـــوام النـــاس)ە
وەک نـــەیشـــی‌زانـــی جاهیـــل نـــەیپرســـی
کـــە وەرنـــاگیرێ عـــیلم بـــە ئیرســـی

کەسێ لە خویندن وەختی خاڵییە
لە عیلمی باوکی چی لێ حاڵییە
درەخت نەنێت و خەیاڵی بەری
تێری لێ ئەخوا ئەی خاک بە سەری
لای ئەهلی عولوم خوسوس ئەوانە
کە دین لە لایان ڕۆحی ڕەوانە
مەعلوومە لایق بە ئیرشاد کامە
کێ دارای بەرزی ڕوتبە و مەقامە
بە عەزمی سابت بە نییەتی ڕاس
لە گەڵ کەماڵی ئەدەب و ئیخلاس
ئەچنە حوزوری تا مەنجەڵی دڵ
بۆیان بە فەیزی سینە بێتە کوڵ
موریدیان ئەغڵەب یا عولەمایە
یا عەوامێکی ژیر و دانایە
جا گەر ئەزانی دڵت نەخۆشە
نەجاتت لە دەس مەرەز پێ خۆشە
ڕێگەی بیارە ناشێ نەزانی
توند بگری داوێن عوسمانی سانی
بێشک دوکتووری دەردی دڵ ئەوە
مەحەللی حەللی هەر موشکڵ ئەوە

دەواداری گشـــــــت دەردە دارانــــــــە
مــەرجــەعــی ئــەربــاب دڵ بێـــدارانە
بە ڕۆژ و بـە شـەو مـەحـزی ڕەزای حـەق
دەریغــی ناکــا لــە خزمــەتــی خـەڵـق
نـەقـدی کـەمـاڵات مـەعـاریفی گشـت
لـەگـەڵ فـەزائیـل هـەمـوو گرتـە مشـت
یوســفی میســری حوســنی ئـەخلاقــە
مـەزهـەری سـیفات خـودای خـەللاقـە
سوڵــتانی مـەسـنەد ئیقلیمــی ئیرشــاد
لوقمــــانی چــارەی قولــوبی عیبــــاد
مـەحبـوبی تـەواو ئـەولیـای کیـڕام
نــــائیبی حـــــەزرەت ســـــیدالانام
شـاهی بـە تـەمکین موڵـکی مـەعـانی
جــێداری شـاه و غـەوسـی گـەیلانـی
دارای خــەزائـین گـەنجـی کـەڕامـات
(واصل) بـە ئـەقسـای ڕوتبـە و مـەقامـات
واسـیتەی وسـول سـالیک لـە ناسـوت
بـە ئـەعـلا ئـەوجـی مـەقـامی لاهـوت
وەک شـاهی جـەیلـی و فـاروقی ئـەحمـەد
قــوتبی ڕەبیــانی سوڵــتانی سـیرهەنـد

دەرچوو لـە سـارای پـوختی حـەوتـەمین
لێـی نـەنیشـت گـەردێ لـە گـردەنشین
لـــە خێـمەی تــەکمیـل دەوائیرگشـتی
بـون بـە یـەک نگین چونـە ئـەنگوشـتی
لە چەند بـەدری بـورج سـەمـای ئـەنـوارۆ
لە چەنـد غـەوواسـی بـەحـری ئـەسـرارۆ
بـــەرلـــە زوهـــوری مـــوژدە دراوە
کـــە قوتبییـــەتـــی بـــۆ دانـــراوە
بـــۆ ئـــەوەی جۆیـــای نـــوری یـــەقینـــە
وجـــودی میشـــکات ســـڕاجیدینـــە
تـــووتی نـەیستان قـــەنـــدی هیدایـــەت
قومریـــــانی بـــاغ دەرک و دیرایـــەت
پـــەروانـــەی چـــرای جـــەمالـــی ئـــەون
پابـــەنـــدی شـــەهـــدی کـــەمالـــی ئـــەون
تانەی تەعـەسسوب دیـدەی بـەسـیرەت
گـەربـێ بـە پـەردەی عینـاد چ حیـرەت
خـۆ کوێـری زکمـاک جـەهلیش یـەقینـە
نـــابینێ چـــی جـــوان چـــی ناشـــیرینە
دیـدەی دانـایی پـڕ سـورمەی ئینسـاف
نـــاتوانێ بـــە حـــەق نـــەکـــا ئیعتیـــراف

خـــودا بـــە جـــاهی ئـــەم زاتـــە کـــەوا
لـــە دەردی قـــەســـوەت دڵ ئـــەکـــا دەوا
پێـم کـەرەم فـەرمـوو هـەرچـی مـەرامـە
هەر چـی هـۆی خۆشـی بـۆ هـەردوولامـە
دڵ مونـەووەر کـە بـە نـوور مـەعریفـەت
لە پاشی سەفـوەت لـە دەریـای ڕەحمـەت
غایـە مـەحـەببـەت فـی بـەسـیرەتـە
حوســـنی خاتیمـــە و هـــەم عافیـــەتـــە

وەڵامی ڕەخنەگرەکان لە دین پەروەری گرۆی پێشینان

والـەبـۆ مـونسـیف حـەللـی موشـکڵ بـوو
دەوای دەردەکـە دەرجـی مـوسـهیل بـوو
کـە پـاکی کـردۆ بـە دەسـڕەی بورهـان
دوکـەڵـی شیشـەی گڕسـۆزی ئیمـان
لـە بـەر مـەشـعەلـەی زەریـف ئـەبینێ
کـێ وەک پـەپولـە خـۆی ئـەسووتێنێ
یـا کـێ بـە داوی عـەلاقـەی جیهـان
گیرئەبێ و نەڕۆیشت بـۆ گـەشتی جینـان
(تفضـیل)ی ئاسـن لاسـیک و بـەنـزین
بـە سـەر کونـوزی جـەواهیـری دیـن

لەو کەسانەوەن جاهیل بە دینن
دڵچۆڵی نووری چرای ئایینن
ئەوەندە لە حەق دوور و بێفکرن
بە سەنعەت بە دین بەهانە ئەگرن
خۆیان چل ساڵە دینیان بەرداوە
بە تەمای ئەوە نەکەونە دواوە
کوا پیشەیەکیان کە پێی پێش کەون
ئەونە لە دووتۆی پەستی نەخەون
بەم ماوە حەتتا یەک نووکە دەرزی
بە پیشەی دەرزیش نەگەینە بەرزی
ئەربابی سەنعەت وەک ئەوانە نین
ئیستیهزا بکەن بە مەزهەب و دین
ئەغلەب هەر پیشە و زانستی خۆیان
بو بە ئەسبابی ئیعتراف بۆیان
بە حەقیقەت وراستی ئەم دینە
کەوا ناسخی هەموو ئایینە
یەکێ لە خەبیر عیلمی نەباتات
لەو عیلمە تەواو بە پایە ئەگات
بەو فەننە حاڵی ئەبێ لە هەرکوێ
گیا دەربێ بەجووت نێر و مێ ئەڕوێ

قورئـــان ئـــەکـــاتۆ بـــۆ باســـی ســـەوزی
لـــە ســـورەی(یـــس) سُـبْحَانَ الَّـذِي
خَلَـــقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَـــا مِمَّـــا
تُنْبِـــتُ الأَرْضُ)ئـــەبینـــی و لـــەمـــا
فکـــرێ ئـــەکـــاتۆ ئـــەڵـــێ کـــە وایـــە
قورئـــان بـــێ‌گومـــان کـــەلامـــی خوایـــە
چونکـــە ئـــەو دەمـــە قورئـــان هـــاتووە
عیلمـــی نـــەباتـــات ناویشـــی نـــەبـــووە
یـــەکێـــکی تـــریش بـــە میکرۆســـکۆب
لـــە جـــێ‌دەمـــی ســـەگ ئـــەبینـــێ میکـــرۆب
لـــە دەوا هـــەرچـــی کـــە فکـــری بۆچـــوو
لـــەو جـــێ‌دەمـــەی داو عیلاجـــی نـــەبـــوو
لـــە پاشـــا زانـــی هـــەر گـــڵ و ئـــاوە
کـــە چـــاری ئـــەوی پـــێ‌سپێـــرراوە
هـــەروا ئـــەجنـــەبـــی لـــە ئـــەربـــابی فـــەن
زۆریـــان ئیعتـــراف بـــەم دینـــە ئـــەکـــەن
بـــەڵام چـــون ئـــەمـــان لـــە زانســـت دوورن
بـــە فـــەنـــن و دینـــی ئـــەوان مـــەغـــروورن
بـــێ‌ئـــەمـــەی کـــە هـــیچ نـــەقســـێ ببینـــن
دائـــیم خـــەریکـــی تـــەنقیـــدی دیـــنن

تێکەڵـی زبڵـی نـەفـس و هـەوا بـوون
کە قـەڵسـی گوڵـزار قـانوونی خـوا بـوون
سـەنایـەع هـەرچـی دروسـت کـراوە
ئـەڵـبەت لـە مـادە تـەرتیـب دراوە
مادەش گەرهی پەست یـا هـی بـەرزی‌یـە
لـە کارگـای خـەلقـی خـوا بـەدەر نییـە
مـادە ئـەگـەر خـۆی دروسـت نـەئـەکـرا
سـەنـایع هـەرگیـز نـاوی نـەئـەبـرا
خوا ئەبێ ئەسباب هـەموو تـەرتیب کـا
سەعاتچی ئەوجا سـەعـات تـەرکیـب کـا
بـەرق و تـەییارە و هـەرچـی سـەنعـەتـە
لـە ڕەبـت و وەسـڵا هـەروەک سـاعەتـە
ئەو زەکاش کە ڕێی سەنعـەتیـان پـێ‌بـرد
چۆنیـان دەسـکەوت و کـێ دروسـتی کـرد
هـەمـوو هـەر خـەلقـی خـودان تـەواوی
چ بـە سـەر یـەکـۆ چ بـە بـڵاوی
مەخسـوس مـەرکـەبـی بـەرریـە و هـەوا
ناویـان بـە خـەلقـی خـۆی ئـەبـا خـودا
(خلقنـا لهـم)تـا (مـا یرکبـون)
وەختێ نـازڵ بـوو ئـەمـان هـەر نـەبـوون

غـــەرەز ئێـــخباری قورئانــــە کــــە خـــوا
خەلـق ئـەکـا مـەرکـەب بـەڕییـە و هـەوا
وەرنە گەر نـەفسـە و گـەر کـردەی دەسـە
هەموو هـەر خـەلقـی خـودای ئـەقـدەسـە
ئیستەش لە دوتـای شـایەنـی سـەنعـەت
وا بــە هـــەواوە (تـــای)بــە مــەنفــەعــەت
ئـــەتـــۆم کـــە وەخـــتێ ســـەدا هـــەڵبێـــنێ
چـەنـد بـاغی نـەوبـەر لـە ڕیشـە دێـنێ
چەند تازە غونچـەی گوڵشـەنـی حـەیـات
لە نەسیمی سـوبح تـەنـەففـوس ئـەکـات
یـــا بـــێهونـــەران بـــە دایمــــە گـــوێ
ئـــەکـــەن بـــە وەقفـــی ئیخبـــاری ڕادوێ
بـێتـەمـای نـەفـع و ترسـی مـەزەڕڕەت
بیریـان بـە ئیخبـار دا بـە یـەک کـەڕەت
لە بـەر فـەنتـازی و هـۆی تـەجـەممـولات
بـە سـەبـەب هـەوای زۆر بـە دەسـەڵات
چەند گەنجی بێدەس بە حەیـات موشـتاق
ســـەری نایـــەوە بـــە دەردی مـــەراق
چوون گەر حوکمی شەرع ڕیعایەت ئـەکـرا
حـەققـی خـاوەن حـەق بـە باشـی ئـەدرا

چارشێــوی شێــوەی عیففــەت و حورمــەت
بمایــە لــە ســەر ڕوی شــەرمــی ئــافرەت
نە سەروەت مەیلــی بــەش بــوونی ئــەکــرا
نــە نــاوی ڕەفعــی ئیــزدواج ئــەبــرا
پایــەی ســەنــایع گــەییــە مــەرکــەزێ
دووەل لــە یــەکتــر گشــتی ئــەلــەرزێ
هــەرســەنــایع بــو کــە بــو بــە ئــەسباب
نیفــاقی بــەیــن و(ظهــور)ی ئــەحــزاب
نــابینی ئــەمــڕۆ لــە شــار و لادێ
دوو کەس لەگەڵ یەک مــەحــەببــەتــی بێ
خۆزگــە هــەر ســەنعــەت نــاوی نــەبوایــە
شــایەد ئیتتیفــاق وەک خــۆی بمایــە
چونکە یەکیــەتــی بــەیــن و مــەحــەببــەت
ســیحەتــە لــە بــۆ ڕۆحــی مــەملــەکــەت
بــەڵام خــەتــەری دەردی ئــەم عــەســرە
شــیفای لــە(خــرق العــادە)دا حــەســرە
فەرموودەی حــەزرەت هــەمــوو بــەدیهــات
لــە شــار و بــازاڕ قــەســەبــە و دێــهات
هــەڵــگیرا حــەیــا و دیــن و ئــەمانــەت
بوو بە بێشــەرمــی و خــەتــا و خــەیانــەت

دوکـــەڵـــی دەجـــاڵ ئـــەوا هاتـــەدی
یـــانێ هـــەمووکـــەس بـــە چـاوی خـۆی دی
لـــە عـــەسـری ئـــەویـــش ڕیوایـــەت وایـــە
نـــان و ئـــاو لـــە ژێـــر دەســـتی ئـــەوایـــە
بـــە وەفقـــی حـــەدیـــس هـــەتـــا لـــە دنیـــا
بمێـــنێ نـــاوی خـــالقی تـــەنیـــا
جـــەهـــان هـــەروەک خـــۆی بـــاقی ئـــەمێـــنێ
تێـــکچـــوونی نـــابێ و زەرەر نایـــەنـــێ
کـــە نـــەمـــا نـــاوی خـــەللاقـــی ئـــەکبـــەر
لە ئـــەرزا ئـــەوجـــا تێـــکئـــەچـێ یـــەکســـەر
وا ئیســـــتە زۆرن بـــــاوکی موسوڵـــــمان
تەنهـــا شـــەرەفـــە و نـــاموس قـــەســـەمیـــان
نـــە قـــەت لـــە زاهیـــر نـــە لـــە پـــەنهانـــا
نـــاوی خـــوا نایـــە بـــە زوبانیانـــا
فـــەوتـــاوی ســـوغرەی بـــاری ئیبلیســـن
خنکـــاوی بیـــری بیـــری زۆر پیســـن
خـــودا لـــەم دەردە لـــە دڵ کـــاری‌یـــە
کـــە لـــە عالـــەمـــا ئیســـتە ساریـــیە
بمانپارێـــزە و حیفزمـــان بفـــەرمـــوو
ئێـــمەیـــش و بـــاقی موسوڵـــمان هـــەمـــوو

جـا تـۆیش کـە خـالق بـە خـوا بزانـی
بـڕواتبـێ بـە گشـت پێـغەمبـەرانـی
بزانـی هـەرچـی فـەرمـووە ڕاسـە
پـەیـڕەوی ئـەمـری مایـەی خـەلاسـە
دنیـایش هـەروەکـوو پـڕ لـە مـەلالـە
(سـریع الفنـا)و ڕوو لـە زەوالـە
بـیشزانـی سـزای ئـەهلـی جنایـەت
سوتانێـکە بـێدوایـی و نیهایـەت
نـە ئـەژیـن لـە نـاو ئـەوا نـە ئـەمـرن
نە سـەبـریش لـە ژێـر عـەزابا ئـەگـرن
وەیـا ئـەوانـە ئـەهلـی تاعـەتـن
دڵخۆشـی شـاری خۆشـی جـەنـنـەتـن
بـاغی پڕلـە گـوڵ لـە حـور و غیلمـان
لـە قـەسـری عـالی و تـالار و ئـەیـوان
بـە دائـیم هـەر لـەم لـەززەتـا ئـەژیـن
لـە کـۆچ و پیـری و دەرد و غـەم ئـەمین
گیـرام ئـەم دنیـا بـەم گشـت دەردەوە
بـەم هـەمـوو بـەڵا و ئـاهی سـەردەوە
جەواهیرات بێ و تۆش موددەی سـەد سـاڵ
شـابی و تیـا بـژی دڵخـۆش و خۆشـحاڵ

بەهەشتیش بلێن هەر بەرد و خاک بێ
بەڵام ئەهلەکەی لە حەسرەت پاک بێ
هەمیشە بژین مردنیان نەبێ
خەمی بە دۆزەخ بردنیان نەبێ
لەخۆت ئەپرسم پێم بڵێ کاکە
خەریکی کاری کاملا بی چاکە
ئیتر پێشینان بە نووری بڕوا
لە نەزەریانا مەعلوم بوو کەوا
بەشەر بە چوار هێز مەزجە بێ گومان
مەلەکی و دێوی و سەبوعی و حەیوان
بە حەیوانیەت قەیدیکە لەلات
ئەو هێزە کە بەو ئەخەوێ و ئەخوات
ئەگەر بینیشت ئەکوژی و ئەبڕی
ڕێگری ئەکا و سکی خەلق ئەدڕی
ڕەحمی بە حاڵی ئەم و ئەو نیە
ئەوەش قووەتی دەڕەندەگیە
یا پێتەوە دی فێڵ و تەڵەکە
سەیرت کرد ئیشی زۆری کەڵەکە
بە قومار بازی و مەکرە ژیانی
بەویشە ئەڵێن هێزی شەیتانی

وەیـا ئـەگـەر دیـت هێـمنە و ئـەمـین
ڕاسـتە و بـەحـەیـا ڕوخۆشـە و بـەدیـن
(کــریم النفســە)و عاقڵــە و زەکــی
بەم فەزڵەش ئـەڵێـن قـووەی مـەلـەکـی
جـا دەسـتی مـەیلـت بـۆ هـەر کـامی بـرد
سـەرفـی هیممـەتـت زیـاتر لـەوا کـرد
بـاقی‌تـر بـەڵای نـەقسـی دێـتەڕێ
قـووەتـی ئـەمـی پـێ زیـاتر ئـەبـێ
ئـەتـوانێ بـەشـەر گـەر سـەعـی بکـات
سـیانی دەرخـواردی یـەکێـکیان بـدات
ئەمجـارە عـەینـەن ئـەبـێ بـەیـەک دێـو
مـەعناکـەی وەیـا بـە خوگێـکی کێـو
یـاخۆ ئـەو مـەعنـا عـالی سروشـتە
